
WWW.RUDAW.NET

رووداو
RÛDAW

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (370) دووشەممە 2015/8/10 19ی خەرمانانی 2715 (750) دینار



### برایەکی ئۆجەلان بۆ (رووداو):

## یەکێتی 20 ملیۆن دۆلاری داوەتە پەکەکە

**رووداو- هەولێر**

برایەکی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، رێبەری زیندانیکراوی پەکەکە، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) ئاشکرایکرد کە لەوەتەی شەڕی داعش دەستیپێکردووە، یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان 20 ملیۆن دۆلاری داوەتە پەکەکە. لەبەرامبەردا پەکەکە لەڕووی سیاسییەوە هاوکاریی یەکێتی دەکات. ئەو برایەی ئۆجەلان بڕی داهاتی ساڵانە و سەرچاوەی داهاتەکانی پەکەکە ئاشکرادەکات و دەڵێت "داهاتی ساڵانەی پەکەکە دەگاتە 50 ملیۆن دۆلار". ئەو داهاتەشی، وەک ئەو باسیدەکات، لەڕێگەی کەمپینەکانی لە ئەورووپا، کارگە و مارکێتەکانی لە سووریا و رۆژئاوای کوردستان و خاڵە گومرگییەکانی سەر سنوورەکانی کوردستان دەستدەکەوێت. سەرچاوەیەکی دیکەی داهاتی پەکەکەش، بەپێی قسەی ئۆجەلان، ئەو بازرگانە کوردانەن کە لە رووسیا و ئەرمەنستان بازرگانی بە ماددەی هۆشبەرەوە دەکەن، بەڵام دەڵێت "پەکەکە بازرگانی بە ماددە هۆشبەرەکانەوە ناکات". براکەی ئۆجەلان ناوی ئەو کەسەشی ئاشکراکرد کە بەرپرسی دارایی پەکەکەیە و گوتی "مستەفا بایک، برای جەمیل بایک، بەرپرسی هەموو داراییەکانی پەکەکەیە لە قەندیل. هەروەها هەموو پارەی پەکەکە لە قەندیلەوە سەرپەرشتی دەکرێت"، بەڵام رەتیکردەوە گەندەڵی دارایی لەنێو پەکەکەدا هەبێت.

« 3



گومان لە رەسەنایەتیی مریشکی کوردی دەکرێت

8

کۆشکی سپی سەربەخۆیی کوردستان رەتدەکاتەوە

7



گەنجێک لەسەر 400 دۆلار دەکوژرێت


15

# نەوشیروان مستەفا داوا لە بەرهەم ساڵح دەکات ببێتە رکابەری بارزانی

بەرهەم ساڵح بۆ نەوشیروان مستەفا: بۆچی تۆ خۆت کاندید ناکەیت؟

« 3



بێخەمبە لەگەڵ "پاکێجەکەم"

پاکێجەکەم

بۆ بەشداریکردن، پەیوەندی بکە بە

*205#

ئێستا لەگەڵ "پاکێجەکەم" لە ئاسیاسێڵەوە، بۆ بەشداربووانی ئێستا و نوێی هێڵەکانی پریپەید، ئەتوانیت چەند پاکێجێکی مانگانەی نایاب بەدەستبهێنیت کە لە یەک کاتدا ئەتوانیت لە رێیانەوە قسە بکەیت و کورتەنامە بۆ (ناو تۆڕ و دەرەوەی) بنێریت و ئینتەرنێت بەکاربهێنیت، بە نرخێکی داشکێنراو بە هەڵبژاردنی ئەو پاکێجەی کە لەگەڵ پێویستییەکانتدا دەگونجێت:

| پاکێج | نرخ | ئینتەرنێت گێگابایت | ناو تۆڕ | | دەرەوەی تۆڕ | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | دەقیقەی پەیوەندی | کورتەنامە | دەقیقەی پەیوەندی | کورتەنامە |
| پاکێجەکەم 1GB | 25,000 | 1GB | 150 | 75 | 50 | 25 |
| پاکێجەکەم 2GB | 45,000 | 2GB | 500 | 250 | 100 | 50 |
| پاکێجەکەم 4GB | 85,000 | 4GB | 1600 | 800 | 200 | 100 |

بۆ زانیاری زیاتر، سەردانی ماڵپەڕەکەمان بکە www.asiacell.com

/AsiacellConnect

خزمەتگوزاریی بەشداربووان ١٣١/١١١ www.asiacell.com

## پۆلیس ئالای پاراست



**ڕووداو- کوێلن**

ئالا شـالی، پەیامنێری تۆڕی میدیایی ڕووداو لە ئەڵمانیا ڕایگەیاند لەکاتی ڕۆماڵکردنی خۆپیشـاندانێک، لایەنگرانی پەکەکە پەلاماریان داوە و ئەویش پەنای بۆ پۆلیس بردووە بۆ ئەوەی بیپارێزن. خۆپیشاندانەکە ڕۆژی 2015/8/8 لە شاری کوێلنی ئەڵمانیا ڕێکخرابوو، ژمارەیەکی زۆر لە ڕەوەندی کوردی بەشداریان تێدا کردبوو. ئالا دەڵێت "خواستی من تەنیا ڕوماڵی ئەو خۆپیشاندانە بوو. بەڵام چەندین لایەنگری پەکەکە هاتن و ویستیان دەستدرێژیم بەرامبەر بکەن، ڕێگەیان لێگرتین کارەکەمان بکەین. منیش چوومە لای پۆلیس و گوتم ئەوانە ڕێگریم لێدەکەن، ئەوەندەی نەبرد 10 تاوەکو 15 پۆلیس هاتن، ئیمەیان پاراست".

# حکومەت 70 پرسیاری لە ئاوارە عەرەبەکانی کوردستان هەیە

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو-سلێمانی**

ئەندامانـی ئەنجوومەنـی پارێزگای سـلێمانی هەسـتیان بە "مەترسییەک" کردووە لەسەر باری دیموگرافیـی کوردسـتان و ڕۆژی سێشـەممەی داهاتوو ئەو "مەترسییە" کۆیاندەکاتەوە. سەرۆکی فراکسـیۆنی بزووتنەوەی گـۆڕان لە ئەنجوومەنی پارێزگاکـە نایشـارێتەوە "بـاری دیموگرافییـی کوردسـتان لـە شـێوان نزیکدەبێتـەوە و دەبێ چارەسەری بەپەلەی بۆ بدۆزرێتەوە".

نێوەنـدە پێوەندیدارەکانـی حکومەتـی کوردستان، ترسیان لێ نیشتووە کە بەغدا بیەوێ دەسـتی عەرەبە ئاوارە نیشـتەجێکانی باشووری کوردسـتان بکاتەوە بۆئەوەی ناسـنامە و فۆرمی خۆراکیان بگوازنەوە بۆ هەرێمی کوردستان. ئەمە سـەرەڕای ئەوەی عەرەبە دەستڕۆیشتووەکان بە ڕێگەی جۆراوجۆر مامەڵەی کڕینی خانوو و زەوی دەکەن لە کوردستان.

ئەنـوەر تاهیـر، سـەرۆکی فراکسـیۆنی بزووتنـەوەی گۆڕان، دەڵێـت زانیاریمان هەیە کە عەرەبـە ئـاوارەکان دەسـتیان بە گواسـتنەوەی فۆرمی خۆراک کردووە و بەشێکیشیان ناسنامەیان دەگوێزنەوە، "کە ئەوەش هێمایە بۆئەوەی نیازی گەڕانەوەیان نییە و باری دیموگرافیی کوردستانیش دەشـێوێنن". هەروەها دەڵێـت زانیاریم لەلایە لە قەزایەکی وەک سەید سادق "500 خێزانی عەرەب فۆرمی خۆراکیان گواستووەتەوە، کەواتە دەبێ لە سلێمانی و قەزا و ناحیەکانی دیکە ڕەوشەکە چۆن بێت".

مەهـدی مەحمـوود، سـکرتێری ئەنجوومەنی پارێزگای سـلێمانی، دەڵێ ئەوان بە داتا و ئامار ئەوەیان لەبەردەسـت نییە کە حاڵەتەکانی کڕین و تاپۆکردنـی خانـوو و زەوی لەلایـەن ئـاوارە عەرەبەکان و گواسـتنەوەی فۆرم و ناسـنامەیان چەندە، "بەڵام دەبێ کۆببینەوە و گفتوگۆ بکەین لەسەر ئەوەی چۆن ڕووبەڕووی ببینەوە و تاوتوێی بکەین و ڕێوشوێنەکانی بۆ دیاری بکەین".

بەپێـی ئامارەکانـی پارێزگای سـلێمانی، لە سـنووری ئەو پارێزگایـە، 85%ی عەرەبەکان لە خانـووی کـرێ و یەکەکانی نیشـتەجێبووندان. هەندێکیشـیان خانوویـان کڕیـوە. لـە سـاڵی 2011ەوە هاتنـی عەرەبـەکان بـۆ کوردسـتان بـە شـێوەی بەربـڵاو دەسـتیپێکردووە. چونکە ژمارەیەکـی زۆر لە پزیشـک و مامۆسـتای زانکۆ و خاوەن سـەرمایەکان هەر زوو کوردستانیان بۆ ژیان هەڵبژارد. سـەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، دەڵێ دەیانەوێ ڕێگـە لە خانووکڕین لەلایەن ئاوارە عەرەبەکانەوە بگرن: "هەوڵیشـدەدەین ڕێگەیـەک بدۆزینەوە بۆ ڕێگەگرتن لە گواستنەوەی ناسنامە و فۆرمی ئەوان بۆ سـلێمانی"، ڕێکەوت زەکی باسی ئەوەشیکرد کـە جـاران تەنیا مامۆسـتای زانکۆ و پزیشـکە عەرەبـەکان فۆرم و ناسـنامەیان دەگواسـتەوە، "بەڵام ئێستا خەڵکە ئاساییەکەش ئەوە دەکەن".

بەڕێوەبـەری ئاماری سـلێمانیش دەڵێت لای خۆیانـەوە دەسـتیان بـە ئامادەکاریـی کردووە بـۆ ئـەوەی زانیاری دروسـتیان لەسـەر ژمارە و شـێوازی ژیانی عەرەبەکانی پارێزگای سـلێمانی دەسـتبکەوێ: "70 پرسـیارمان ئامادەکـردووە و دەبـێ هـەر عەرەبێکی نیشـتەجێی پارێزگای سلێمانی وەڵامی بداتەوە. بەشێکی پرسیارەکانیش تایبەتـە بەوەی کەی هاتوون و بۆهاتوون و کەی دەگەڕێنـەوە". مەحموود عوسـمان لەوبارەیەوە دەڵێـت: "ئێسـتا 12%ی دانیشـتوانی پارێزگای سـلێمانی ئاوارەن، لە ناوەندی شاری سلێمانیش 10%ی دانیشـتوان ئـاوارەن، بـەڵام ژمارەکە لە قەزایەکـەوە بۆ قەزایەکـی دیکە جیاوازی هەیە". مەحموود عوسمان، بەڕێوەبەری ئاماری سلێمانی، دەڵێ گواستنەوەی فۆرم بۆ کوردستان زۆر کێشە نییە و چارەسـەر دەکرێ و "بەڵام ئەوەی کێشەیە و مەترسـی هەیە، گواسـتنەوەی ناسنامەیە، بۆ مەسـەلەی تاپۆی خانووش، دەبێ وەزارەتی داد بڕیار بدات".



(فۆتۆ: سێڤان محەمەد سەلیم)

سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان:

### عەرەبەکان دیموگرافیای کوردستان دەشێوێنن

سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی:

### دەمانەوێ ڕێگەیان لێبگرین خانوو بکڕن

حکومەتی کوردستان خەریکی سەرژمێریی ئاوارەکانە

# 317 هەزار ئاوارە هاتوونەتە سلێمانی

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

مـاوەی چەنـد ڕۆژێکـە حکومەتـی هەرێمی کوردستان سەرژمێری ئاوارەکانی دەستپێکردووە. بەپێی ئەو ئامارە نوێیەش پارێزگای دهۆک، بەپێی قەبارەی جوگرافی و ژمارەی دانیشـتووانی، تاکە پارێزگایە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاسـتدا، کە زۆرترین ئـاوارە ڕوویان تێکردبێ. یاریـدەدەری پارێزگاری دهۆکیش بۆ کاروباری ئاوارەکان دەڵێ: "ئێستاش ئاوارە بۆ پارێزگاکە دێن".

بوونی هەزاران ئاوارە لە باشووری کوردستان، بۆخـۆی بووەتـە دوومەڵێکی دیکـەی ئیداری بە جەسـتەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، کە دەیـەوێ پابەند بێ بەو بەڵێنانەی لەسـەرەتاوە داویەتی بۆ ژیاندنیان. سەرباری ئەو قەیرانە گەورە داراییەی ڕووی لە کوردستان کردووە.

لە کۆبوونەوەی پێشووی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزیری پلاندانان، پێشـنیازیکردووە ئەنجوومەنی وەزیران کۆمەکی داراییان بکات بۆئەوەی بتوانن سـەرژمێرییەک بۆ ئاوارەکان ئەنجام بدەن. ئامانج ڕەحیم، سکرتێری ئەنجوومەنـی وەزیران، دەڵێـت "حکومەت بڕێک پارەی دابینکردووە بۆ ئەنجامدانی سەرژمێرییەکە".

بەگوتـەی ئامانج ڕەحیمیش سـەرژمێرییەکە لەسـەر داوای وەزارەتـی پلاندانانـە، "بۆئـەوەی نوێترین ئاماری ئاوارەکان لەبەردەست بێت". بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە کۆمەکبەخشـەکانیش داوای داتایەکی نوێی وایانکردووە، تاوەکو لەسەر ئەو بنەمایە بتوانن هاوکارییەکانیان بگەیەننە ئەو ئاوارانەی لە کوردستانن.

سـەرژمێریی ئاوارەکانی پارێزگای سلێمانی تەواو بووە. چونکە پارێزگای سلێمانی کەمترین ژمـارەی ئـاوارەی تێدایە. عوسـمان مسـتەفا ئیبراهیـم، بەڕێوەبـەری کـۆچ و کۆچبەرانـی سـلێمانی، بـە (ڕووداو)ی گـوت: "سـنووری پارێـزگای سـلێمانی 31 هـەزار و 652 خێزانی ئاوارەی تێدایە، کە ژمارەی سەرجەم ئەندامانیان 317 هەزار کەسە".

زۆربـەی ئاوارەکانـی ئـەو پارێزگایە کوردی ڕۆژئاوای کوردستانن، لەگەڵ ژمارەیەک ئاوارەی کـوردی ئێزدی کـە دوای داگیرکردنی شـنگال لەلایەن داعشەوە ڕوویان لەو پارێزگایە کردووە. بەشـێک لـە ئاوارەکانیش خەڵکی ئەو شـار و شـارۆچکە سوننەنیشـنانەی عێراقن کە ئێستا لەژێر کۆنترۆڵی داعشدان.

لە سـنووری پارێزگای سـلێمانی ژمارەیەک کەمپـی تایبـەت بـە ئاوارەکانـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانیش هـەن. سـەبارەت بـە ژمارەیان لەو کەمپانـەدا، بەڕێوەبەری کۆچ و کۆچبەرانی سـلێمانی گوتی "36 هەزار کـوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سنووری پارێزگای سلێمانی هەن، کە 16 هەزاریان جێگیرن و ئەوانی دیکە هاتوچۆ دەکەن".

جگـە لەو کەمپانەی بۆ ئاوارەکانی ڕۆژهەڵات لە سـنووری پارێزگای سـلێمانی دروستکراون، سـێ کەمپی دیکەی تایبەت بە ئاوارەکان هەن، بەڵام ژمارەی کەمپەکانی دهۆک و هەولێر زۆرترن و دەگەنە 21 کەمپ، زۆربەشـیان لە سـنووری پارێزگای دهۆکن.

ئیسماعیل محەممەد، یاریدەدەری پارێزگاری دهـۆک بـۆ کاروبـاری ئـاوارەکان، دەڵـێ ئەو سـەرژمێرییەی ئـەوان لەبـارەی ئاوارەکانـەوە دەیکـەن، لەسـەر داوای حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان و نەتـەوە یەکگرتووەکانـە، "بەڵام هێشتا کارەکەمان تەواو نەبووە".

هەرچەندە داتا نوێیەکەیان ئامادە نییە، بەڵام ئیسماعیل محەممەد گوتی "ئێستا لە پارێزگای دهۆک، کە زۆرترین ئاوارەی تێدایە، ژمارەیان لە 95 هـەزار خێزان تێدەپـەڕێ، کە دەکاتە زیاتر لە 700 هەزار کەس". گوتیشـی "بێگومان ئەو ئامارە نوێیە بەشێکی بۆ ئەوەیە لەمەودوا وڵاتانی کۆمەکبەخـش یان نەتەوەیەکگرتووەکان بەپێی ئەو داتا نوێیانە هاوکاریی ئاوارەکان بکەن".

لە نوێترین هەڤپەیڤینیدا لەگەڵ میدیاکاران، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، باسی ئەو قورساییە زۆرەی کرد کە ئاوارەکان بەسەر حکومەتەوە دروستیان کردووە و گوتی "ئێمە پێشبینیمان نەکردبوو ئەو هەموو ئاوارەیـە ڕوومـان تێبکەن، ئەگەر ئـەو ئاوارانە نەبوونایە، ئەو قەیرانانە بەمشـێوەیە کاریان لە حکومەت نەدەکرد".

ئیسماعیل محەممەد، یاریدەدەری پارێزگاری دهۆaک بـۆ کاروباری ئاوارەکان دەڵێ هێشـتا هاتنی ئاوارەکان بۆ پارێزگای دهۆک بەردەوامە، "بەڵام ئێستا بەشێوەیەکی کەمتر لە جاران دێن".

بەپێی قسەی ناوبراو 85%ی ئەو ئاوارانەی لە پارێزگای دهۆک نیشـتەجێن، کوردی ئێزدین و لەدوای ڕووداوەکانی شنگال ڕوویان لە پارێزگاکە کردووە.

بەپێی ئامارە نافەرمییەکان ژمارەی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردسـتان لە سەرووی ملیۆنێک و 700 هەزار کەسـەوەیە و بەوهۆیەشەوە ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی 26% زیادیکردووە.

28 ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگا پێشنیازی لادانیان کردبوو

# سەرۆکی شارەوانیی هەڵەبجە لیژنەی لەسەر پێکدەهێندرێ

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری حکومەتی هەرێمی کوردستان لیژنەیەکی بۆ لێکۆڵینەوە لە "سەرپێچییەکان"ی سەرۆکی شارەوانیی هەڵەبجە پێکهێنـاوە و سـەرۆکی شـارەوانی هەڵەبجەش پێشوازی لە لیژنەکە دەکات.

لە سـێ مانگی ڕابردوودا و لەسـەر سـکاڵای ژمارەیـەک هاووڵاتـی و چالاکڤانیـی مەدەنـی، لەسـەر چەند دۆسیەیەک لەوانەش: دابەشکردنی زەوییەکانی ناوچەی پیشەسازی، قەرەبووکردنەوە و دابەشکردنی زەوی بەبێ فەرمانی سەرووی خۆی و قەرەبووکردنـەوەی خانـووی زێدەڕۆیی بە دوو پارچـە زەوی، ئەنجوومەنی پارێزگای سـلێمانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەیان لەسـەر خـدر کەریم، سەرۆکی شارەوانیی پارێزگای هەڵەبجە پێکهێنا.

سـەرۆکی شـارەوانیی هەڵەبجە چەند جارێک بانگهێشـتی ئەنجوومەن کرا. پاشـان ئەندامانی ئەنجوومەن ڕاپۆرتێکی 48 لاپەڕەییان لەسـەری ئامادەکـرد و ئەویـش وەڵامـی پرسـیارەکانی ئەندامانـی دایـەوە، بـەڵام دواجار لـە کۆی 29 ئەندامـی ئەنجوومـەن، 28 ئەنـدام پێشـنیازی لابردنـی سـەرۆکی شـارەوانییان بـۆ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بەرزکردەوە.

ئێستا هەڵەبجەی شەهید چوارەمین پارێزگای هەرێمی کوردسـتانە، بەڵام بەهۆی نەگەیشـتنە ڕێککەوتنـی حیزبـەکان بـۆ دانانـی ئەندامانـی ئەنجوومەنی پارێزگای هەڵەبجە، تاوەکو ئێستاش ئەنجوومەنی پارێزگای سـلێمانی بەدواداچوون بۆ کاروباری فەرمانگەکانی ئەو پارێزگا نوێیە دەکات.

فەرهـاد تۆفیـق، سـەرۆکی فراکسـیۆنی هاوپەیمانیی نیشتمانی لە ئەنجوومەنی پارێزگای سـلێمانی، بـە (ڕووداو)ی ڕاگەیانـد، وەزارەتی شـارەوانی پێشـنیازەکەی ئەوانـی بـۆ لابردنی سـەرۆکی شـارەوانی هەڵەبجە ڕەتکردووەتەوە و گوتـی "بیانووەکـەی وەزارەت ئەوەیە کە بەپێی یاسـای ئەنجوومەنـی پارێـزگاکان ئێمـە تەنیا دەسەڵاتمان هەیە پێشنیازی لابردنی بەڕێوەبەرە گشتییەکان بکەین، نەک بەڕێوەبەر، کە سەرۆکی شارەوانی پلەکەی بەڕێوەبەرە".

ناوبراو ئاشکرایکرد هەر لەدوای ڕەتکردنەوەی پێشنیازەکەیان، وەزارەتی شارەوانی بە نووسراوی ژمـارە 10062 لـە 2015/7/16 لیژنەیەکـی بۆ وردبینیکـردن و بەدواداچـوون لە کارەکانی خدر کەریم، سـەرۆکی شارەوانیی هەڵەبجە پێکهێناوە بۆئـەوەی وردبینـی لە ناوەڕۆکی نووسـراوەکەی ئـەوان بکـەن و ڕۆژی 2015/8/4یـش، نووسـراوەکەی وەزارەت بە ئەنجوومەنی پارێزگا گەیشتووە.

بە گوتەی سـەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانیی نیشـتمانی، ئەوان جگە لە وەزارەتی شـارەوانی، پێشـنیازی لابردنـی سـەرۆکی شـارەوانییان ئاراسـتەی داواکاری گشـتیش کـردووە و گوتی "ئێمە مومارەسەی دەسەڵاتەکانی خۆمان کردووە و ئەو ئەرکەی لەسەرشانمان بووە بۆ بەدواداچوون و لێپرسـینەوە ئەنجامـمـان داوە، چونکـە لە 29 ئەندامـی ئامادەبـوو 28 ئەنـدام دەنگی لەسـەر داوە کە دۆسـیەی سەرۆکی شـارەوانی هەڵەبحە بەهەدەردانی سامانی گشتی تێدا بووە".

بـەڵام بەهادین ئیبراهیم فـارس، بەڕێوەبەری گشتیی شارەوانییەکانی سلێمانی ڕەتیکردەوە کە وەزارەتی شارەوانی پێشنیازەکەی ئەنجوومەنی بۆ لابردنی سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە ڕەتکردبێتەوە و گوتی "وەزارەتی شـارەوانیش لەبەر ڕۆشـنایی ئـەو ڕاپۆرتەی لەلایـەن ئەنجوومەنـی پارێزگای سلێمانییەوە ئامادەکراوە، لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی پێکهێناوە و چاوەڕێی ئەنجامی لیژنەکەین".

خـدر کەریـم، نزیکەی 10 سـاڵە سـەرۆکی شارەوانیی هەڵەبجەی شەهیدە. ئەو بە (ڕووداو)ی گوت پێشـوازی لـە دروسـتکردنی لیژنەکەی وەزارەتی شارەوانی دەکا "لیژنەی وەزارەتیش بۆ بەدواداچوونی کارەکانـی لیژنەکەی ئەنجوومەنی پارێزگایە و کارێکی باش و یاساییە کە پرسیار لە من و بەشەکان دەکەن".

ناوبـراو لیژنەکـەی پێشـتری ئەنجوومەنـی پارێزگای سلێمانیشـی بەلاوە باش بووە و گوتی "لیژنەکـەی پێشـتریش بـاش بوو، بـەڵام نەک بەو شـێوە ناوزڕاندنە، ئایا لە کوردسـتاندا هیچ قەیرانێک نییە، ئەوەی ئێمە نەبێت؟"

هـەر سـەبارەت بـەو تۆمەتانەی پێشـتریش ئاراسـتەیکرابوون، سەرۆکی شارەوانیی هەڵەبجە گوتی "هەموو ئەو کارانە بۆ بەرژەوەندیی گشـتی کرابوون نەک بۆ بەرژەوەندیی کەسی".

### خدر کەریم: لە کوردستان هیچ قەیرانێک نییە ئەوەی ئێمە نەبێ؟

پارێزگای هەڵەبجە چاوەڕوانن یەکێتی لایبدات

# بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ دەوام ناکات و لاشنەدراوە

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

خۆپیشـاندەرانی ناحیەی خورماڵ لەبەرامبەر کەمیـی خزمەتگوزارییەکانیـان داوای گۆڕینـی بەڕێوەبەری ناحیە و بەرپرسانی فەرمانگەکانی ئاو و شارەوانی دەکەن. جێگری پارێزگاری هەڵەبجە دەڵێـت چاوەڕێی وەڵامی یەکێتین، بەرپرسـێکی یەکێتیش دەڵێت "دەبێ بە بەڵگەوە بسەلمێنرێت ئەو بەرپرسانە کەموکوڕیان هەیە".

زنجیرە خۆپیشـاندانەکەی هەفتەی ڕابردووی سنووری پارێزگای سلێمانی، ناحیەی خورماڵیشی گرتەوە. دانیشتووانی ناحیەکە جگە لەوەی داوای خزمەتگوزارییـان کـرد، داواکاریی سـەرەکییان گۆڕینـی بەڕێوەبـەری ناحیـە و بەرپرسـانی فەرمانگەکانی ئاو و شارەوانی بوو.

ناحیەی خورماڵ لەڕووی ئیدارییەوە سـەر بە پارێزگای هەڵەبجەیە، 43 گوندیشی بەسەرەوەیە. سـالار حەمەخـان یەکێـک لـە بەشـداربووانی خۆپیشـاندانەکەی ناحیـەی خورمـاڵ، گوتـی "مەبەستی سەرەکیی خۆپیشاندانەکانمان جگە لە دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی وەک ئاو و کارەبا، دەستلەکارکێشـانەوەی بەڕێوەبـەری ناحیـە و بەرپرسانی فەرمانگەکانی ئاو و شارەوانی بووە". گوتیشی "کێشەی شەخسیمان لەگەڵ بەڕێوەبەری ناحیـەدا نییـە، بـەڵام نۆ سـاڵە ئەو پۆسـتەی وەرگرتووە و نەیتوانیوە بە باشی ئەدای کارەکەی بکات، ئەگەر لەو ماوەیەدا نەیتوانیبێت گەڕەکێک قیرتاو بکرێت ئەی کەی دەتوانێت بیکات؟"

پێش خۆپیشـاندانەکانی هەفتەی ڕابردووش، چەند گەنجێکی ناحیەکە سـەردانی بەرپرسانیان کـردووە بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکانیان. هەڕەشـەش دەکەن ئەگەر داواکاریی لابردنی ئەو بەرپرسـانەیان بـۆ جێبەجێ نەکرێـت، جارێکی دیکەش خۆپیشاندان دەکەنەوە.

سەرچاوەی دابینکردنی ئاوی ناحیەی خورماڵ لە گوندی (زەڵم)ە، کە تەنیا چارەکە سـەعاتێک لـە ناحیەکەوە دوورە. فازڵ عەلـی، بەڕێوەبەری فەرمانگـەی ئاوی خورماڵ، گوتی ئەوان تەنیا لە وەرزی هاویندا کێشەی ئاویان بۆ دروست دەبێت، چونکە شـەوانە بۆ ماوەی نۆ کاژێـر ئاو دەدەنە جوتیارانـی گونـدەکان و بـە ڕۆژیش بـۆ ماوەی کاژێرێک دەدرێتە هاووڵاتیان.

سـەبارەت بە داواکاری خەڵکیش بۆ لابردنیان فازڵ گوتی "ئێمە فەرمانبەری حکومەتین و لە هەر شوێنێک بین خزمەت دەکەین. ئەگەر بە بەڵگەوە بیسەلمێنن کارێکی باشمان نەکردووە، ئاساییە لە شـوێنێکی دیکـە دەوام دەکەین، مەرج نییە هەر بەڕێوەبەر بین".

سـمکۆ سـالار، بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ دەڵێـت "خۆپیشـاندەران هیـچ دەرفەتێکیـان پێنەدایـن تاوەکـو هـۆکارەکان ڕوون بکەینەوە، کارەبا لە هیچ شوێنێک 24 کاژێر نییە هەتا لای ئێمـە وا بـێ". ناوبراو لە ئەدای خـۆی ڕازییە و دەڵێت "لە ماوەی ئەو 10 ساڵەدا، بایی نزیکەی 100 ملیار دینار پڕۆژەمان کردووە".

سەبارەت بە داواکردن بۆ لابردنیشیان، سمکۆ سـالار گوتی "جگە لە مـن، داواکاری هەبوو ئەو دوو بەرپرسـەی دیکەش دەستلەکاربکێشـنەوە، بەڵام ئەوەندەی بیستوومە ئەوان دەوامی خۆیان دەکـەن، هەروەهـا منیـش منیش کۆمەڵێـک ڕێوشـوێنی تایبەت بە خۆم هەیە دەیگرمەبەر و پاشان دەوام دەکەمەوە".

سمکۆ سـالار، لەسـەر پشـکی یەکێتی ئەو پۆسـتەی وەرگرتـووە و دەبێـت لـە حاڵەتـی لابردنیدا، یەکێتی کاندیدێکی دیکە دەستنیشان بکات.

عەلی عوسـمان، جێگری پارێزگای هەڵەبجە کە یەکێتییـە بـە (ڕووداو)ی ڕاگەیانـد "لادانی ئـەوان پەیوەندی بە لایەنی سیاسـییەوە هەیە، بەڕەسمیش داوامان لە یەکێتی کردووە وەڵاممان بدەنەوە".

بەڵام ئەحمەد قەدەفەری، جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی شـارەزووری یەکێتیـی گوتی "لەگەڵ خەڵکەکـە کۆدەبینـەوە، ئەگـەر بـە بەڵگـەوە بیسەلمێنن کە پێویستە بگۆڕدرێن، دەیانگۆڕین".

رووداو
ژمارە (370) دووشەممە 2015/8/10



## کورد پشتی عەبادی دەگرێت

**رووداو- هەولێر**

وتەبێژی سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە داواکاریی سەرۆکوەزیرانی عێراق و بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقی فیدراڵ بۆ دەستپێکردنی پرۆسەی چاکسازی لە دامودەزگا کارگێڕی و میرییەکان رایگەیاند سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان پشتگیری هەموو هەنگاوێک دەکات کە بە ئاراستەی چاکسازی و نەهێشتنی کەموکوڕییەکان لە دامودەزگاکانی دەوڵەت دەنرێت.

وتەبێژی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان هەروەها دەڵێت "بۆ ئەوەی پرۆسەی چاکسازی سەرکەوتوو بێت، پێویستە ئەم پرۆسەیە ڕەچاوی ئیستحقاقات و بەشداریی هەرێمی کوردستان و لە هەمانکاتیشدا ڕەچاوی نوێنەرایەتیی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی عێراقیش بکات".

## داوایلێکردووە خۆی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاندید بکات


# بەرهەم ساڵح داوایەکی نەوشیروان مستەفا بۆ ڕکابەریی بارزانی ڕەتدەکاتەوە

## یەکێتی پرۆژەیەکی نوێی هەیە:

## دەکرێ بارزانی بە تەواوی دەسەڵاتەکانیەوە بمێنێتەوە، بەڵام بە مەرج!







**هیڤیدار ئەحمەد**
**رووداو – هەولێر**

بەرهەم ساڵح داوایەکی نەوشیروان مستەفا بۆ خۆکاندیدکردنی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕەتدەکاتەوە. پرۆژەیەکیش پێشکەشدەکات، کە تێیدا داوا دەکات "بارزانی بە هەمان دەسەڵاتەکانیەوە بۆ دوو ساڵی دیکە بمێنێتەوە". قاسم سولەیمانیش لەسەر پۆستی بارزانی "3 پێشنیازی کردووە".

### یەکێتی خەریکی چییە؟

هەروا کات تێدەپەڕێ و هێشتا لەسەر پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سازان نەکراوە. شەقامی باشووری کوردستان بەگەرمی بەدوای وەڵامی ئەوەدا دەگەڕێت کە ئەو قەیرانە سیاسییەی لەسەر ئەو پرسە دروست بووە چیی لێدێت و چۆن چارەسەر دەبێت؟ پێدەچێ وەڵامی ئەو پرسیارە لە پرۆژەیەکی جێگری دووەمی سکرتێری گشتیی یەکێتی و سەردانی شاندەکانی ئێران بۆ لای حیزبەکان روونتر ببێتەوە. ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، نێوەڕۆکی پرۆژەیەکی بەرهەم ساڵح، جێگری دووەمی سکرتێری گشتیی یەکێتی، لەسەر چارەسەرکردنی پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ئاشکرادەکات.

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی پرۆژەکەی بەرهەم ساڵح، کە کۆپییەکی بۆ مەکتەبی سیاسی و کۆپییەکیشی بۆ خودی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان ناردووە، بە "ڕێگە چارە" ناودەبات و دەڵێت: "پرۆژەکە دوو بەشە و بڕیارە ڕۆژی دووشەممە 2015/8/10 لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی پارتی لە هەولێر گفتوگۆی لەسەر بکرێ". ئەو سەرچاوەیەی (رووداو)، کە داوایکرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، هەندێک رای نێو حیزبەکەشی ئاشکراکرد و گوتی: "بەشێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لەوە نیگەرانین کە یەکێتی لەسەر مەسەلەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان تەسلیمی نەوشیروان مستەفا بووە، چونکە پێمانوایە یەکێتی باشتر دەزانێ چ بڕیارێک بۆخۆی بدات، نەک بڕیار لە کەس و لایەنێک وەربگرێت".

گفتوگۆی نەوشیروان مستەفا و بەرهەم ساڵح

ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی باسی وردەکارییەکانی گفتوگۆیەکی تایبەتی نێوان نەوشیروان مستەفا و بەرهەم ساڵحیش دەکات و دەڵێت: "کاک نەوشیروان بە بەرهەم ساڵحی گوت: با هەڵبژردنی سەرۆک لەنێو خەڵکدا بێ و تۆ (واتە بەرهەم ساڵح) بەرامبەر مەسعود بارزانی خۆت کاندید بکە". بەڵام، وەک ئەو سەرچاوەیەی (رووداو)، کە نزیکە لە بەرهەم ساڵحەوە باسیکرد، وەڵامی بەرهەم ساڵح بۆ نەوشیروان مستەفا ئەوەبووە کە پێشنیازەکەی ڕەتکردووەتەوە: "کاک بەرهەم بە کاک نەوشیروانی گوتووە: ئەی تۆ بۆ خۆت کاندید ناکەی؟ کاک نەوشیروانیش گوتوویەتی: من نایکەم. کاک بەرهەمیش گوتوویەتی: منیش نایکەم و نابمە هۆی دووبەرەکی، شەڕی بارزانیم پێناکرێ".

### یەکگرتوو "تێدەگات"

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، کە حیزبەکەی هەوڵێکی زۆریدا لایەنەکان لە کۆبوونەوەی پێنجقۆڵی کێشەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان چارەسەربکەن، لەبارەی ڕەتکردنەوەی داواکەی نەوشیروان مستەفا بۆ بەرهەم ساڵح بۆ ڕکابەریکردنی بارزانی دەڵێ: "لە بەرهەم ساڵح تێدەگەین". ئەبووبەکر عەلی بە (رووداو)ی گوت "دیارە بەرهەم ساڵح تێبینی لەسەر فەزا و تەرحکردنی ئەو لەو چوارچێوە و لەو کاتەدا تێبینیی هەبووە، بۆیە خۆی کاندید نەکردووە و نەهاتووەتە پێش".

### بارزانی دێتە سەرخەت

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان، ئومێدی کەمی هەیە بەوەی کە لایەنەکان لەو ماوەیەدا لەسەر پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بگەنە ئەنجام: "چارەسەری کێشەکە نەگەیشتووەتە ئاستێک کە ئومێدی چارەسەری هەبێ، بەڵام هەوڵەکان بەردەوامن بۆئەوەی ڕێگەچارەیەک بدۆزنەوە"، گوتیشی "ئێستاش حیزبەکان نزیک نەبوونەتەوە لە یەکدی، هێشتا ئەو دوورییەی هەیە لەنێوانیان کەم نییە". ئەسەسەرد داوا لە بارزانی دەکات بێدەنگی بشکێنی و خۆی "کێشەکە یەکلایی بکاتەوە"، چونکە وەکو ئەو دەڵێت: "خودی کاک مەسعود دەتوانێ ئەم بابەتە یەکلایی بکاتەوە. ئەویش دەبێ نەرمی بنوێنێت. ئەگەر نەرمی نەنوێنێ، چارەسەر ئاسان نابێت". ئەسەسەرد کاژێرێک بەر لە بڵاوبوونەوەی پەیامی بارزانی لەسەر ئەو قەیرانەی لە کوردستان دروست بووە، بۆ (رووداو) کرد.

مەسعود بارزانی لە پەیامەکەیدا بۆ یەکەمجار بەڕاشکاوی باسی ئاستەنگەکانی بەردەم یەکلاییکردنەوەی مەسەلەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان دەکات. ئەو لە پەیامەکەیدا سێ پێشنیاز بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکە دەخاتەڕوو: "بۆچوونی خۆم بۆ دەرچوون لەم قەیرانە پێکدێت لە، یەکەم: بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان خۆسەپاندن و شێوازی کودەتا هیچ ئەنجامێکی نابێت و قابیلی قبوڵیش نییە. دووەم: هەموو حیزبەکانی ناو حکومەت و پەرلەمان پەلە بکەن لە ڕێککەوتن لەسەر چارەسەرێک بە سازان کە لە بەرژەوەندیی گەل و نیشتماندا بێت. سێیەم: ئەگەر نەگەیشتینە سازان، دەبێ بەرەو هەڵبژاردنی پێشوەختە بچین".

### نێوەڕۆکی پرۆژەکەی بەرهەم ساڵح

**بەگوێرەی پرۆژەکەی بەرهەم ساڵح لەسەر پرسی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، کە کۆپییەکی دەست (رووداو) کەوتووە، پێشنیازدەکات "بارزانی بە تەواوی دەسەڵاتەکانییەوە بۆ ماوەی دوو ساڵی دیکە لە پۆستەکەیدا بمێنێتەوە". بەڵام بە مەرج.**

**2 بەشە**

**بەشی یەکەم:**

**پارتی بەوە رازی بێت کە مەسعوود بارزانی بۆ ماوەی دوو ساڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان بێت، بە تەواوی دەسەڵاتەکانییەوە، بەڵام ئەو دوو ساڵە ناوبنرێت (ئینتیقالی).**

**بەشی دووەم:**

**ئەنجوومەنێکی سەرۆکایەتی دروستبکرێ کە دەسەڵاتەکانی بەسەر ئەندامانی ئەنجوومەنەکەدا دابەش کرابێت و سەرپەرشتیی هەندێک مەلەفی گرنگ بکات، وەکو مەلەفی یەکخستنی پێشمەرگە، ئابووری، نەوت، هەروەها پەیوەندی لەگەڵ بەغدا.**

### سێ پێشنیازەکەی سولەیمانی

بۆئەوەی لایەنەکان پێش 2015/8/20 بگەنە سازان و هەڵبژاردنی پێشوەخت نەکرێت، کۆماری ئیسلامیی ئێران لەڕێگەی قاسم سولەیمانی، فەرماندەی هێزی قودس-ی سەر بە سوپای پاسداران، بەگەرمی هاتە سەرخەت. نێوبراو هەفتەی رابردوو لە هەولێر و سلێمانی بووە. (رووداو) زانیویەتی کە سولەیمانی لەبارەی نزیکبوونەوەی سەرکردەکانی یەکێتی لە نەوشیروان مستەفا بە یەکێتیی گوتووە ئەوان بەهەڵە سواری ئەو بەلەمە بوون کە نەوشیروان مستەفا لێیدەخوڕێت.

قاسم سولەیمانی جگە لە پارتی لەگەڵ چوار پارتەکەی دیکەی باشووری کوردستانیش کۆبووەتەوە. بەپێی زانیارییەکانی (رووداو)، کە ئامادەبووانی کۆبوونەوەکان پێیانداوە، پوختەی قسەکانی سولەیمانی بۆ هەرپێنج حیزبەکە لە سێ پێشنیازدا چڕبوونەتەوە: "یەکەم: بارزانی لە پۆستەکەیدا بمێنێتەوە، دووەم: خەڵک بڕیار بدات سەرۆک لەنێو پەرلەمان یان لەنێو خەڵکدا هەڵبژێردرێ، سێیەم: نابێ بە هیچ شێوەیەک دۆخی سیاسی کاریگەریی لەسەر شەڕی داعش دروست بکات، کە وابکات مەترسی بۆ سەر ئێران دروست ببێت".

### سەعدی پیرە: سولەیمانی ناحەزت بێ، خراپە

سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، لە هەڤپەیڤینێکی پێشووتریدا لەگەڵ (رووداو)، باسی کاریگەریی قاسم سولەیمانی دەکات و دەڵێت "قاسم سولێمانی پیاوێکە نوێنەری خامنەئییە بۆ کاروباری سەربازی لە دەرەوەی وڵات. پەیوەندیی باشی هەیە لەگەڵ کورد و لەگەڵ یەکێتی، پارتی و ئیسلامییەکان. پیاوێکی ساحیب نفووزە و نفووزی زۆرە. قاسم سولەیمانی پیاوێکی زۆر مورەتەبە و زۆر ڕێزی مام جەلال و کاک مەسعود دەگرێ. زۆر حیسابیش بۆ قسەکانیان دەکات. پیاوێکە عەقڵێکی باشی هەیە و پیاو دەتوانێ سوودی لێوەربگیرێت". بە بڕوای سەعدی پیرە: "قاسم سولەیمانی دۆستت بێ باشترە لەوەی ناحەزت بێ. ئەگەر ناحەزت بێ، ئەوە خراپە". بەڵام فەرید ئەسەسەرد پێیوایە لەسەر پرسی سەرۆکی هەرێمی کوردستان "ئێران کاریگەریی زۆری نابێ، چونکە حیزبەکان بڕیاردەدەن کە گوێڕایەڵی ئێران بن یان نا". ئەو سەرکردەیەی یەکێتی ناشیشارێتەوە کە "ئێستا ئێران تەنیا نییە بگرە ئەمریکاش گوشار دروست دەکات، بۆئەوەی لایەنەکان بگەنە سازان". سەبارەت بە هەوڵەکانی قاسم سولەیمانی بۆ چارەسەرکردنی پرسی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئەسەسەرد دەڵێت "سولەیمانی وەکو خۆی دەسەڵاتێکی زۆری نییە، بەڵکو دەسەڵاتەکەی سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕابەری کۆماری ئیسلامیی ئێران، بۆیە هەموو جار ئەو مەسەلەیە گەورە دەکرێت".

وەک فەرید ئەسەسەرد دەڵێت "قاسم سولەیمانی کەسێکە توانیویەتی توانا و بەهرەکانی خۆی لەکاتە سەختەکاندا پیشانبدات، هەم لە هەرێمی کوردستان و هەم لە عێراق و سووریا"، لەگەڵ ئەوەشدا "ئەرکی ئەو نییە ڕۆڵی سیاسی بگێڕێ، بەڵام لەبەرئەوەی دەسەڵاتێکی زۆری پێدراوە و نوێنەرایەتیی بەرزترین دەسەڵاتی ئێران دەکات، زۆر جار سنوورەکانی خۆی دەبەزێنێت و دەچێتە خانەی سیاسەتەوە. هەڵبەت ئەمەش بەڵگەی ئەوە نییە کە کەسێکی بێتوانایە".

قاسم سولەیمانی یەکێک بووە لە فەرماندەکانی شەڕی نێوان ئێران و عێراق لە ساڵانی هەشتا و بەهۆی ئازایەتییەوە، ئایەتوڵڵا خامنەیی ناونیشانی "شەهیدی زیندوو"ی پێداوە. لە عێراق لایەنە سیاسییەکان سولەیمانی وەکو "فەرمانڕەوای راستەقینەی وڵات" دەناسێنن.

### "حیزبەکان گوێ لە ئێران و تورکیا دەگرن"

یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان نایشارێتەوە کە قاسم سولەیمانی لەکوێ بێتە سەر خەت، بێ یەک و دوو کاریگەریی لەسەر بڕیارەکان دروست دەکات. ئەبوبەکر عەلی دەڵێت: "بەدڵنیاییەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران، هەروەها تورکیا و ئەمریکاش هێزی گرنگن لەم ناوچەیەدا. حیزبەکان لەئاستی جۆراوجۆردا گوێ لە قسەکانیان دەگرن. لانیکەم هەوڵەکانیان هۆکارێک دەبن بۆئەوەی گوشار بۆ سەر هێزە سیاسییەکان دروست بکەن و بگەنە ڕێککەوتن لەسەر پرسی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و مەسەلەی دەستوور". دەربارەی قاسم سولەیمانی، ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتوو گوتی "قاسم سولەیمانی و ئێران بیانەوێ ،دەتوانن کاریگەرییەکی گەورە لەسەر چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکان دروست بکەن. ئەمە راستییەکە و ناتوانین خۆمانی لێ بدزینەوە. بگرە ئاراستەی کۆماری ئیسلامیی ئێران و جۆری بیرکردنەوەی دەربارەی چارەسەرکردنی کێشەکان، کاریگەرییان دەبێ لەسەر ڕەوتی گفتوگۆکانیش".

رووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (370) دووشەممە 2015/8/10

## پەرلەمانتارانی گەندەڵ دووردەخرێنەوە



**رووداو – بەغدا**

سەلیم جبووری، سەرۆکی پەرلەمانی عێراق لە دانیشتنی داهاتووی پەرلەماندا کە ڕۆژی 11ی ئەم مانگە بەڕێوەدەچێت، لێپێچینەوە لەگەڵ ئەو سەرۆک لیژنانە دەکات، کە لەکارەکانیان کەمتەرخەمبوونە، هەروەها شەرعیەتی یاساییش لەو پەرلەمانتارانە دەسەنێتەوە، کە دەوامیان بەپێی پێویست نەبووە، یاخود لە گەندەڵییەوە تێوەگلاون. بەپێی زانیارییەکانی رووداو، سەرۆکی پەرلەمان پێداچوونەوە بە ژمارەی پاسەوانەکانی پەرلەمانتاران و کەمکردنەوەیان دەکات، هەروەها تاوتوێی ئەو بڕیارانە دەکات، کە سەرۆکوەزیرانی عێراق سەبارەت لادانی جێگرانی سەرۆککۆمار و سەرۆکوەزیران دەریکرد.

# لایەنەکان لەسەر هەڵبژاردنی پێشوەختیش ناسازێن

**یەکگرتوو: کردەیی نییە** | **گۆڕان: مەرجەکانی نەهاتوونەتە دی** | **کۆمەڵ: قەیرانەکە قووڵتر دەکاتەوە** | **پارتی: باشترین ڕێگەچارەیە**

**مەحموود یاسین کوردی**
**رووداو– هەولێر**

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەسەر باردۆخی سیاسی و سازان لەسەر پرسی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، پەیامێکی بڵاوکردەوە. بارزانی داوای لە سەرجەم حیزبەکانی نێو پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد پەلە بکەن بۆ ڕێککەوتن لەسەر چارەسەرێک بە سازان. ئەگەریش نەگەیشتنە سازان، بارزانی پێشنیازی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختەی کردووە. ئەو پەیامەی بارزانی ئێوارەی ڕۆژی 2015/8/9 بڵاوکرایەوە، بەڵام حیزبەکانی کوردستان بۆچوونی جیاوازیان لەسەر هەڵبژاردنی پێشوەخت هەیە.

### یەکگرتوو لەگەڵیدا نییە

یەکگرتوو، کە خاوەنی دەستپێشخەری و دروستکردنی ژووری عەمەلیاتە بۆ گەیشتن بە سازانی نیشتمانی لەنێوان پێنج لایەنەکەی باشووری کوردستان، لەگەڵ هەڵبژاردنی پێشوەخت نییە و دەڵێت: "بژاردەی یەکەممان سازانە". هیوا میرزا سابیر، گوتەبێژی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتوو، بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "هەڵبژاردنی پێشوەختە لە هەرێمی کوردستان عەمەلی نییە. پێشتر جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوای هەڵبژاردنی کردبوو، بەڵام کۆمیسیۆن لەبەر نەبوونی پێداویستی و بودجە و کات نەیتوانی هەڵبژاردن بکات. بۆیە ئێمە سوورین لەسەر گفتوگۆ و سازان بۆئەوەی بگەینە ڕێککەوتنێکی نیشتمانی، کە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستانمان لەسەرووی هەموو شتێکەوە بێت".

بەبڕوای هیوا میرزا سابیر باردۆخی سیاسی و سەربازی و دارایی هەرێمی کوردستان یارمەتیدەر نین بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەخت.

### گۆڕان دەڵێ زووە

بەبڕوای بزووتنەوەی گۆڕان هێشتا ڕەوشی سیاسیی کوردستان بەو ئاقارەدا نەڕۆیشتووە کە پەنا بۆ هەڵبژاردنی پێشوەخت ببردرێت. زمناکۆ جەلال، ڕێکخەری ژووری هەڵبژاردنی بزووتنەوەی گۆڕان، بە (رووداو)ی ڕاگەیاند: "بەپێی یاسا بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان هیچ مەرجێک بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەخت نەهاتووەتەدی. ئەو هەڵبژاردنە لەو کاتانەدا دەکرێت ئەگەر دوای هەڵبژاردنی پەرلەمان، 45 ڕۆژ لەدوای داواکردن بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوە، نەیتوانی کۆببێتەوە. ئەگەر متمانە بە سێ کابینەی حکومەت نەدرا، یان گۆڕینی سیستەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان، یان دەستلەکارکێشانەوەی 1+5 واتە 56 پەرلەمانتار، بۆیە بەبڕوای ئێمە هیچکام لەو مەرجانە نەهاتووەتەدی، تاوەکو هەڵبژاردنی پێشوەختە بکرێت". سەبارەت بە ئامادەی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە، زمناکۆ جەلال گوتی "هێشتا زووە".



(فۆتۆ:سیروان عەزین)

**کۆمیسیۆن: پێویستمان بە 6 مانگ هەیە**

### پارتی دەگەڕێتەوە بۆ لای "خەڵک"

ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی پەیامەکەی بارزانی بە باشترین و گونجاوترین میکانیزم بۆ دەرچوون لە قەیرانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەزانێت.

ئەحمەد کانی، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بە (رووداو)ی گوت "پەیامەکەی جەنابی سەرۆک گەڕانەوەیە بۆ ڕا و دەنگی جەماوەری کوردستان و لەسەر بنەمای پرەنسیپی دیموکراسی و ڕێزگرتن لە ئیرادەی خەڵک. ئەگەر حیزبەکان نەگەنە سازان، باشترین لایەن بۆی بگەڕێنەوە دەنگی خەڵکە". ئەحمەد کانی گوتیشی "پارتی درێغیی لە گفتوگۆ و دانوستاندن لەگەڵ هێزە سیاسییەکان ناکات، بەڵام ئەگەر ئەم قەیرانە سیاسییە بەردەوام بێت، پێویستە بەرەو هەڵبژاردنی پێشوەخت بچین".

### کۆمەڵ: نەگەیشتووینەتە بنبەست

کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان هەڵبژاردنی پێشوەختە بە دروستکردنی قەیرانی دیکە لەلایەن پارتییەوە وەسفدەکات و پێیوایە پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان نەگەیشتووەتە بنبەست تاوەکو هەڵبژاردنی پێشوەختە بکرێت.

هاوژین عومەر، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان گوتی: "هەڵبژاردنی پێشوەختە لە شوێنی خۆی نییە و چونکە پێداویستی هەڵبژاردن ئامادە نییە، لەڕووی عەمەلی و سیاسی و لۆجستییەوە باردۆخی کوردستان هەڵبژاردنی پێشوەختە هەڵناگرێت، بەپێچەوانەوە قەیرانە سیاسییەکە قووڵتر دەکاتەوە". هاوژین عومەر هەروەها دەڵێت "فرێدانی کارتی هەڵبژاردنی پێشوەختە زیاتر بۆ سووربوونی پارتی لەسەر داواکارییەکانی پێشووی خۆیەتی، ئەگەرنا چارەسەرکردنی کێشەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ئاسانە، ئەویش هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەی ئێستا لە کوردستان بەرکارن، نەک پەنابردنە بەر هەڵبژاردنی پێشوەختە و هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان".

### کۆمسیۆن: بڕیاردراوە و پارە نەدراوە

ئیسماعیل خورماڵێ، بڕیاردەری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە توانای کۆمسیۆن بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختە بە (رووداو)ی گوت: "بۆ ئەنجامدانی هەر هەڵبژاردنێک ئێمە پێویستمان بە 6 مانگ زیاتر هەیە، ئەویش لە حاڵەتی بوونی بودجە و تەواوی پێداویستی. بەڵام ئێستا ئێمە نە بودجەمان هەیە و نە کارمەند، هەر بۆیەش پێشتر ڕامانگەیاند کە ناتوانین هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ئەنجامبدەین". ئیسماعیل خورماڵی گوتیشی "ئێمە لە پەیکەری کۆمیسیۆن داوای دامەزراندنی 565 فەرمانبەری هەمیشەییمان کردووە، بۆ بودجەی ئەمساڵیش داوای 15 ملیار دینارمان کردووە، بۆ دابینکردنی پێداویستی و کردنەوەی ئۆفیس، ئەنجوومەنی وەزیران ڕەزامەندی لەسەر دابینکردنی ئەو بڕە پارەیە داوە، بەڵام تاوەکو ئێستا دابیننەکراوە". بەپێی قسەی بڕیاردەری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن، دەنگدانی هەر هاووڵاتییەک 10 دۆلاری تێدەچێ.

# مەودای نێوان گردەکە و دەباشان هەروا کەمتردەبێتەوە

## "پاش هەڵبژاردنی داهاتوو گۆڕان و یەکێتی دەبنە یەک فراکسیۆن"

**هەڵسووڕاوێکی باڵای گۆڕان: لەگەڵ یەکێتی زۆر لێک نزیکبووینەتەوە**

**ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسیی یەکێتی: حکومەتی بنکەفراوان هەڵناوەشێتەوە**



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو – سلێمانی**

ئەو کەلێنانەی پێشتر لەنێوان یەکێتی و گۆڕاندا هەبوون، تا دێت پڕدەبنەوە. ئێستا ئەو دوو حیزبە لە زۆر پرسدا هاوهەڵوێستن. ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانیی گۆڕان، لەوبارەیەوە دەڵێت: "ئێستا ئامانجەکانی ئێمە و یەکێتی هاوبەشن"، سەرکردەیەکی یەکێتیش پێیوایە "زەحمەتە یەکێتی و پارتی بتوانن ڕێککەوتنی نێوانیان درێژە پێبدەن".

ڕۆژی 23ی حوزەیرانی 2015 بەلای پارتییەوە ئازاری مارانگەستە بوونە و ناتوانێ لەبیری بکات. لەدوای ئەو ڕۆژەوە پارتی دڵنیابووەوە کە دەبێ بەدوای دۆستی دیکەدا بگەڕێت. نێچیرڤان بارزانی، جێگری سەرۆکی پارتی، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ میدیاکانی باشووری کوردستان، گوتی "ئەوەی لە پەرلەمان لە ڕۆژی 23ی حوزەیران ڕوویدا، ئەو تەوافوقەی تێکدا کە حکومەت و پەرلەمانمان لەسەر پێکهێنابوو. نەخشەی سیاسی بەتەئکید دەگۆڕێ، بێگومان نەخشەی هاوپەیمانێتییەکان تێکدەچێت". ڕاوێژکارێکی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی دەڵێت قسەکانی نێچیرڤان بارزانی لەبارەی گۆڕانی نەخشەی سیاسییەوە، کارتێکی گوشارە بۆ لایەنەکان و زیاتر مەبەستی ئەوەیە نەرمی بنوێنن: "هاوکات، ئەگەر سووربن لەسەر پرۆژەکانیان، ئەوە بەهێزترین کارتی پارتیشە کە پیشانی لایەنەکانی دەدات". دڵشاد عەبدولرەحمان، لەو بڕوایەدایە گۆڕانکارییەکان هەرچۆنێک بن، "لانیکەم پەیوەندیی گونجاو لەنێوان لایەنەکاندا دەمێنێ و پێشبینی ناکەم حکومەت هەڵبوەشێتەوە، بەڵام ڕەنگە کشانەوەی ئازادانە لە حکومەت بێتەئاراوە".

ئەو ڕاوێژکارەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، باسی ڕێککەوتننامەی ستراتیژیی نێوان یەکێتی و پارتی دەکات و دەڵێت: "بەهەڵە ناونراوە ڕێککەوتنی ستراتیژی"، چونکە وەک ئەو دەڵێ "ڕێککەوتننامەیەکی ئاسایی بوو بۆ دابەشکردنی پۆست و دەسەڵات لە کوردستان و بەغدا. لەواقیعدا بنەمای کارپێکردنی نەماوە و پێویستی بە داڕشتنەوە هەیە".

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامی بەلایەوە ئاساییە هاوپەیمانێتییە کۆنەکان هەڵبوەشێنەوە و هاوپەیمانێتیی نوێ بێنەپێشەوە، مادام وەک ئەو دەڵێت: "هاوپەیمانێتی لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە هاوبەشەکان پێکدێن". یاسین حەسەن لەوبارەیەوە دەڵێت: "دروستبوونی گۆڕان ڕێککەوتننامەی نێوان پارتی و یەکێتیی لەرزۆک کرد". لەبارەی قسەکانی نێچیرڤان بارزانیشەوە یاسین حەسەن پێیوایە ئەوە پەیامێک بوو بۆ کردنەوەی دەرگای هاوپەیمانێتیی نوێ و ئاگادارکردنەوەی هەموو لایەک لەوەی کە سەردەمێکی نوێ لە هاوپەیمانێتی دەستپێدەکات، "بەڵام لە کوردستان هاوپەیمانێتییەکان سنووردارن". گوتیشی لەوانەیە نەخشەی حکومەتیش گۆڕانکاریی بەسەردابێت: "دابەشبوونەوەیەکی نوێ دێتەکایەوە و کاتێک ڕاپۆرتەکە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بەرزکرایەوە، عەیب دەبێ بۆ هەموو لایەنەکان بهێڵن دۆخەکە لە گرێژنە دەربچێ".

ڕۆژی 2007/7/27 هەریەک لە مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ڕێککەوتننامەیەکیان واژۆکرد کە دواتر بە ڕێککەوتننامەی ستراتیژی ناوی دەرکرد. ئەبوبەکر عەلی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتوو دەڵێ بناغەی ئەو ڕێککەوتننامەیە "هەڵتەکاوە و تارادەیەک بناغەی حکومەتی بنکەفراوانیشی تێکداوە". گوتیشی "پێموانییە بەمنزیکانە هاوپەیمانێتیی ڕاگەیاندراوی ئاشکرا لەنێوان هێزەکاندا پەیدابێ".

هاوپەیمانە نوێیەکان هەر لەئێستاوە دەردەکەون، یەکێتی و گۆڕان لەسەرەتاوە کاریان بۆ ئەوە دەکرد لەپێناوی هەڵکردن لە سلێمانی ڕێکبکەون، بەڵام بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (رووداو) کەوتوون، ئێستا ئامانجی گەورەتر کۆیاندەکاتەوە.

ئەندامێکی سەرکردایەتیی یەکێتی دەڵێ وەکچۆن بەشێکی یەکێتی ئاسوودە نەبوون بە ڕێککەوتنی یەکێتی لەگەڵ پارتی، "بێگومان ئێستاش بەشێکی یەکێتی بۆچوونی وایە کە ڕێککەوتننامە لەگەڵ گۆڕانیش بەهەمان شێوە زیان لە یەکێتی دەدات". ئەو سەرکردەیەی یەکێتی، کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی "بۆیە وادەڵێم، چونکە کاتێک هەڵبژاردن هاتەپێشەوە، گۆڕان هەموو دەستکەوتە بەدیهاتووەکان وەک دەستکەوتی خۆی لەقەڵەم دەدات".

ئەو سەرکردەیەی یەکێتی نەیشاردەوە کە زۆرینەی جەماوەری یەکێتی بە نزیکبوونەوەی یەکێتی و گۆڕان ئاسوودەن و ئەوە بە باشتر دەزانن لە نزیکبوونەوە لە پارتی. محەممەدی حاجی مەحموود، سکرتێری حزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان لەوبارەیەوە دەڵێت "ئەوەی بەلای ئێمەوە نامۆیە ئەوەیە گۆڕان و یەکێتی بەیەکەوە نەبن، ئەوەمان بەلاوە نامۆ نییە کە ئەمدووانە یەکبگرنەوە".

گۆڕان بەکاوەخۆ کاری لەسەر نزیکبوونەوە لە یەکێتی کرد. ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانیی بزووتنەوەی گۆڕان نایشارێتەوە کە ئێستا ئامانجەکانیان لەگەڵ یەکێتی یەکە، "بۆیە زۆر ئاساییە لەمکاتەدا هەردوو فراکسیۆنەکەش یەکبگرن". ساڵح ژاژەڵەیی دەڵێ ئەمە مانای وا نییە گۆڕان و یەکێتی بوونەتە هاوپەیمان بۆ دژایەتیی لایەنێک.


نزیکبوونەوەی گۆڕان و یەکێتی پێیناوەتە قۆناخێکی گەورەترەوە و لەدوای یەکلابوونەوەی پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان چاوەڕواندەکرێ شتی زیاتر لەوبارەیەوە دەربخەن. یەکێتی بەرامبەر هەنگاوێکی گۆڕان دوو هەنگاو دەچووە پێشەوە، کە ئەوە لەنێو یەکێتیدا هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد ڕێبەرایەتیی دەکرد.

وەک ساڵح ژاژەڵەیی باسیدەکات ئێستا گۆڕانیش وەک یەکێتی لە پرسی بوونی پەکەکە لە باشووری کوردستان دەڕوانێ: "بۆچی دەبێ پەکەکە و گەریلا بە میوان حیساب بکرێن، کە لە بەرەکاندا شان بەشانی پێشمەرگە شەڕدەکەن؟"

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (رووداو) کەوتوون، یەکێتی و گۆڕان کار بۆ ئەوە دەکەن لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتوودا، فراکسیۆنێکی هاوبەشی پەرلەمانی دروستبکەن، بۆئەوەی بتوانن پێکەوە بە زۆرینە حکومەت پێکبهێنن. (رووداو) ئەوەشی زانیوە ئەو لیژنەیەی لەنێوان یەکێتی و گۆڕان پێکهاتووە بۆ داڕشتنی میکانیزمی ڕێککەوتننامەکە، بریتین لە: عوسمان حاجی مەحموود، محەممەد تۆفیق ڕەحیم، عومەر سەید عەلی لە گۆڕان، هەروەها ڕەفعەت عەبدوڵڵا و فەرید ئەسەسەرد و حاکم قادریش لە یەکێتی.

ساڵح ژاژەڵەیی دەڵێ ئەو هاوپەیمانێتییە "هەنگاوی باشی ناوە و باش چووەتە پێشەوە، بەڵام نازانین لە داهاتوودا چۆن دەبێ". بەڵام بە بڕوای ئەبووبەکر عەلی ئەگەر هاوپەیمانێتیی نوێ دروستیش ببێت: "فۆکەسی ناخرێتەسەر و ڕاناگەیێندرێ تاوەکو دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردن، بەڵکو هەر بە پەیوەندیی ژێر بە ژێر دەمێنێتەوە تاوەکو کاتی تەواوبوونی هەڵبژاردن".

عوسمان ئۆجەلان، سەرکردەی پێشووی پارتی کرێکارانی کوردستان بۆ (رووداو):



# ساڵی رابردوو یەکێتی 20 ملیۆن دۆلاری داوەتە پەکەکە

عوسمان ئۆجەلان، سەرکردەی پێشووی پەکەکە و برای عەبدوڵڵا ئۆجەلان، رێبەری زیندانیکراوی ئەو حیزبەیە. لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) باسی سەرچاوەی داهاتەکانی پەکەکە دەکات و دەڵێت ئێستا ساڵانە پەکەکە 50 ملیۆن دۆلاری لەرێگەی کەمپینەکانی لە ئەوروپا، کارگە و مارکێتەکانی لە سووریا و رۆژئاوای کوردستان و خاڵە گومرگییەکانی سەر سنوورەکانی کوردستان دەستدەکەوێت.
ئۆجەلان ناوی ئەو کەسەش ئاشکرا دەکات کە بەرپرسی سەرجەم دارایی پەکەکەیە و دەڵێت "مستەفا بایک، کە برای جەمیل بایکە، بەرپرسی هەموو دارایی پەکەکەیە". سەبارەت بەو لایەنانەی هاوکاری پەکەکە دەکەن، دەڵێت "لەوەتەی شەڕی داعش دەستپێکردووە یەکێتی 20 ملیۆن دۆلاری داوەتە پەکەکە". لە بەرامبەردا پەکەکە لەڕووی سیاسییەوە هاوکاریی یەکێتی دەکات.
سەبارەت بە پارتیش، ئۆجەلان دەڵێت، پارتیش هاوکاریی پەکەکەی کردووە، بەڵام کەمتر لە یەکێتی.
عوسمان ئۆجەلان رەتیکردەوە پەکەکە بازرگانی بە ماددەی هۆشبەرەوە بکات، بەڵام دەڵێت "پارە لە بازرگانانی ماددەی هۆشبەر وەردەگرێت، بە تایبەتی بازرگانە کوردە ئێزدییەکانی ئەرمەنستان و رووسیا".

هەڤپەیڤین: محەممەد هادی
رووداو – هەولێر

**رووداو: پارتی کرێکارانی کوردستان لە دەستپێکی خەباتی چەکدارییدا چۆن سەرچاوەی دارایی دەستەبەر دەکرد؟**
**عوسمان ئۆجەلان:** وەک ئەندامێکی پارتی کرێکارانی کوردستان، کە لەسەرەتاکانەوە بەشداریی خەباتی پەکەکەم کردووە، دەزانم کە لە ساڵانی یەکەم و دووەمی دەستپێکردنی خەباتی چەکداریدا، خەڵک هاوکاریی دەکردین. زۆربەی گەریلاکانیش کاریاندەکرد بۆئەوەی بتوانن کلاشینکۆف بکڕن. کاتی خۆی کە دەستم بە خەباتی چەکداری کرد، سێ مانگ کارێکاریم کرد و دوو کیسە نیسکم فرۆشت بۆئەوەی بەو پارەیە دەمانچەیەک بکڕم. هەموو ئەندامانی پەکەکە بۆخۆیان یەکەم چەکیان بۆ خۆیان کڕیوە.
**رووداو: لە هەشتاکان و نەوەتەکان سەرچاوەکانی دارایی پەکەکە چی بوون؟**
**عوسمان ئۆجەلان:** ئەوکات خەڵکی کوردستان یارمەتیی ئێمەی دەدا، هەروەها کوردانی ئەوروپاش زۆرترین هاوکارییان دەکردین، بەتایبەتی کوردانی ئەڵمانیا. ساڵانە لە ئەوروپا پەکەکە کەمپینیان دەکرد و پارەیان کۆدەکردەوە. خەڵکی کوردستانیش زیاتر خۆراک و پێداویستییان بۆ دابیندەکردین. ئەوە تاوەکو ساڵی 1995 بەوشێوەیە بوو، بەڵام دوای ئەوە پەکەکە دەستی بە وەرگرتنی گومرگ کرد، کە لە بازرگانان و خەڵکی وەردەگرت.
**رووداو: لە کۆتایی هەشتاکان و نیوەی یەکەمی نەوەدەکان پەکەکە هێزێکی پڕ چەک و خاوەن جلوبەرگێکی سەربازی رێکوپێک بوو، هاوکات میدیایەکی بەهێزیشی هەبوو، ئەو پارەیەی کە دەهاتە دەست پەکەکە چۆن بەکاردەهات؟**
**عوسمان ئۆجەلان:** ساڵی 1988 تاوەکو 1992 من بەرپرسیاری پەکەکە بووم لە رۆژهەڵاتی کوردستان. ئەوکات لە ورمێ دادەنیشتم. بیرمە پارەم لە هاورێیەکی خۆم قەرزکرد و بەو پارەیە قوماشم دەکڕی بۆئەوەی جلوبەرگ بۆ گەریلا دروستبکەم.
**رووداو: دەگوترێت لە سەرەتای خەباتی چەکداریدا رووسیا و ئێران هاوکاریی پەکەکەیان دەکرد، ئایا ئەوە راستە؟**
**عوسمان ئۆجەلان:** رووسیا بە هیچ جۆرێک هاوکاریی نەدەکردین، ئێرانیش کە نزیکترین هێز بوو لە پەکەکە، هاوکاریی نەدەکردین، جارجاریش ئەو کەلوپەلانەی بۆمان دەهاتە ئێران، حکومەتی ئێران دەستی بەسەردادەگرت.
**رووداو: ئەی حکومەتی سووریا؟**
**عوسمان ئۆجەلان:** سووریا رۆڵی هەبووە، بەتایبەت لە هاتوچۆ بەنێو سووریادا. حکومەتی سووریا حەزیدەکرد کوردانی رۆژئاوا بچنە ریزەکانی پەکەکەوە، بۆئەوەی لەدژی تورکیا شەڕ بکەن. واتە سووریا لەرێگەی پەکەکەوە شەڕی تورکیای دەکرد. لەڕووی داراییشەوە زیاتر لە جارێک لە لوبنان چەند رێکخستنێکی سووری هاوکارییان دەکردین، کە زیاتر پێدانی چەک بوو. جارێکیش حیزبی شیوعیی لوبنان هاوکارییان کردین.
**رووداو: باسی لوبنانت کرد، لە دەشتی بیقاع سەربازگەی پەکەکە هەبوون، ئەو سەربازگانە بە پارەی فەلەستینیەکان بەڕێوەدەچوون یان لە شوێنێکی دیکەوە هاوکاری دەکران؟**
**عوسمان ئۆجەلان:** تاوەکو ساڵی 1985 لەگەڵ فەلەستینیەکان بووین و هاوکاریمان وەردەگرت لێیان. خواردنی ئێمەش ئەوان بۆیان دابین دەکردین. لەگەڵ هەموو رێکخستنەکانی فەلەستین هاوکاریمان هەبووە.
**رووداو: پەکەکە لەدوای ساڵی 1995 سەرچاوەی دارایی زیاتری هەبوو و بە چەندین شێوە سەرچاوەی دارایی نوێی دەدۆزییەوە.**

## داهاتی ساڵانەی پەکەکە دەگاتە 50 ملیۆن دۆلار

**لە کام دیوی کوردستان زۆرترین داهاتی دەستدەکەوت؟**
**عوسمان ئۆجەلان:** لە ساڵی 1985 تاوەکو ئێستا، پەکەکە لە ئەوروپا لە سەرەتای مانگی نۆوە تاوەکو کۆتایی ساڵ کەمپین دەکات. ساڵانە نزیکەی 20 ملیۆن دۆلاری تەنیا لەو کەمپینانە کۆدەکردەوە. هەروەها خەڵکیش مانگانە هاوکاریی پەکەکەی دەکرد. ساڵانەش ئەو هاوکارییانەی خەڵک دەگەیشتە نزیکەی 10 ملیۆن دۆلار. لەدوای 1995 ەوە، پەکەکە چەند خاڵێکی گومرگی

## پەکەکە ساڵانە لە ئەوروپا 20 ملیۆن دۆلار کۆدەکاتەوە

دانا، کە لەنێوان دیوی رۆژهەڵات و باکوور، دیوی رۆژهەڵات و باشوور، دیوی باشوور و باکووری کوردستان بوون. زۆرترین داهاتیشی لەنێوان دیوی رۆژهەڵات و باشوور بووە. بە گشتیش ساڵانە نزیکەی 3 ملیۆن دۆلار داهاتی هەبووە. پەکەکە، کە باجی لە بازرگانەکان وەردەگرت، ئەوەی بەشێوەی قاچاخ بازرگانی دەکرد، پەکەکە پارەی لێوەردەگرت. قەبارەی پارەکەشی بۆ دیاریدەکرد، بەڵام ئەوەی بازرگانیی فەرمیی دەکرد، زۆری لێنەدەکرد بۆ هاوکاریکردن، بەڵام ئەوانیش هاوکارییان دەکردین. دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە بەشێک لە دەوڵەمەندەکان خۆیان پارەیان دەدایە پەکەکە. زۆرجار دەچووینە لای ئەو کەسانە و باسی خەباتی خۆمان دەکرد و قەناعەتمان پێدەهێنان بۆئەوەی هاوکاریمان بکەن.
**رووداو: لە ئەرمەنستان و رووسیا بازرگانی گەورەی کوردی ئێزدی هەن، ئەوانە خۆیان هاوکاریی پەکەکەیان دەکرد یان ئەوانیش وەک بازرگانەکانی دیکە پەکەکە پارەی لێوەردەگرتن؟**
**عوسمان ئۆجەلان:** بەشێک لەوان بازرگانییان بە ماددەی هۆشبەرەوە دەکرد. پەکەکە خۆی پارەی لەوان وەردەگرت. پارەوەرگرتنەکەش لە کەسێک بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕدرا، بەڵام ئەوانی دیکە خۆیان بە ویستی خۆیان هاوکاریی پەکەکەیان دەکرد. پەکەکە پارەی لە بەشێک لە کۆمپانیاکان وەردەگرت. هەندێکیشیان بۆئەوەی کارەکانی خۆیان بەبێ کێشە بەڕێبکەن پارەیان دەدایە پەکەکە. چونکە ئەگەر پارەیان نەدابووایە، پەکەکە رێگەی نەدەدا کەلوپەلەکانیان بگوازنەوە.
**رووداو: زۆر کات لە میدیاکان پەکەکە تۆمەتبار دەکرێت بەوەی بازرگانی بە ماددەی هۆشبەرەوە دەکات لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەوروپا، ئەمە راستە؟**
**عوسمان ئۆجەلان:** لەو خاڵە گومرگییانەی کە هەبوون زۆرکات بازرگان هەبوو ماددەی هۆشبەری بە قاچاخ دەگواستەوە، ئێمە پارەی خۆمان لەو کەسە وەردەگرت. زۆرترین ئەو بازرگانییەش لە دیوی رۆژهەڵات و باکوور بووە، بەڵام پەکەکە خۆی ماددەی هۆشبەر بەکارناهێنێت و بازرگانیی پێناکات. جارێکیان لە ساڵی 1991، هەڤاڵێکمان، کە ناوی قادر بوو، لەگەڵ چەند بازرگانێکی ماددەی هۆشبەر ویستی بازرگانی بکات لەپێناو دەستخستنی پارە بۆ پەکەکە. کاتێک منیان ئاگادارکردەوە، مانگێک بەندمکرد و رێگەم نەدا کاری وا بکات.
**رووداو: کەواتە هیچ کەسێک نییە لەنێو پەکەکە بازرگانی بە ماددەی هۆشبەرەوە بکات؟**
**عوسمان ئۆجەلان:** وەڵڵا چ بڵێم، هیچ بەڵگەم لەبەردەست نییە کە ئەوە بسەلمێنێت. گەریلا زۆرتر جگەرە دەکێشێ و چا دەخواتەوە.
**رووداو: ئەو پارانەی کۆدەکرێنەوە بە چ میکانیزمێک دەگوازرێنەوە؟ بانکەکان چ رۆڵێکیان هەبووە لە گواستنەوەی پارەکانی پەکەکە؟**
**عوسمان ئۆجەلان:** بانکەکان رۆڵێکی ئەوتۆیان نەبووە لە گواستنەوەی پارەکان، بەڵکو گەریلاکان یان لایەنگرانمان خۆیان دەیانگواستەوە شاخ.
**رووداو: ئایا پەکەکە هیچ پرۆژەیەکی وەبەرهێنان یان کارگەی هەیە؟**
**عوسمان ئۆجەلان:** پەکەکە لە رۆژئاوا چەند کارگەیەکی هەبووە. لە ناوچەی عەفرینیش کارگەیەکی رۆنی زەیتوونی هەبوو. لەنێو سووریا و ئەوروپاش پەکەکە چەند مارکێتێکی هەیە کە لەدەست چەند کەسێکی نزیکی خۆیاندایە. وەک سەرچاوەیەکی داهاتی پەکەکە سوودیان لێ وەردەگیرێت.

## برای جەمیل بایک بەرپرسی دارایی پەکەکەیە

**رووداو: کێ بەرپرسی دارایی پەکەکەیە و کێ لەنێو پەکەکە بڕیار بەدەستی یەکەمی داراییە؟**
**عوسمان ئۆجەلان:** ئێستا مستەفا بایک برای جەمیل بایک بەرپرسی هەموو داراییەکانی پەکەکەیە لە قەندیل. هەموو پارەی پەکەکە لە قەندیلەوە سەرپەرشتی دەکرێت.
**رووداو: ئایا گەندەڵی لەنێو پەکەکەدا هەیە؟**
**عوسمان ئۆجەلان:** لەنێو پەکەکەدا بەگشتی گەندەڵی نییە، بەڵام جاروبار وەک تاکەکەس دەکرێ گەندەڵی بکرێت. بەگشتی لە سیستمی پەکەکەدا گەندەڵی نییە.
**رووداو: داهاتی ساڵانەی پەکەکە چەندە؟**
**عوسمان ئۆجەلان:** تێکڕای داهاتی مانگانەی

## پەکەکە بازرگانی بە ماددەی هۆشبەرەوە ناکات و تەنیا گومرگی لێوەردەگرێت

## زۆرترین داهاتی پەکەکە لەسەر سنووری رۆژهەڵات و باشووری کوردستانە

ئێستای پەکەکە جیاوازترە لە ساڵانی رابردوو، چونکە ئێستا خەباتی پەکەکە فراوانتر بووە، ئێستا مەزندە دەکەم پەکەکە ساڵانە نزیکەی 50 ملیۆن دۆلار داهاتی هەبێت.
**رووداو: میدیاکانی پەکەکە چۆن دامەزران؟ کێ رۆڵی سەرەکی بینیووە لە دامەزراندنیان؟**
**عوسمان ئۆجەلان:** بە رەحمەت بێت باهچە جامتورک و ساڤاش بوڵدان، مێردی پەروین بوڵدان، کە ئێستا ئەندامی پەرلەمانی تورکیایە، زۆرترین رۆڵیان لە دامەزراندنی راگەیاندنی پەکەکەدا هەبووە. رۆژنامەی رۆژانە و مەد تی ڤی و رۆژنامەی ئۆلکە ئەوان دایانمەزراند. ئەوان خۆیان دەوڵەمەند بوون و هاوڕێی دەوڵەمەندیان زۆر بوو. پارەیان کۆدەکردەوە بۆ پەکەکە، بەڵام تورکیا بەهۆی ئەوەی کە هاوکاریی پەکەکەیان دەکرد، هەردووکیانی کوشت.
**رووداو: هیچ پەیوەندییەکی ئابووری لەنێوان بەرپرسانی پەکەکە و پارتی و یەکێتیدا هەیە؟**

## پەکەکە بۆڕیی نەوتی کوردستانی وەک کاردانەوە بەرامبەر نێچیرڤان بارزانی تەقاندەوە

**عوسمان ئۆجەلان:** پەکەکە لەگەڵ پارتی پەیوەندیی باش نییە، لەگەڵ یەکێتی پەیوەندیی باشە. یەکێتی لەسەرەتای شەڕی داعشەوە تاوەکو ئێستا نزیکەی 20 ملیۆن دۆلاری وەکو هاوکاری داوەتە پەکەکە. مەلا بەختیار و هێرۆخان زۆرترین رۆڵیان لەو هاوکارییانەدا هەبووە. پارتیش هاوکاریی پەکەکەی کردووە، بەڵام کەمتر لە یەکێتی.
**رووداو: لە بەرامبەر ئەو هاوکارییانەدا پەکەکە چی بۆ یەکێتی دەکات؟**
**عوسمان ئۆجەلان:** پەکەکە لەڕووی سیاسییەوە هاوکاریی دەکات، بەتایبەتی لەکاتی تەنگانەدا هەموو راگەیاندنەکانی پەکەکە هاوکاریی یەکێتی دەکەن، بۆئەوەی مەعنەویاتی بەرزببێتەوە. کەواتە بەگشتی یەکێتی لەڕووی ماددیەوە هاوکاریی پەکەکە دەکات، پەکەکەش لەڕووی سیاسییەوە هاوکاریی یەکێتی دەکات. بەڕاستی ئەو رێککەوتنە رێککەوتنێکی ناخۆشە.
**رووداو: نەوتی رۆژئاوای کوردستان چۆن دەفرۆشرێت و داهاتەکەی چیی بەسەردێت؟**
**عوسمان ئۆجەلان:** هیچ زانیارییەکم نییە لەسەر چۆنیەتی فرۆشتنی نەوت لە رۆژئاوای کوردستان، ناشزانم چۆن بەڕێوەدەبردرێت.
**رووداو: بۆچی پەکەکە بۆڕیی نەوتی کوردستانی تەقاندەوە؟ رێی تێدەچێت جارێکی دیکەش ئەو کارە دووبارە بکاتەوە؟**
**عوسمان ئۆجەلان:** کاک نێچیرڤان چەند رۆژێک پێش تەقاندنەوەی بۆرییە نەوتییەکە لێدوانێکی دابوو لەسەر رەوشی پەکەکە و تورکیا. قەندیل رەخنەی لە لێدوانەکانی کاک نێچیرڤان هەبوو. تەقاندنەوەی ئەو بۆرییە نەوتییەش کاردانەوە بوو بەرامبەر ئەو لێدوانانەی نێچیرڤان بارزانی. بڕوا ناکەم جارێکی دیکە پەکەکە بۆریی نەوتی کوردستان بتەقێنێتەوە. چونکە ئەگەر کارێکی وا بکات، لەڕووی جەماوەرییەوە زیانێکی زۆر دەکات.

- لە نێو پەکەکەدا گەندەڵی دارایی نییە
- گەریلا کرێکاریان دەکرد بۆ ئەوەی کلاشینکۆفێک بۆ خۆیان بکڕن
- بۆ کڕینی دەمانچەیەک دوو کیسە نیسکم فرۆشت
- ئێران و رووسیا لە هەشتاکاندا هاوکاریی پەکەکەیان نەکردووە
- سووریا حەزی دەکرد کوردی رۆژئاوا بچنە ریزەکانی پەکەکە
- مێردی پەروین بوڵدان رۆڵی کارای هەبووە لە دامەزراندنی راگەیاندنی پەکەکە

رووداو کوردستانی
ژمارە (370) دووشەممە 2015/8/10

## 95 زیندانی رادەستی ئێران کرانەوە

**رووداو- حاجی ئۆمەران**

رۆژی 2015/8/9 لە خاڵی سنووری حاجی ئۆمەران لە سنووری پارێزگای هەولێر، 95 زیندانی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان رادەستی کۆماری ئیسلامیی ئێران کرانەوە. هەموو بەندکراوەکان لە بەندیخانەکانی هەرێمی کوردستان بە تاوانی بازرگانی و مامەڵەکردن بە ماددەی هۆشبەرەوە بەپێی یاسا حوکمی زیندانییان بەسەردا درابوو. عەبدوڵڵا ئاکرەیی، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئێران بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند "بەپێی رێککەوتنی بەغدا و تاران، ئاڵوگۆڕی زیندانییەکان ئەو زیندانیانە ناگرێتەوە کە بە تۆمەتی سیاسی بەندکراون".



ئۆزەر سنجار، سەرۆکی سەنتەری لێکۆڵینەوەی میترۆپۆڵ بۆ (رووداو):

# ئاکەپە کوردی لەدەستدا



"هەدەپە چیدیکە کێشەی بڕینی بەربەستی هەڵبژاردنی نابێت". ئەمە قسەی ئۆزەر سنجار، سەرۆکی سەنتەری لێکۆڵینەوەی میترۆپۆڵ بۆ راپرسی و توێژینەوەیە. پێشبینییەکانی ئۆزەر و تیمەکەی لە هەڵبژاردنی 7ی حوزەیرانی ئەمساڵدا لە تورکیا، بەبەراورد لەگەڵ سەنتەرەکانی دیکە، زۆر نزیک بوو لە ئەنجامەکان. ئەو لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) پێیوایە ئێستا زەحمەتە ئاکپارتی بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی پێشوەخت بدات: "چونکە رێژەی دەنگەکانی نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی بتوانێ جارێکی دیکە بەتەنیا حکومەت دروست بکاتەوە". هەروەها پێشبینیی هەڵکشانی دەنگەکانی جەهەپەش دەکات، ئەگەر هەڵبژاردنی پێشوەخت بکرێ.

رووداو- هەولێر

### ئاکپارتی تا رێژەی دەنگەکانی نەگاتە 44% هەڵبژاردنی پێشوەخت ناکات

### ئەگەر حکوومەتی ئاکپارتی – جەهەپە دروست بوو ئاگربەست دەبێتە ئەمری واقیع

**رووداو: پێشبینییەکان دەڵێن تورکیا بەرەو هەڵبژاردنی پێشوەخت دەڕوات، پێشبینی تۆش هەر وایە؟**

**ئۆزەر سنجار:** تا ئەوکاتەی رێژەی دەنگەکانی ئاکپارتی نەگاتە 44%، هەڵبژاردنی پێشوەخت ناکرێت.

**رووداو: بۆچی مەیلی زۆرینەی نێو ئاکپارتی لەگەڵ هەڵبژاردنی پێشوەختدایە؟**

**ئۆزەر سنجار:** ئاکپارتی ناخوازێ کەس شەریکی بێت لە بەڕێوەبردنی حکومەتدا. ئەگەر زۆر ناچار نەبێت ناخوازێ بچێتە ژێر باری حکومەتی هاوپەیمانی، بەڵام ئەگەر دەنگی ئاکپارتی لە دەوروبەری رێژەی 42% بمێنێتەوە، چاوەڕێی حکومەتی هاوپەیمانی ئاکپارتی – جەهەپە دەکەین.

**رووداو: رووداوەکانی ئەمدواییەی تورکیا چ کاریگەرییەکی لەسەر دەنگدەر بەجێهێشتووە؟**

**ئۆزەر سنجار:** گۆڕانێکی بەرچاو لە رێژەی دەنگی پارتەکان بەدیناکرێت.

**رووداو: ئەگەر هەڵبژاردنی پێشوەخت بکرێت ئاکپارتی بە تەنیا دەبێتە دەسەڵات؟**

**ئۆزەر سنجار:** تا ئەم ساتە دەنگەکانی ئاکپارتی بەشی ئەوە ناکات بەتەنیا ببێتە دەسەڵات، بۆ ئەمەش، جگە لە هاوپەیمانێتی لەگەڵ جەهەپە هیچ رێگەچارەیەکی دیکەی نییە.

**رووداو: سیاسەتی مەهەپە بەمدواییانە بە ئەرێنی یان نەرێنی کاریگەریی لەسەر رێژەی دەنگەکانی کردووە؟**

**ئۆزەر سنجار:** لە رێژەی دەنگەکانی مەهەپەدا گۆڕانێکی گرنگ و واتادار بەدیناکرێت.

**رووداو: لەدوای هەڵبژاردنی 7ی حوزەیرانی 2015، جەهەپە سەقامگیرترین پارتی تورکیایە. ئەگەر هەڵبژاردنی پێشوەخت بکرێ دەنگەکانی زیاددەکات؟**

**ئۆزەر سنجار:** لەدوای 7ی حوزەیران، جەهەپە سیاسەتێکی هەرە سەقامگیر و ئەرێنیی پەیڕەو کرد. بۆیە چاوەڕێ دەکەین دەنگەکانی جەهەپە هەڵبکشێت.

**رووداو: دوای دەستپێکردنەوەی شەڕی پەکەکە – دەوڵەت دەنگەکانی هەدەپە گۆڕانیان بەسەردا هاتووە؟**

**ئۆزەر سنجار:** چاوەڕێ ناکەین بەهۆی ئەم رووداوانەی ئەمدواییەوە گۆڕانێک بەسەر دەنگەکانی هەدەپەدا بێت.

**رووداو: ئەگەر هەڵبژاردنی پێشوەخت بکرێت، مەترسی هەیە هەدەپە لەژێر بەربەستی هەڵبژاردندا بمێنێتەوە؟**

**ئۆزەر سنجار:** پێموایە ئەگەر هەڵبژاردنی پێشوەخت بکرێت، هەدەپە کێشەی بەربەستی هەڵبژاردنی نابێت.

**رووداو: ئەحمەد داودئۆغڵو دەڵێت "بەربەستی هەڵبژاردن دەگۆڕین و رێژەکە بۆ 7% کەمدەکەینەوە. ئەگەر ئەمە بکرێت چ کاریگەرییەکی لەسەر رێژەی دەنگەکانی هەدەپە دەبێت؟**

**ئۆزەر سنجار:** ئەگەر رێژەی بەربەست کەم بکرێتەوە، لەوانەیە دەنگە ئەمانەتەکانی بگەڕێنەوە. پێموایە لەکۆی 2%ی دەنگە ئەمانەتەکان 1%ی بۆ جەهەپە دەگەڕێتەوە. بۆیە کەمکردنەوەی رێژەی بەربەستی هەڵبژاردن لەهەموویان زیاتر سوود بە جەهەپە دەگەیێنێ. هەدەپە لە کەمکردنەوەی رێژەی بەربەست تا رادەیەک دەنگەکانی لەکورتی دەدات، بەڵام ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی ئاکپارتی بەتەنیا ببێتەوە دەسەڵاتدار.

**رووداو: لە 7ی حوزەیران ئاکپارتی لە باکووری کوردستان تووشی دۆڕانێکی گەورە بوو. پێتوایە ئاکپارتی لە باکووری کوردستان هەڵبستێتەوە؟**

**ئۆزەر سنجار:** چاوەڕێ ناکەم ئاکپارتی لە ناوچەکە بگەڕێتەوە دۆخی جاران. لەوانەیە لە عەنتاب و ئەرزرووم هەندێک کورسی بەدەست بێنێ، بەڵام تابلۆی سیاسیی ناوچەکە بەتەواوەتی لەدەستی هەدەپەدا دەبێت. ئاکپارتی کوردی لەدەستدا. ئەگەر هەدەپە و پەکەکە هەڵەش بکەن، لەڕووی رێژەی دەنگەکانەوە گۆڕانێک روودەدات، بەڵام مەحاڵە بگەڕێنەوە دۆخی بەر لە 7ی حوزەیران. جارێکی دیکە دووپاتی دەکەمەوە ئاکپارتی کوردی لە دەستدا.

**رووداو: دەنگدەر بۆئەوەی ئاگربەست رابگەیێنن فشار دەخەنە سەر هەردوولا؟**

**ئۆزەر سنجار:** رۆشنبیران و میدیا بۆ گەیشتن بە ئاگربەست گوشار دەکەن، بەڵام کاریگەریی ئەمە زۆر سنووردارە، بەڵام ئەگەر حکومەتی هاوپەیمانیی ئاکپارتی – جەهەپە دروست بکرێت، ئاگربەست دەبێتە ئەمری واقیع. ئێستا جگە لە ئاگربەست، چارەی دیکە نییە. ئەمریکا لەدژی داعش پەکەکەی کردە قوربانی، بەڵام نەگەیشتە مەرامەکانی. لەدژی داعش ئۆپەراسیۆنێکی جدی نەکرا، هەرچەندە لەوانەیە سنوورەکان بەچڕی چاودێری بکرێن.

**رووداو: چۆن هێرشەکانی پەکەکە هەڵدەسەنگێنیت؟**

**ئۆزەر سنجار:** پەکەکە هەڵە دەکات. پەکەکە تەنیا بە دەوڵەتی تورکیا خەریک نییە، بەڵکو بە دەمیرتاشیشەوە خەریکە. قەندیل یان هەندێک لەوانەی ئەوێ هەوڵدەدەن رێگە لە گەورەبوونی دەمیرتاش بگرن.

**رووداو: ئەگەر هەدەپە واز لە پرۆژەی بەتورکیاییبوون بێنێت و ببێتە پارتێکی کوردی، دەتوانێ بەربەستی هەڵبژاردن تێبپەڕێنێت؟**

**ئۆزەر سنجار:** وازهێنان لە پرۆژەی تورکیاییبوون بەمانای جیابوونەوە دێت. ئەمە زۆر زۆر هەڵە دەبێت و باجەکەشی لەسەر هەموو لایەک گران دەکەوێت. ئەوکات گرنگی بۆ تێپەڕاندنی بەربەستی هەڵبژاردن نامێنێ.

**رووداو: باس لە هەڵگرتنی حەسانەی پەرلەمانی و زیندانیکردنی سەلاحەددین دەمیرتاش و چەند سەرکردەیەکی دیکەی هەدەپە دەکەن. رەنگدانەوەی ئەمە چی دەبێت؟**

**ئۆزەر سنجار:** دەمیرتاش سەرکردەیەکی گرنگە. لەوانەیە بخوازن ئەو پاکتاو بکەن.

### ئەمریکا پەکەکەی کردە قوربانی داعش

### قەندیل نایەوێت دەمیرتاش گەورە بێت

### پاکتاوکردنی دەمیرتاش هەڵەیەکی کوشندەیە

### چاوەڕێ دەکەین دەنگی جەهەپە زیاد بکات

---

لەنێوان ئاگربەست و دەستپێکردنەوەی شەڕدا

# کێ نێوبژیوانیی پەکەکە و تورکیا دەکات؟



سەرۆکی ناوەندی دیجلە بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی:

### بارزانی دەتوانێت بێمتمانەیی نێوان پەکەکە و تورکیا نەهێڵێت

سەرکردەیەکی کەجەکە:

### داوامان لە ئەمریکا و ئەوروپا کردووە ببنە نێوبژیوان

**رووداو- هەولێر**

ئەو چاودێرە سیاسییانەی لە تورکیاوە بۆ (رووداو) قسەیانکردووە بە باشی دەزانن پرۆسەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە باکووری کوردستان لە ژوورە تاریکەکانەوە ببردرێتە نێو پەرلەمانی تورکیا. هەندێکیشیان دەڵێن چاوی سێیەم بۆ چاودێریکردنی ئەو پرۆسەیە پێویستە و دەبێ مەسعوود بارزانی ئەو ئەرکە وەئەستۆ بگرێت.

دوای تێپەڕینی زیاتر لە دوو ساڵ بەسەر رەوشی "شەڕڕاوەستان" لە باکووری کوردستان، لە رۆژی 23ی حوزەیرانی 2015، پاش هەردوو تەقینەوەکەی ئامەد و پەرسوس و کوشتنی دوو پۆلیس، کە دواتر پەکەکە بەرپرسیارێتیی خۆی لە کوشتنیان راگەیاند، شەڕ لەنێوان سوپای تورکیا و پەکەکە دەستپێکردەوە. ئەمەش هەموو هاوسەنگی و حیسابە نێودەوڵەتییەکانی لە ناوچەکەدا سەراوژێر کرد. چونکە ئەو شەڕە، پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی داعش پەکدەخات. بەرلەوەی کار لە کاریش بترازێت دەنگ و هەوڵەکان بۆ کۆتاییپێهێنان و درێژەدان بە پرۆسەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەستپێیکرد. بۆ ئەو مەبەستەش لە چواری ئەم مانگەوە لەدوای کۆبوونەوەی سەلاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی پارتی دیموکراتی گەلان HDP لەگەڵ کەمال کلیچدارئۆغڵو، سەرۆکی پارتی گەلی کۆماری CHP.

هەریەک لە سری سورەییا ئۆندەر، گوتەبێژی شاندی ئیمراڵی و ئیدریس بالوکەن، جێگری هاوسەرۆکی فراکسیۆنی هەدەپە لە پەرلەمانی تورکیا، سەردانی محەممەد چاوشئۆغلۆ، راوێژکاری کاروباری گشتیی تورکیایان کرد. ئەو کۆبوونەوەیەش لەدوای کۆبوونەوەی دۆڵمەباخچە لە 28ی شوباتی رابردوو، بە یەکەمین کۆبوونەوەی دەوڵەت و هەدەپە دادەنرێت. یەکسەر لەدوای ئەو کۆبوونەوەیە سەلاحەدین دەمیرتاش بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرسانی KCK بەرەو برۆکسلی پایتەختی بەلجیکا بەڕێکەوت. کۆبوونەوەی هەدەپە و راوێژکاری کاروباری گشتی لەلایەک و کۆبوونەوەی دەمیرتاش و رەمزی کارتاڵ و زوبێر ئایدار لەلایەکی دیکە وەکو هەنگاوێک بۆ گەڕانەوە بۆ دۆخی "ئاگربەست" لەقەڵەم دەدرێت.

سەمیع ئیدیز، نووسەر و پسپۆڕ لەبارەی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا، پێیوایە لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ، گوشارێکی دەرەکی و نێوخۆیی لەسەر دەوڵەت و پەکەکە بەئاشکرا و بەنهێنی بۆ برەودان بە پرۆسەی ئاشتی هەیە.

ئیدیز بە (رووداو)ی گوت "پێموایە دەبێ هەردوولا رێگەی دوورکەوتنەوە لە شەڕ بگرنەبەر. بژارەی دیکەیان لەبەردەم نەماوە. ئەو شەڕە شەڕێک نییە درێژەی پێبدەن".

ئەگەرچی چەندینجار پەکەکە یەکلایەنە ئاگربەستی راگەیاندووە، بەڵام تورکیا وەڵامی ئەرێنیی بۆ ئاگربەست نەبووە. لە نەورۆزی 2013 بارودۆخەکە گۆڕانکاریی بەسەرداهات، پەکەکە هێرشەکانی راگرت و سوپاش ئۆپەراسیۆنەکانی وەستاند، بەڵام پسپۆڕانی سیاسی پێیانوایە ئەگەر لایەنەکان بگەڕێنەوە سەر رێگەی ئاشتی، بارودۆخەکە وەکو جاران ناچێتەسەر. بۆ ئەمەش پێشنیاز دەکەن ئاگربەست لەنێوان هەردوولا بەفەرمی بکرێت و پرۆسەی چارەسەریش لە ژوورە تاریکەکانەوە بێتە نێو پەرلەمان.

موراد یەتکین، کە نووسەرێکی دیاری تورکیایە، دەڵێت "شتێکی سروشتیە کاتێک دانوستاندن هەبێ شەڕ رادەوەستێت. ئاگربەست ئامانج نییە، بەڵکو ئامرازە بۆ گەیشتن بە چارەسەری کێشەی کورد".

چۆن دەکرێت پرۆسەکە درێژەی هەبێت و رێگە لە لەبارچوونی بگیرێت؟ موراد یەتکین، لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا بە (رووداو) دەڵێت "سەنتەری چارەسەری کێشەی کورد پەرلەمانە. بە رادەی گرنگیی گفتوگۆی نێوان پەکەکە و دەوڵەت، گواستنەوەی ئەو پرۆسەیە بۆ پەرلەمان گرنگە. هەمووان ناچارن ئەو پرۆسەیە بێننە نێو پەرلەمان، چونکە بەشێکی داواکارییەکان لەڕێگەی گۆڕینی دەستوور و یاساکان جێبەجێ دەکرێن". بەڵام محەممەد کایا، سەرۆکی ناوەندی دیجلە، پێیوایە پەرلەمانی تورکیا ناتوانێ چارەسەری کێشەی کورد بکات: "لەڕووی دیموکراسییەوە گواستنەوەی پرۆسەی چارەسەری بۆ نێو پەرلەمان شتێکی باشە، بەڵام کێشەی کورد چارەسەر ناکات. ئەزموونی ئامادەکردنی دەستوور لە خولی رابردووی پەرلەماندا باشترین نموونەی سەلماندنی ئەم راستیەیە".

چاودێران پێیانوایە بەبێ لایەنی سێیەم ئەو پرۆسەیە هەموو کاتێک لەژێر هەڕەشەی لەنێوچووندایە. بۆیە بە پێویستی دەزانن لایەنی سێیەم بێتە ناو پرۆسەکەوە، بەڵام لەبارەی لایەنی سێیەمەوە ناکۆکی و بۆچوونی جیاواز هەن.

جەمیل بایک هاوسەرۆکی کەجەکە لە مانگی ئاداری رابردوو لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ گۆڤاری (ئیکۆنۆمیست) داوایکردبوو ئەمریکا نێوبژیوانیی نێوان پەکەکە و تورکیا بکات. دوای ئەو لێدوانە، ئەحمەد داودئۆغڵو سەرۆک وەزیرانی تورکیا رایگەیاند "پرۆسەکە بە باشی بەڕێوەدەچێت، پێویست بە نێوبژیوانیی ئەمریکا ناکات. دەستەی عاقڵمەندان دەتوانن چاودێریی پرۆسەکە بکەن".

لە رۆژی 7ی ئەم مانگەش دوای ئەوەی میدیاکانی تورکیا بڵاویانکردەوە هەدەپە لەگەڵ راوێژکاری کاروباری گشتیی تورکیا کۆبووەتەوە، زوبێر ئایدار، سەرکردەی کەجەکە لە برۆکسل، بە رۆژنامەڤانانی راگەیاند کە ئەوان داوایان لە ئەمریکا و ئەوروپا کردووە رۆڵی ناوبژیکار ببینن.

سەرۆکی ناوەندی دیجلە بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی لەوبارەیەوە دەڵێت "پرۆسەکە بەبێ چاوی سێیەم زۆر لەسەرخۆ دەڕوات. بارزانی دەتوانێ لەوبارەیەوە رۆڵی بونیادنەرانە ببینێت. سەرۆکوەزیران لە ئورفا پێیگوتین: من متمانەم بە بارزانی هەیە. ئەگەر لەنێوان پەکەکە و بارزانیش ناو بە ناو کێشە هەبێت، کورد متمانە بە بارزانی دەکەن. کورد دەزانن بارزانی نایانفرۆشێت. بارزانی دەتوانێ بێ متمانەیی نێوان هەردوولا بڕەوێنێتەوە".

سەمیع یدیز، پسپۆڕی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا پێیوایە ئەگەر پەکەکە لەنێو کارەکەدابێ ئەمریکا و ئەوروپا رۆڵی ناوبژیوان نابینن، "چونکە هەردووکیان پەکەکەیان بە تیرۆریست لەقەڵەمداوە. ئەگەر نێوبژیوانی بکەن، لەگەڵ بڕیارەکانی خۆیان ناکۆک دەبن".

# کۆشکی سپی 100 هەزار واژۆ بۆ سەربەخۆیی کوردستان رەتدەکاتەوە

## سەرپەرشتیاری هەڵمەتەکە: وەڵامەکە چاوەڕوانکراو بوو

**ئوسامە گوڵپی**
**رووداو- واشنتن**

هەڵمەتێکی واژۆکۆکردنەوە بۆ سەربەخۆیی کوردستان، کە 100 هەزار کەس بەشدارییان تێداکرد، هەفتەی رابردوو لەلایەن کۆشکی سپییەوە رەتکرایەوە و جەخت لەسەر یەکپارچەیی عێراق کرایەوە.

هەموو چیرۆکەکە لە تەمموزی 2014 دەستیپێکرد، کاتێک مێردمنداڵێکی ئەمریکی بەناوی جاناسن سکوەر، هەڵمەتێکی واژۆکۆکردنەوەی دەستپێکرد و تێیدا داوای لە سەرۆکی ئەمریکا کرد، پشتگیری لە سەربەخۆیی کوردستان بکات. ئەو هەڵمەتە هەفتەیەک بەر لە هێرشەکانی گرووپی دەوڵەتی ئیسلامی (ناسراو بە داعش) بوو بۆ سەر کوردستان، کە هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکای لەدژی ئەو گرووپە بەدوای خۆیدا هێنا.

لە وەڵامی فەرمیی سەت هەزار واژۆکەدا، کۆشکی سپی نووسیویەتی "سەرۆک پابەندە بە عێراقێکی دیموکراسی، فیدراڵی و یەکگرتوو. وەکئەوەی لە دەستووری عێراقدا هاتووە." جاناسن سکوەر لەوبارەیەوە گوتی: "ئەو وەڵامە رووخێنەر بوو بۆ هەڵمەتێک کە لەلایەن زیاتر لە 100 هەزار کەسەوە واژۆکرابوو. ئەوان بەهیوا بوون ئەمریکا گۆڕانکاری لە سیاسەتی خۆیدا لە عێراق بکات". بەڵام وەک سکوەر گوتی: "هەرواش وەڵامەکە چاوەڕوانکراو بوو."

سکوەر دەڵێت "ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هێشتا پشتگیری لە مانەوەی عێراقێکی یەکگرتوو دەکات: ئەو سنوورە دەستکردەی لەلایەن زلهێزە ئەوروپییەکانەوە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کێشرا، لەپاش جەنگی جیهانیی یەکەم، بەبێ رەچاوکردنی جیاوازیی ئایینی و نەتەوەیی ئەوانەی لە ناوچەکەدا دەژیان."

بەرلەوەی شەڕی داعش بەرۆکی پێشمەرگەی کوردستان بگرێت، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، مەسعود بارزانی، باسی لە ریفراندۆمێک بۆ سەربەخۆیی کوردستان کرد. لەکاتی سەردانێکیدا بۆ واشنتن لە مانگی مایسی رابردوو، بارزانی بە کەناڵی PBSی ئەمریکی گوت "ئەو جەنگە بووە هۆی دواخستنی پرۆسەکە، بەڵام هێشتا پرۆسەکە بەهای هەیە و دەست لەو ریفراندۆمە هەڵناگرین".

د.فوئاد حوسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان گوتی لەکاتی سەردانەکەیاندا بۆ ئەمریکا خواستی کورد بۆ سەربەخۆییان لەگەڵ بەرپرسانی ئەمریکا باسکردووە.

درەو مەهدی، مامۆستا لە هەڵەبجە دەڵێ ئەمریکا هەموو ئەوانەی لە بەرچاو نییە کە کورد بۆیکرد لەپاش جەنگی عێراقەوە لە ساڵی 2003. درەو بە (رووداو)ی گوت: "کورد زۆر زیاتر لە عەرەبەکان ئامێزی بۆ ئەمریکییەکان کردەوە و پێشوازیی لێکردن، بەڵام ئەمریکییەکان ئەوەیان لەبەرچاو نەبوو. لەبری ئەوە هەموو گرنگی و بایەخیان دایە گرووپە چەکدارە شیعەکان".



لە کۆتایی ساڵانی هەشتاکاندا و لەسەر دەستی حکومەتی پێشووی عێراق، کورد رووبەڕووی تاوانی کۆمەڵکوژی و جینۆساید بووەوە. لەوانە هەڵمەتی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە.

"هەموو ئەم نەهامەتیانە بەس نین بۆ داواکردنی سەربەخۆیی!"، ئەمە گوتەی رەوا بەرزنجییە، کە قوتابییەکی کوردە لە لەندەن. هەروەها سارا کاروان، لە سەنتەرێکی رۆشنبیری لە سلێمانی، گوتی "ئەمە وەڵامێکی دڵخۆشکەر نییە بۆ ئێمەی کورد، بەڵام بەبۆچوونی من ئێستا کاتێکی گونجاو نییە بۆ سەربەخۆیی". سارا پێیوایە ئێستا فاکتەرە دەرەکی و نێوخۆییەکان بە قازانجی سەربەخۆیی کوردستان نین: "وەک هەموو کەسێکی دیکە سەربەخۆییم دەوێ، عێراق وردە وردە بەرەو داڕمان دەچێ، بڕیارێکی باشتر ئەوەیە کە کەمێک زیاتر چاوەڕێ بکەین بۆ هاتنەدی ئەو خەونەمان".

هێشتا، سکوەر سوورە لەسەر بەردەوامی گەیاندنی داواکانی کورد، چونکە وەک خۆی دەڵێت: "بەداخەوە وەڵامەکەی کۆشکی سپی بۆ هەڵمەتەکە هەڵوێستێکی نادروستە و خیانەتی بەردەوام و سیاسەتی هەڵەی ئەمریکا دەردەخات بەرامبەر کورد".

## دەڵێ هێشتاش ژنان لەنێو داعشەوە پەیوەندیم پێوەدەکەن

# خدر مەرگی رەش بڵاودەکاتەوە

**یودیت نیورینک**
**رووداو – دهۆک**

خدر دوومڵی، کە رۆژنامەنووسێکی کوردی ئێزدییە، دەڵێت خۆی بە منەتباری ئەو ژنە ئێزدییانە دەزانێت کە چیرۆکی خۆیانیان بۆی گێراوەتەوە. چیرۆکی ئەو ژنانەی داعش رفاندنی و دواتر ئازادکران. نێوەڕۆکی کتێبەکەی دوومڵییە.

کتێبەکەی خدر، بەناوی (مەرگی رەش) لەکاتێکدا بڵاودەبێتەوە کە ساڵێک بەسەر کارەساتی شنگال و هێرشی چەکدارانی داعش بۆ سەر ئێزدییەکان تێدەپەڕێت. کتێبەکە باسی "تراژیدیای ژنانی ئێزدی لە چنگاڵی داعشدا" دەکات.

خدر دوومڵی کە لە شاری دهۆک نیشتەجێیە، لەکاتی هێرشەکانی داعشدا، باوەشی بۆ خزم و ناسیاوانی کردەوە و لە ماڵی خۆی پەنایدان. سەرەتا دوومڵی لەگەڵ ئەو ژنانەی کە لەبندەستی داعشدا مابوون لە پێوەندیدا بوو. ژمارەی تەلەفۆنی دوومڵییان دەدایە یەکدی. زۆر لەو ژنانەی کە تەنانەت پێشتریش دوومڵییان نەدەناسی بە وردی باسی دۆخ و شوێنی خۆیانیان بۆیدەکرد. دوومڵی و هاوکارانی هەوڵیاندەدا یارمەتی ژنەکان بدەن کە چۆن خۆیان رزگار بکەن.

ئەگەرچی رۆژنامەنووس و چالاکڤانی دیکەش لەلایەن ژنانی ئێزدییەوە پێوەندیی تەلەفۆنییان پێوەدەکرا، بەڵام دوومڵی یەک لەو چەند رۆژنامەنووسە دەگمەنانە بوو کە تاوەکو ئەمدواییەش تەلەفۆنی بۆ دەکرا و ژنانی ئازادردیتووی ئێزدی چیرۆکی خۆیان بۆ دەگێڕایەوە.

خدر دەڵێت: "ژنێک جارێک پێیگوتم کاتێک قسەم لەگەڵ دەکردن ئومێدی نوێم پێدەدان. هەر بۆیەشە من بڕیارمدا ئەم کتێبە بنووسم. ئەو ژنە دەیگوت ئەگەر خۆت لەو دۆخەدا نەبیت کە ئێمەی تێدا بووین، ناتوانیت وێنای بکەی کەچی روویداوە. ئەوەی ئێمە لە داعش دیتمان وێنەی نییە لە دڵڕەقی، تا ئەو راددەیەی کە تۆ باوەڕ ناکەیت".

هەندێک لەو ژنانە هێشتا لەلای داعش ماونەتەوە، هەندێکیشیان دوای ئەوەی رایانکرد پێوەندیان بە دوومڵییەوە کردووە: "هەوڵدەدەم بەدواداچوون بۆ دۆخی ئەو ژنانە بکەم، دەمەوێت وا بکەم خەڵک بزانێت کە ئەم لێقەوماوانەش خەڵکی ئاساییین."

خدر دەڵێت ئەو یەکەم کەس بوو پەی بەوە برد داعش چۆن پیلانی رفاندنەکانی داڕشتووە. ئەو دەڵێت: "ئەوان سەر لە بەیانی سێی مانگی ئاب، دەستیانپێکرد. ژنەکانیان کۆکردنەوە و ناردنیانن بۆ تەلعەفەر و دواتریش بۆ مووسڵ. دواتر بەسەر بنکەکانی داعشدا دابەشیانکردن و وەک غەنیمە دەیاندان بە شەڕکەرە بیانییەکان".

دوومڵی ئەو کتێبەی بۆیە نووسی، چونکە زۆربەی چیرۆکە رۆژنامەڤانییەکان تەنیا باس لەو دەستدرێژییە جەستەییانە دەکەن کە کراونەتە سەر ژنانی کوردی ئێزدی. ئەو دەڵێت: "کەس باسی ئەوەی نەکرد کە دراوسێکانیان چۆن مامەڵەیان لەگەڵ ئەواندا کردووە، لە هەندێک لەو گوندانەی تاوەکو ئێستا ئازاد نەکراون ژنانی ئێزدی وا بۆ ساڵێک دەبێت لەلایەن خەڵکی مەدەنی عەرەبی ناوچەکەوە گیراون و بەریان نادەن.


لە ئەنجامی پەیوەندییەکانی بەو ژنانەی لە بن دەستی داعشدان. دوومڵی دەڵێت بۆی دەرکەوتووە "هەندێک لەو ژنانە لەلایەن خەڵکی مەدەنییەوە گیران نەک چەکداران".

کتێبەکە هەروەها باس لەوە دەکات کە چۆن چەکدارانی داعش مامەڵە لەگەڵ ئەو ژنە ئێزدییانە دەکەن کە لەژێر گوشار بوونەتە ئیسلام. زۆرجار ئەوان بۆیان دەردەکەوێت کە فێڵیان لێکراوە. دوومڵی دەڵێت "من چیرۆکی وام لایە کە دەڵێت تەنانەت گۆڕینی ئایینیش هیچ کاریگەرییەکی نەبوو لەسەر دۆخی ئەوان".

خدر بڕیاریدا یەکەم بەرگی کتێبەکە بە عەرەبی بڵاوبکاتەوە. ئەو دەڵێت "من دڵنیام بەشێکی کەم لەوەی روویداوە بە عەرەبی بڵاوکرابێتەوە و هەڵگیرابێت. تاوەکو ئێستاش زۆر عەرەب هەن باوەڕ ناکەن نزیکەی 3000 ژن و منداڵی ئێزدی لە دەستی داعشدا ماون. هەروەها باوەڕ ناکەن چۆن داعش ئاییني بەکارهێنا تاوەکو ژن بکاتە کۆیلە و بە چەند سەد دۆلارێک بیانفرۆشێتەوە."

دوومڵی بەنیازە کتێبەکەی بە کوردی و ئینگلیزیش بڵاوبکاتەوە. ناونیشانی کتێبەکەشی (مەرگی رەش) لەسەر زاری یەکێک لەو ژنانە وەرگرتووە کە هێشتا لە دەست داعشدا ماون.

دوملی دەڵێت "شەوێکیان ژنەکە بە تەلەفۆن گوتی: من هەرگیز ئەو رۆژە لەبیرناکەم کە چۆن لەژێر ئەم ئاڵا رەشەدا بەسەر ئەم تراژیدیایە کەوتین، جلوبەرگی رەش و ریشی رەش. ئەگەر رۆژێک من بمەوێت بمرم، نامەوێت لە ژێر ئەم رەشییەدا بمرم".




## لە کۆشکی سپییەوە بۆ کەلاوەیەک لە دهۆک

# سەرۆکی زانکۆی ئەمریکی لەسەرچی وازیهێنا؟



**ناسر عەلی**
**رووداو – دهۆک**

راوێژکارێکی پێشووی کۆشکی سپی لە ئەمریکا لە خانوویەکی تەواونەکراودا لە گوندێکی دهۆک نیشتەجێ بووە. ئەو راوێژکارە دەڵێت بۆ خزمەتکردنی ئاوارەکان دەستبەرداری پۆستی سەرۆکی زانکۆی ئەمریکی بووە لە دهۆک.

د.پۆڵ مارتن، 50 ساڵ، لە ویلایەتی کالیفۆرنیا لەدایکبووە و دکتۆرای لە بواری دەروونیدا هەیە، لە چەند زانکۆیەکی ئەمریکا و ئەوروپا وانەی گوتووەتەوە. لەگەڵ دەستبەکاربوونی بیل کلینتۆندا، وەکو سەرۆکی ئەمریکا، بە راوێژکار لەلای هیلاری کلینتۆنی هاوژینی بیل دەستبەکاربووە، کە ئەوکات ئەویش لە کۆشکی سپی بووە. هەروەها ساڵێکیش راوێژکار بووە لە کۆشکی سپی.

د.مارتن باسی هاتنی خۆی بۆ کوردستانی بۆ (رووداو) گێڕایەوە و گوتی "ئەوکاتەی لە کۆشکی سپی بووم، زانیاریم لەسەر کوردستان کۆکردەوە، دوای تەواوبوونی کارەکەم لە کۆشکی سپی، سەردانی باشووری کوردستانم کرد، پاشان بڕیارمدا لێرە بمێنمەوە". ئەو دەڵێت باشی و جوامێریی خەڵکی کوردستان وایکرد لێرە بمێنێتەوە: "خەڵکی کوردستان زۆر رێزیان لە من گرت، زۆر میواندۆستن، بۆیە بڕیارمدا لێرە بمێنمەوە و خزمەتیان بکەم. پەیمانگەیەکی فێربوونی زمانی ئینگلیزیم لە عەینکاوە دامەزراند، بۆ ماوەی شەش ساڵ سەرۆکی پەیمانگەکە بووم".

هەر لەسەرەتای دامەزراندنی زانکۆی ئەمریکی لە دهۆک داوا لە د.مارتن دەکرێت سەرپەرشتی ئەو زانکۆیە بکات و دەبێتە سەرۆکی زانکۆی ئەمریکی لە دهۆک. ئەو دەڵێت "هەتا ساڵێک لەمەوبەریش من سەرۆکی زانکۆی ئەمریکی لە دهۆک بووم، بەڵام دواتر وازمهێنا".

ناوبراو هۆکاری وازهێنانەکەی روونکردەوە و گوتی "ساڵی رابردوو لە ناکاو بینیم ژمارەیەکی زۆری ئاوارە لە مووسڵ و شنگال روویان لە دهۆک کرد، ئەوانم لە رەوشێکی زۆر خراپدا بینی، بۆیە بڕیارمدا واز لە سەرۆکایەتی زانکۆکە بهێنم و تواناکانم خەرج بکەم بۆ یارمەتیدانی ئاوارەکان. بۆ ئەم مەبەستەش رێکخراوێکی ناحکومیم بەناوی مێدئیست، دامەزراند".

دوای چەند مانگێک لە هاوکاریکرنی ئاوارەکان، مارتن بڕیاردەدات زیاتر تێکەڵی ئاوارەکان ببێ. ئەو دەڵێت "سەرەتا رۆژانە دەهاتمە گوندی سێجێ و گوندی بۆزان، یارمەتی ئاوارەکانم دەدا، زۆرجار شەوان ئاوارەکان پەیوەندییان پێوەدەکردم و دەیانگوت نەخۆشین، بۆیە بڕیارمدا هەر لەنێو ئاوارەکاندا لە گوندی سێجێ بمێنمەوە".

گوندی سێجێ، گوندێکی مەسیحینشینە و سەر بە قەزای سێمێلە. گوندەکە 200 خێزانی مەسیحی تێدایە، هەروەها 250 خێزانی کوردی ئێزدی و 50 خێزانی مەسیحی خەڵکی شنگال و مووسڵ لەوێ نیشتەجێبوون. ئێستا ژمارەی دانیشتووانی گوندەکە 1400 کەسە.

ئەو گوندە بەهۆی ئەوەی تەنیا 5 کیلۆمەتر لە سەنتەری شاری دهۆک دوورە، ژمارەیەکی زۆری خانوو بەشێوەی زێدەڕۆیی لەلایەن خەڵکی گوندەکەوە تێدا دروستکراوە، بەڵام تەواونەکراون، ئێستا ئاوارەکان لە نێو ئەو خانووانەدا دەژین. د.مارتنیش لەنێو یەکێک لە کەلاوەکاندا نیشتەجێ بووە.

مارتن گوتی "گوندی سێجێ هیچ کەمپێکی لێ نییە، هەموو ئاوارەکان لە خانووی تەواونەکراودا دەژین. رەوشی ئەوان خراپ بوو، بۆیە بڕیارمدا لەنێو ئەواندا بمێنمەوە، ئەوە حەوت مانگە هاتوومەتە نێو کەلاوەیەک".

مارتن دەڵێت ئاوارەکان هێشتا پێویستیان بەو ماوە، بۆیە بڕیاریداوە ماوەیەکی زۆرتر لەنێویاندا بمێنێتەوە. مارتن ئێستا گرێبەستێکی لەگەڵ خاوەن خانووەکە کردووە بۆ ماوەی شەش ساڵ. ئەو دەڵێت "لەگەڵ خاوەنی خانووەکە رێککەوتووین بۆ ماوەی شەش ساڵ لەنێو خانووەکەدا بمێنمەوە. ئەم ماوەیە دەستکاری خانووەکە دەکەم و وەکو خانووەکانی ئەمریکای لێدەکەم و هەموو پێداویستییەکی بۆ دابین دەکەم، لە بەرامبەر ئەمەدا هیچ کرێیەک نادەمە خاوەنی خانووەکە".

کاتێک لەگەڵ د. پۆڵ قسەماندەکرد، منداڵانی گوندەکە هاواریاندەکرد د.پۆڵ.. د.پۆڵ، ئەویش باوەشی بە منداڵەکاندا دەکرد و ماچی دەکردن. ئەو دەڵێت "لەگەڵ خەڵکی کەمپەکە وەکو هاوڕێین".

نزیکەی 20 کەس لە رێکخراوەکەی د. پۆڵدا کاردەکەن کە خەڵکی ئەمریکا، ئەوروپا، کۆریای باشوور و چینن. پۆڵ دەڵێت "هەفتانە هاوکاری بەسەر ئاوارەکاندا دابەش دەکەین، جگە لەوەش تیمێکمان قوتابخانەیەکیان کردووەتەوە و منداڵانی ئاوارە فێری زمانی ئینگلیزی دەکەن. هەروەها تیمێکی چینیش ئاوارەکان فێری کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ماسی دەکەن".

ڕووداو
ئابووری
ژمارە (370) دووشەممە 2015/8/10



## "700 هەزار کەس بێکار دەبن"

**ڕووداو- سلێمانی**

یاسین مەحموود، گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ڕێژەی بێکاربوونی کارمەندان لە کەرتی بەڵێندەرایەتی و وەبەرهێنان بۆ نزیکەی 700 هەزار کەس بەرز بووەتەوە، ئەمە جگە لەوەی نزیکەی 17 ملیار دۆلاریش پاشەکشەی ئابووری هەیە کە 8 ملیاری لە بواری وەبەرهێنان و 9 ملیاریشی لە بواری بازرگانییە". ناوبراو گوتی: "لەگەڵ بەرزبوونەوەی بەردەوامی بێکاریدا، بەردەوامیش داوامان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە کە ئەگەر ئەم قەیرانە لەوە زیاتر بخایەنێت ترسی تەقینەوەی جەماوەریی لێدەکرێت".

### ساڵانە 7 ملیۆن نەمام و گوڵی سروشتی هاوردەی کوردستان دەکرێ

# بازاڕی گوڵ و نەمامی دەگمەن گەرمە



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

### نەمامفرۆشێک:
## نەمامێکی زەیتوونم هەیە تەمەنی 800 ساڵە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو – هەولێر**

بەڕێوەبەری گشتیی باخداری و دارستان و پاوان لە هەرێمی کوردستان دەڵێت لە کوردستان خواستێکی زۆر لەسەر نەمام و گوڵی سروشتی هەیە. بۆیە ساڵ بە ساڵ هاوردەکردنیان زیاددەکات.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی باخداری و دارستان و پاوان، ساڵی ڕابردوو 7 ملیۆن و 218 هەزار نەمام و گوڵی سروشتی هاوردە کراوە. لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵیش نزیکەی دوو ملیۆن و 735 هەزار نەمام و گوڵی سروشتی هاوردەکراون.

حوسێن حەمەکەریم، بەڕێوەبەری گشتیی باخداری و دارستان و پاوان لە هەرێمی کوردستان، دەڵێت "بەهۆی ئەو خواستە زۆرەی لەسەر نەمام و گوڵی سروشتی هەیە، ساڵ بە ساڵ ڕێژەی هاوردەکردنیان زیاددەکات".

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان، 25 نەمامگەی بۆ بەرهەمهێنانی نەمامی دارستان و باخداری و جوانکاری هەیە، کە ساڵانە زیاتر لە 5 ملیۆن نەمام بەرهەمدەهێنن، بەڵام تەنیا 3 لەو نەمامگانە نەمامی جوانکاری بەرهەمدەهێنن، کە بەرهەمی ساڵانەیان دەگاتە نزیکەی 175 هەزار نەمام.

حوسێن حەمەکەریم دەڵێت ساڵانی ڕابردوو نەمامگە ئەهلییەکان وەک ئێستا پێشکەوتوو نەبوون، کە نەمام و گوڵ ڕاستەخۆ لە دەرەوە بهێنن. بۆیە ئێمە بۆ دابینکردنی خواستی خەڵک گرنگیمان بە بەرهەمهێنانی گوڵی سروشتی و جوانکاری دەدا و بەرهەممان باش بوو. بەڵام وەک ناوبراو دەڵێت ئێستا کەرتی تایبەت گەشەیکردووە و بە سەتان نەمامگەی گوڵی جوانکاری کراونەتەوە. چەندین کۆمپانیاش بۆ هاوردەکردنی نەمام و گوڵی سروشتی دامەزراون. بۆیە گۆڕەپانەکەیان بۆ ئەوان چۆڵکردووە.

### 6 ملیار دینار بۆ گوڵ و نەمام

بەهۆی لاوازیی توانای بەرهەمهێنانی نەمامگە حکومی و ئەهلییەکانەوە ساڵانە پارەیەکی زۆر بەهۆی هاوردەکرنی نەمامەوە دەچێتە دەرەوە. بەپێی داتایەک کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی هەناردە و هاوردە دراوەتە (ڕووداو) تەنیا لە شەش مانگی ڕابردوودا بە بەهای 6 ملیار و 200 ملیۆن دینار نەمام هاوردەکراوە.

حوسێن حەمەکەریم لەوبارەیەوە دەڵێت "ئاراستەی کاری حکومەت زیاتر هاندانی کەرتی تایبەتە، بۆ ئەو مەبەستەش ڕێنمایی تایبەتمان بۆ دروستکردنی نەمامگە داناوە. وەک پرۆژە ستراتیژییەکانیش قەرزی کشتوکاڵ دەبەخشینە هەر کەسێک نەمامگە دروست بکات".

### کورد گەیشتە بۆرسەی هۆڵەندا

هاوشێوەی بۆرسەی نەوت و زێڕ و دۆلار، لە هۆڵەندا کە بە وڵاتی گوڵ ناسراوە، بۆرسەی فرۆشتنی گوڵ هەیە. زۆربەی وڵاتە بەرهەمهێنەکانی گوڵ و نەمامی سروشتی، بەرهەمەکانیان لەو بۆرسەیەدا نمایشدەکەن. کۆمپانیاکانی کوردستانیش لەو بۆرسەیە گوڵ و نەمام دەکڕن و هاوردەی دەکەن.

ئیبراهیم زوهدی، خاوەنی کۆمپانیای ڕۆنا فلاوەر بۆ بازرگانی گوڵ و درەختی سروشتی، دەڵێت "لە کوردستان خواستێکی زۆر لەسەر نەمام و گوڵی سروشتی هەیە، بۆیە تا دێت ژمارەی نەمامگە و کۆمپانیاکانی تایبەت بە فرۆشتن و هاوردەکردنی نەمام و گوڵی سروشتی زیاددەبن". ناوبراو نموونە بە ڕێژەی فرۆشی کۆمپانیاکەی دەهێنێتەوە و دەڵێت "ساڵی ڕابردوو سەرەڕای قەیرانی دارایی، 150هەزار نەمامان فرۆشت. ئەمساڵیش 325 هەزار نەمامان هاوردە کردووە. زۆربەشمان فرۆشتووە. پێشبینیش دەکەین تاوەکو کۆتایی ساڵ، 600 هەزار نەمام بفرۆشین".

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان، بۆ هاوردەکردنی نەمام کار بە یاسای کەرەنتینەی کشتوکاڵی عێراق دەکات. یاساکە چوارچێوەیەکی بۆ هاوردەکردنی نەمام و گوڵی سروشتی داناوە، تاوەکو نەمامە هاوردەکراوەکان نەبنە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لەنێو ڕووەکەکانی کوردستان.

حوسێن حەمەکەریم دەڵێت "هەر کۆمپانیا و نەمامگەیەک بیەوێ نەمام هاوردە بکات و پابەندبێت بە یاسا و ڕێنماییەکان، مۆڵەتی هاوردەکردنی دەدەینێ. دەسەڵاتیشمان بە بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵی پارێزگاکان داوە نووسراوی ڕێپێدان بۆ کۆمپانیا و نەمامگەکان بکەن، کە دەیانەوێ لە سنووره نێودەوڵەتییەکانی پارێزگاکەیاندا گوڵ و نەمام هاوردە بکەن".

### پیرەزەیتوونەکە

لە شاری هەولێر نزیکەی 50 نەمامگەی کەرتی تایبەت هەیە، کە نەمام و گوڵی سروشتی بە تاک و بە کۆ دەفرۆشن.

سەدرەددین بەکر، خاوەنی نەمامگەی ئاکام بۆ فرۆشتنی گوڵ و نەمامی سروشتی، دەڵێت "ئێستا خواستێکی زۆر لەسەر نەمام و گوڵی سروشتی هەیە، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە لە نیوەڕاستی ساڵی ڕابردووەوە کەمێک خواست کەمبووەتەوە".

سەدرەددین، شارەزاییەکی تەواوی لە بەرهەمهێنانی نەمامدا هەیە و ساڵانە زیاتر لە 40 هەزار نەمام دەخاتە بازاڕەوە.

ئەو خاوەن نەمامگەیە کە کۆمپانیای هاوردەکردنی نەمام و گوڵیشی هەیە دەڵێت ئێستا لە هەولێر خواست لەسەر نەمامی زۆر جوان و دەگمەن زۆر بووە، بۆیە نەمام و داری دەگمەنیش هاوردە دەکات و دەڵێت "دار زەیتونێکم هەیە تەمەنی 800 ساڵە".

لە نەمامگەکەی سەدرەدین زیاتر لە 200 جۆر نەمام و گوڵ هەیە. نرخەکانیشیان بەپێی قەبارە و جۆرەکان دەگۆڕێت. بەشێوەیەکی گشتی نرخی نەمامەکان لە 5 هەزار دینارەوە دەستپێدەکات تاوەکو دەگاتە یەک ملیۆن دینار، بەڵام دەڵێت خواست زیاتر لەسەر ئەو نەمام و گوڵانەیە کە نرخەکانیان لەنێوان 5 هەزار تاوەکو 100 هەزار دیناردایە.

### حکومەت لەگەڵ مریشکی ئەمریکی موتوربەیان دەکات

# گومان لە ڕەسەنایەتیی مریشکی کوردی دەکرێت

## "جاران مریشکی کوردی لە ڕۆژێکدا 10 هێلکەی دەکرد، ئێستا 20 هێلکەی پێدەکەن"

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەرایەتیی توێژینەوەی کشتوکاڵی لە هەولێر و سلێمانی، بە هاوکاریی مامۆستایانی کۆلێژەکانی کشتوکاڵ لە زانکۆی سەلاحەددین، سلێمانی و بەسرا، سەرقاڵی توێژینەوەن بۆ دەستنیشانکردنی تایبەتمەندیی مریشکی کوردی. پسپۆڕێکی بوارەکەش دەڵێت "مریشکی کوردی خاوەنی هەندێک تایبەتمەندییە. ئەگەر پەرەی پێبدرێت، هاوشێوەی مریشکە جیهانییەکان ناوبانگی دەبێ".

لە ساڵی2004 بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر بە هاوکاری ڕێکخراوی فاو زیاتر لە 50 مریشکی خۆماڵیی لە گوندەکانی شاری هەولێر کڕی. ئەوان چەند ساڵێکە ئەو مریشکانە بەخێو دەکەن و توێژینەوەیان لەسەر دەکەن، بۆئەوەی جۆرە "مریشکێکی باش"یان لێ بەرهەمبهێنن.

تاهیر ڕەشید، بەرپرسی بەشی سامانی ئاژەڵ لە بەڕێوەبەرایەتیی توێژینەوەی هەولێر، کە سەرپەرشتیاری پرۆژەی چاککردن و پەرەپێدانی مریشکی خۆماڵی دەکات، دەڵێت "سەرەتا مریشکەکانمان بەگوێرەی ڕەنگ جیاکردەوە، دواتر ئەو مریشکانەمان هێشتەوە کە بەرگریان بۆ کەشی دژوار و نەخۆشی باشە، لەڕووی هێلکەوە بەرهەمی باشیان هەیە و کەم کڕدەکەون، لە قۆناخی دواتردا ئەو مریشکانەمان جیاکردەوە کە تایبەتمەندیی زیادبوونی کێشیان هەیە".

سەرپەرشتیارانی توێژینەوەکە دەڵێن بۆئەوەی توێژینەوەکانیان سەرکەوتوو بێ، مریشکەکانیان لە ژینگەیەکی هاوشێوەی ژینگەی جوتیاراندا پەروەردە کردووە.

تاهیر ڕەشید دەڵێت: "دوای چەند ساڵێک لە ئەنجامدانی توێژینەوە و هەڵبژاردن لەو مریشکانەی کە خاوەنی تایبەتمەندیی باشن، سێ جۆر مریشکمان دەستکەوت، ئەوانیش بریتی بوون لە مریشکی سادەی سپی، سادەی ڕەش و ڕەشی ملسووری کوردی".

بۆئەوەی جارێکی دیکە تایبەتمەندیی ئەو مریشکە باشانە بگەڕێتەوە بۆ گوندەکان، بەڕێوەبەرایەتیی توێژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر لە بەرهەمی ئەو 50 مریشکە لە ساڵی 2007تەوە تاوەکو ئێستا زیاتر لە 1000 مریشک و کەڵەشێر و جوجەڵەیان داوەتە جوتیاران.

تاهیر ڕەشید دەڵێت "بۆ ئەوەی تایبەتمەندییە باشەکانی مریشکی (ISA BROWN)ی ئەمەریکی بگوازینەوە بۆ مریشکی خۆماڵی، لەساڵی 2013 مریشک و کەڵەشێری ئیسا براونمان لەگەڵ مریشک و کەڵەشێری خۆماڵی لێکدا، بۆ ئەم مەبەستە 10 هێڵی جیاوازمان دیاری کرد".

ئەنجامەکە بۆ توێژەران دڵخۆشکەر بوو، توانییان بەرهەمی مانگانەی هێلکەی مریشکەکان لە 10 هێلکەوە بگەیەننە 20 هێلکە، هەروەها کێش و قەبارەی هێلکەکانیش زیاد بکەن. جگە لەوەش بۆیان دەرکەوت لێکدانی کەڵەشێری ئیسابراون لەگەڵ مریشکی ڕەشی ملسوور، قەبارەی هێلکەیان زۆر باشە و لە نەوەکانیش ڕەنگی مریشکە خۆماڵییەکان زاڵە بەسەر ئیسا براونەکاندا.

بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی هەولێر بەشێک لە مریشکەکان دەگوازێتەوە بۆ کێڵگەی توێژینەوەی کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سەلاحەددین، بەشێکی دیکەشیان دەبەخشێتە بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵی سلێمانی.

د.هانی ناسر هورمز، پسپۆڕ و شارەزا لە پەروەردە و چاککردنی ئاژەڵ، لە بەشی سامانی ئاژەڵی کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سەلاحەددین، کە سەرپەرشتیی پرۆژەکە دەکات گوتی "لە کوردستان خاوەنی جۆرێکی تایبەت لە مریشکین بەناوی مریشکی کوردی، بەڵام بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ئەم مریشکانە زێدی ڕەسەنیان کوردستانە و تایبەتمەندیەکانیان خۆماڵین لە لێکۆڵینەوەداین". گوتیشی "بە تەواوبوونی لێکۆڵینەوەکان و بەراوردی ئەنجامەکان، دەتوانین تایبەتمەندیی مریشکی ڕەسەنی کوردی دیاری بکەین".

د.هانی باسی ئامانجێکی دیکەی پرۆژەکەیان دەکات و دەڵێت دەمانەوێ تایبەتمەندییەکانی مریشکی کوردی لەنێو بەڵگەنامە زانستییە جیهانییەکانی سلالەی مریشک بچەسپێنین.

سەبارەت بەو ئەنجامانەی لە لێکۆڵینەوەکان دەستیانکەوتوون، د.هانی گوتی "بۆمان دەرکەوتووە مریشکی کوردیی ڕەنگ سپی لە هێلکەکردن باشن، مریشکی ڕەنگ ڕەشی مل سوور هێلکە زۆر دەکەن و گۆشتیشیان باشە، بەڵام مریشکی سادەی ڕەش بۆ گۆشت باشن، واتە کێشیان باش زیاد دەکات".

لەسەر ئەو ئەنجامانەی لە لێکۆڵینەوەی لێکدانی مریشکی کوردی لەگەڵ مریشکی ئیسابراون لە کۆلێژی کشتوکاڵ بەدەستهاتوون، قوتابییەک بڕوانامەی ماستەری بەدەستهێناوە. د.هانیش لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی ئەنجامی ئەو توێژینەوانە لە گۆڤارێکی ئیتاڵی، ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیی تایبەت بە پەرەپێدانی پەلەوەر، بڕوانامەیەکی پێبەخشیووە.

د.هانی ناسر، گلەیی لە حکومەت هەیە و دەڵێت "بەداخەوە حکومەت وەک پێویست پارە بۆ توێژینەوەکانمان لەسەر مریشکی کوردی خەرج ناکات، لەکاتێکدا مریشکی کوردی خاوەنی تایبەتمەندیی ئەوەندە زێڕینە لە جیناتی باش، ئەگەر لە هەر وڵاتێکی دیکە بووایە ئێستا زۆرترین سودی لێوەردەگیرا".

بەشێک لە مریشکەکان ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵی سلێمانی کراون، بۆئەوەی توێژینەوەی زیاتریان لەسەر بکرێ.

ئەحمەد سامی شاکر، سەرپەرشتیاری پرۆژەی پەرەپێدانی مریشکی خۆماڵی لە بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی سلێمانی دەڵێت "ئەو مریشکانەی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی هەولێر بۆیان ناردووین، خاوەنی هەندێ تایبەتمەنین ئەگەر پەرەیان پێبدرێت زۆر باشتر دەبن لە مریشکی ئیسابراونی ئەمەریکی، کە مریشکێکی بەرهەمداری جیهانییە".

شاکر ئاماژەی بە تایبەتمەندیی مریشکی کوردی دا و گوتی "بەرگریان بۆ نەخۆشی زۆر باشە و لەگەڵ هەموو جۆرە ژینگەیەکیش دەگونجێن و بەپێچەوانەی مریشکی ئیسابراونیش، بەتێپەڕبوونی کات بەرهەمی هێلکەی زیاد دەکات".

جگە لە مریشکی ئیسابراون، زۆر بنەچەی دیکەی مریشکی هێلکە هەیە وەک (بوفانز، های لاین w36، های سیکس، های لاین براون، بابکوک، دیکالب و چەند جۆرێکی دیکە)، بەڵام لە توێژینەوەکاندا تەنیا مریشکی ئیسابراون لەگەڵ مریشکی کوردی تاقیکراوەتەوە. ئەحمەد سامی دەڵێت "لە کوردستان تەنیا بنەچەی ئیسابراونمان دەستکەوتووە، بۆیە تەنیا لەگەڵ ئەو مریشکە بەراوردمان کردووە". ئەحمەد سامی ماستەری لە بواری بۆماوەیی لە زانکۆی ناگۆیای ژاپۆن بەدەستهێناوە. ئەو باسی لایەنێکی دیکەی توێژینەوەکانیان دەکات و دەڵێت "خوێنی مریشکە خۆماڵییەکانمان وەرگرتووە لەڕێگەی پشکنینێکەوە لەگەڵ خوێنی مریشکی ئێرانی و تورکی بەراوردی دەکەین، بۆئەوەی بزانین مریشکی کوردی تایبەتمەندییەکانیان گوازراوەیە یان ڕەسەنن".

### مریشکی کوردی چیی باشە؟

* بەرگریان بۆ نەخۆشی زۆر باشە.
* لەگەڵ هەموو جۆرە ژینگەیەک دەگونجێت.
* بە تێپەڕبوونی کات بەرهەمی هێلکەی زیاددەکات.

### کامیان بۆ چی باشن؟

* مریشکی کوردیی ڕەنگ سپی لە هێلکەکردن باشن.
* مریشکی ڕەنگ ڕەشی مل سوور هێلکە زۆر دەکەن و گۆشتیشیان باشە.
* مریشکی سادەی ڕەش بۆ گۆشت باشن.



## سوێد زۆرترین مافی مانەوە دەداتە منداڵان



**رووداو- ستۆكهۆڵم**

ئەحمەد زەكی خەلیل، ئەندامی كۆمیتەی گشتی گروپە كۆچبەرەكان رایگەیاند 90%ی ئەو منداڵانەی لە ماوەی ئەمساڵدا بە تەنیا كۆچیان بۆ سوێد كردووە، مۆڵەتی مانەوەیان پێدراوە. بەپێی قسەی ناوبراو ساڵی رابردوو 7000 هەزار كۆچبەر كە تەمەنیان لە 18 ساڵ كەمترە، هاتوونەتە سوێد و مافی مانەوەیان پێدراوە، مەزەندە دەكرێت ئەمساڵ ژمارەیان بگاتە 12 هەزار كۆچبەر. بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیكەی یەكێتی ئەوروپا، سوید زۆرترین رێژەی منداڵانی بەتەنیا هاتوو وەردەگرێت. ساڵی رابردوو ئەڵمانیا 4000 هەزار منداڵی بە تەنیا هاتووی وەرگرتبوو.

### كۆچبەرانی كورد لە ئیتاڵیا تا كاژێر 12 نابێ بخەون

# پاركی پەپوولە بەتەواوەتی بەدەست كوردەوەیە





سامان قادر لە سەر شەقامێكی رۆما (فۆتۆ: رووداو)

### كۆچبەرێكی ئەفغانی: كورد بێ پارەن و من هاوكارییان دەكەم

### كۆچبەرێكـی كـورد: خۆشووشـتنمان لەسەر دەریایە و نانخواردنمان لەنێو پارك

**رووداو – رۆما**

چیرۆكی گەنجە كوردە بەجێماوەكانی رۆما، هاوشێوەی ئەو گەنجە میسری و توونسی و لیبییانەیە كە بەشێكیان بە رێكەوت كەوتوونەتە رۆما و بەشێكیشیان وەك رێڕەوێك ویستوویانە بە رۆمادا بەرەو وڵاتانی دیكەی ئەوروپا برۆن، بەڵام رێكەوتەكان ژیانی ئەوانی كردووەتەوە هاووڵاتیی پلە دووی ئەو شارە.

سامان قادر گەنجێكی كوردە و لە شوقەیەكدا، كە لە ناسراوترین و قەرەباڵغترین شوێنی رۆمایە، نیشتەجێیە و دەڵێت: "بۆ خۆشووشتن لەسەر دەریای نێوەڕاستین و بۆ نانخواردنیش لە پارك و سەرشەقامەكانین".

پەڕینەوە بەرەو ماڵی دووەم

ئێستا ئیتاڵیا وێستگەی پەڕینەوەیە بۆ هەزاران پەنابەری نوێ لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باشووری ئەفریقا، بەرەو وڵاتانی وەك ئەڵمانیا و سوێد و فینلاند، بەڵام رۆمای پایتەختی ئەو وڵاتە هەڵگری دەیان چیرۆكی دیكەی گەنجانی كوردە، كە زۆربەیان لە كۆتایی سەدەی رابردوودا روویان لەو شارە كردووە. ئەوان بەهۆی برانی پارە لەلایەك و توانای بەدەستهێنانی كار لەلایەكی دیكەوە، ئێستا لە رۆما ژیان بەسەردەبەن، بەڵام ژیانێكی پڕ لە تراژیدیا.

سامان قادر دوای ئەوەی لە یۆنانەوە گەیشتە رۆما، هیچ پارەیەكی پێنەماوە، خۆی دەڵێت "دوو ساڵ لەسەر شەقامەكان دەمامەوە". ئەو ئێستا لەگەڵ هاوڕێ توونسی و میسرییەكانی لە ژوورێكدا دەژین: "خاوەنی تەنیا سیسەمێكم لە ژوورەكەدا و مانگانە 200 یۆرۆ دەدەم". گوتیشی "ئەوێ حەمامی نییە و بۆشمان نییە لەوێ نان بخۆین. لە پاركی پەپوولە نان دەخۆین و لەسەر دەریاش خۆمان دەشۆین".

#### گەنجانی پاركی پەلوولە

لە نێوەڕاستی شاری رۆما، پاركێك هەیە بەناوی (پەپوولە)، كە لەلایەن گەنجانی كوردەوە كۆنترۆڵكراوە "جگە لە كورد كەس بۆی نییە شەوان لەو پاركەدا بمێنێتەوە، ئەویش بۆ هەموو كوردێك نا". هاوكار عەلی گەنجێكی كوردە وایگوت.

بەقسەی هاوكار هەركەسێك بیەوێ لەو پاركەدا بمێنێتەوە، دەبێ برێك پارە بدات: "ئەوەی بچێتە پاركەكە و پارە نەدات، بە چەقۆ بریندار دەكەن. ئەوان كەمێك بێبەزەیین، بەڵام دەمانپارێزن".

هاوكار عەلی خەڵكی كەركووكە، لە رۆما پارەی لێبڕاوە. چاوەڕێ دەكات كەسوكارەكەی پارەی بۆ بنێرن، تاوەكو بەرێبكەوێت بۆ فینلاند.

پەپوولە، پاركێكی بچووكە، هیچ خزمەتگوزارییەكی تێدانییە. بۆیە پۆلیس فەرامۆشیكردووە. ئەمەش وایكردووە ببێتە شوێنی حەوانەوەی پەنابەران، چونكە چاوی پۆلیسی لەسەر نییە.

یەكێك لەو گەنجانەی كۆنترۆڵی پاركەكەیان كردووە گوتی: "ئەگەر ئێمە نەبین، مافیا و گەنجانی ئەلبانی و مەغریبی بۆ ساتێكیش ناهێڵن گەنجەكانی ئێمە لە رۆما بژین". ئەو خەڵكی كەلارە و دەڵاڵی قاچاخچییەكانیشە.

قاچاخچییە ئەفغانی و قیرقیزییەكان لەگەڵ قاچاخچیانی كورد تێكەڵن، بەوهۆیەشەوە فێری زمانی كوردی بوون. ئازەر خەڵكی شاری كابولە و بە كوردییەكی پاراو قسەدەكات. كاری ئەو گەیاندنی كۆچبەرانە لە رۆماوە بۆ دانیمارك و لەوێشەوە قاچاخچییەكی كورد وەریاندەگرێت.

ئازەر كە بە تۆمەتی كوشتن لە رۆما گیراوە، لە زیندان فێری زمانی كوردی بووە "هاوڕێ كوردەكانم لە زیندان فێری زمانی كوردییان كردم". ئازەر زانیارییەكی زۆری لەسەر گەنجانی باریكە و چەمچەماڵ و سۆران و باتێل هەبوو. بە پێكەنینەوە گوتی: "زۆر لە گەنجەكان پارەیان پێ نییە، یان كەمیان پێیە، من هاوكارییان دەكەم".

#### شوێنی مانەوە: شەقام

بەوپێیەی رۆما شارێكی گەشتیارییە، مانەوە لەسەر شەقام و خەوتنی سەرشەقامەكان بووەتە كولتوور، بەڵام پۆلیس لەدوای كاژێر 12ی شەو رێگە دەدات كۆچبەران لەوێ بمێننەوە. ئەبوو عەلوان، خەڵكی بەغدایە و بە (رووداو)ی گوت "كێشەی من تەنیا منداڵەكانە كە نابێت پێش كاژێر 12 بخەون". ئەو پارەی بەكرێگرتنی شوقەی پێ نییە، بۆیە لەسەر شەقام دەمێنێتەوە: "نیوەی ئەو پارەیەی دەستمدەكەوێت، شەوانە جەردەكان یان پۆلیس لێمدەستێنن".

زۆربەی جێگە پارێزراوەكان، ئەوانەی دەستی گیرفانبڕەكان پێیانناگات، لەلایەن پۆلیس یان بەشێك لە گیرفانبڕەكانەوە بەكرێ دەدرێن. ئەبوو عەلوان گوتی "شەوانە 5 یۆرۆ دەدەم". ئەو جێگایانەش لە شوێنی گواستنەوە و تەرمیناڵەكانەوە نزیكن و بەهۆی هاتوچۆی بەردەوامەوە، كەمتر گیرفانبڕەكان زەفەریان پێدەبەن.

ناوچەی (تەرمینی) پارێزراوترین شوێنی حەوانەوەی بیانییانە. وەك ئەبوو عەلوان گوتی: "چونكە شۆستەكانی پانە و گیرفانبڕی كەم لێیە". بەپێكەنینیشەوە گوتی: "بەڵام نرخەكەی گرانە".

لەنێو شەقامەكانی تەرمینێدا تەنیا یەك خێزانی كوردمان بینی، پیاوەكە گوتی "شوێنەكانی دیكە كەڵكی خێزانیان نییە". خۆی و ژنەكەی و منداڵەكەیان لەسەر كارتۆن دەخەوتن. سامان قادر، كە داهاتەكەی تەنیا بەشی تێركردنی سكی دەكات، گوتی "ئەو گەنجانەی لە رۆما گیریانخواردووە، بەشێكیان وەك من كار بۆ توورێستەكان دەكەن و شمەكیان پێ دەفرۆشین. ئەوی دیكەش هەندێكیان لێبوونەتەوە". ئەو مەبەستی لە لێبوونەوە ئەوەبوو كە هۆشیان لەدەستداوە و ئەوەندەیان نەماوە بمرن.

ئیتاڵیا مافی مانەوەی كاتیی دەبەخشێت، بەڵام بەبێ هیچ خزمەتگوزارییەك، بۆیە شوێنی مانەوە تەنیا شەقام و پارك و هەندێكجار نزیك دەریاكانە. سامان گوتی "كەناری دەریاكان شوێنێكی پارێزراو نییە، تەنیا بۆ خۆشووشتن دەچینە ئەوێ".

سامان مافی مانەوەی كاتیی هەیە. سێ مانگ جارێك دەچێت سەردانی پۆلیس دەكات. ئیدی حكومەت تەنیا ئەوەندە مافی بەسەر ئەوەوە هەیە و لێی ناپرسێتەوە. سامان گوتی "كاسبی دەكەم، هیچ باجیش نادەم. جارجاریش دەڵاڵی بۆ قاچاخچییەكان دەكەم". هیوای سامان ئەوە بوو، بڕە پارەیەك كۆبكاتەوە و روو لە سوید یان فینلاند بكات، بەڵام گوتی "زۆر ئاستەمە، چونكە پارەكەم تەنیا بەشی ژیانی رۆژانەم دەكات".

بەپێی زانیارییەكانی (رووداو) ئێستا زیاتر لە 200 گەنج بەمشێوەیە لە رۆما دەژین. بەشێكیان ئەوانەن لە ساڵانی نەوەتەكانی سەدەی رابردوو روویان لە ئەوروپا كردووە و كەمیی داهات لەو شارەدا قەتیسیكردوون.

### 13 ساڵ بە قاچاخ لە ئەڵمانیا ژیاوە

# پەنابەرێكی كورد دەكرێتە فیلم



زەكی لە ئەڵمانیا بە بێهۆشی دیپۆرت دەكرێتەوە ئیستەنبوڵ

**سەلوا ناخول كارمیكەیڵ**
**رووداو – برۆكسل**

گەشتەكەی زەكی بۆ ئەوروپا 25 ساڵ لەمەوبەر بوو. كاتێك لەرێگەی قاچاخەوە لە باكووری كوردستانەوە دەگاتە رۆمانیا، تووشی زەحمەتییەكی زۆر دەبێتەوە، تاوەكو دەگاتە ئەو رادەیەی جارێك ئاگر لەخۆی بەربدات و جارێكیش مان لە خواردن بگرێ. ئێستا ئەو دەیەوێ چیرۆكەكەی ببێتە پەندێك بۆ پەناخوازانی نوێ.

زەكی (47 ساڵ) كە برینی سووتان بە قاچەكانییەوە دیارە، دەڵێت جارێك لە ئەڵمانیا بێهۆشكراوە و گەڕێنراوەتەوە توركیا. ئەوەش ناچاریكردووە چەند هەزار یۆرۆی دیكە خەرج بكات بۆئەوەی بگاتەوە ئەوروپا: "ئەگەر كۆچبەران بۆ گەیشتنە ئەوروپا رێگەی مردن بگرنەبەر، ئەوە دڵنیابن شایەنی نییە". چونكە، وەك زەكیی باڵابەرز بە (رووداو)ی گوت: "راهاتن بە ژیانی ئێرە و نیشتەجێبوون تێیدا زۆر قورسە".

ئێستا شەپۆلێكی نوێی رۆیشتنی كۆچبەران لەترسی شەڕ و هەژاری لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باكووری ئەفریقاوە بۆ ئەوروپا دەستپێكردووە. لەو چەند مانگەی دواییدا ژمارەیەكیان، لەكاتی هەوڵی پەڕینەوەیان لە لیبیاوە بۆ ئیتاڵیا، خنكان. بەپێی راپۆرتی كۆمیسیۆنی باڵای پەنابەران، رۆژانە 300 عێراقی وڵاتەكەیان بەجێدەهێڵن و دەیانەوێ لەو ئەوروپا بەدوای ژیانێكی باشتردا بگەڕێن.

زەكی كە بەشداریی لە دۆكیومێنتارییەك و شانۆگەرییەكدا كردووە، گوتی: "رەنگە دوو دەیە لەمەوبەر وەرگرتنی مافی پەنابەرێتی هەندێك لە خەونەكانی منی هێنابایەدی، وەك كڕینی خانوویەك، بەڵام ئەوە ئاستەنگە بۆ پیاوێك كە 40 ساڵی تەمەنی تێپەڕاندبێ".

زەكی ئێستا لەسەر گەنجینەی سوپەرماركێتێك كاردەكات و كچێكی گوندەكەی خۆیانی خواستووە. ئەویش پاش وەرگرتنی مافی پەنابەری لە ساڵی 2009، بەڵام هیچ منداڵیان نییە. زەكی دەڵێت كاتێك سەرباز بووە لە توركیا، لەلایەن ئەفسەرێكەوە سوكایەتی پێكراوە. ئەویش تەنیا لەبەرئەوەی كوردی عەلەوی بووە. بۆیە بڕیاریداوە توركیا بەجێبهێڵێ. زەكی، كە جارێك زیندانیكراوە، گوتی "دەزانم ئەگەر لەوێ مابامەوە، دەیانكوشتم."

لە حوزەیرانی ساڵی 1990، زەكی 7000 ماركی ئەڵمانی دەداتە قاچاخچییەك تاوەكو بیگەیەننە وڵاتێكی یەكێتیی ئەوروپا، بەڵام لەگەڵ چەند كەسێكی دیكە دەبردرێنە رۆمانیا. زەكی لە رۆمانیا توركێكی خەڵكی ئامەد دەناسێ، كە بەهۆی پێگەی سیاسییەوە، قەناعەت بە چەند قاچاخچییەك دەكات بۆئەوەی زەكی بگەیەننە یەكێك لە وڵاتانی یەكێتی ئەوروپا. چونكە ئەوكات رۆمانیا ئەندام نەبوو لە یەكێتیی ئەوروپا.

زەكی بیری دێتەوە كە لەكاتی پەڕینەوەیان بە رووبارێكدا لەگەڵ 35 ئەفغانی و دوو كوردی دیكە بۆ یۆگۆسلافیا، یەكێك لە ئەفغانییەكان دەخنكێ. پاش پەڕینەوەیان بۆ نەمسا، زەكی و كوردێكی دیكە سواری شەمەندەنەفەر دەبن بۆ ڤیەننا. لەوێ ئاشوورییەكی خەڵكی توركیا پەیوەندی بە مامی زەكییەوە دەكات لە ئەڵمانیا. مامیشی 2000 یۆرۆ بۆ ژمێرە (حیساب)ی بانكیی ئەو پیاوە دەنێرێت. تاوەكو بیداتە قاچاخچییەكان بۆئەوەی زەكی بگەیەننە ئەڵمانیا.

لە زستانێكی بەفراویدا، قاچاخچییەكان زەكی و چەند كەسێكی دیكە لە ئۆتۆمبێلێكی بچووكدا دەبەنە سنووری نەمسا و ئەڵمانیا، بۆئەوەی لەوێ بە پێ بپەڕنەوە.

كاتێك زەكی دەگاتە شاری نۆرنبێرگ، مێردی خوشكەكەی لە شاری ئۆڵدنبێرگەوە، كە نزیكەی 600 كیلۆمەتر دوورە بە ئۆتۆمبێل، دەگاتە ئەوێ تاوەكو زەكی هەڵبگرێت: "پێڵاوم لەپێدا نەبوو، كاتێك خوشكەكەمم بینی، نەیناسیمەوە". زەكی وایگوت. پاشان زەكی داوای مافی پەنابەریی سیاسی دەكات. كاتێك كەیسەكەی لەژێر لێكۆڵینەوەدا دەبێت، كارتی نیشتەجێبوون وەردەگرێت و رێگەی كاركردنی پێدەدرێت.

كاتێك دەڕوات بۆ تازەكردنەوەی كارتی نیشتەجێبوونەكەی لەساڵی 1996، لەوێ بۆی دەردەكەوێ كارتی نیشتەجێبوونەكەی رەتكراوەتەوە. پاش شەش مانگ، زەكی دەگەڕێتەوە بۆ بنكەیەكی پۆلیس بۆ درێژكردنەوەی ماوەی مانەوەكەی، بەڵام لەوێ دەستگیردەكرێ و بە تۆمەتی مانەوەی بە ناسایی، حەوت مانگ دەخرێتە زیندانەوە.

ئەوەی بەلایەوە سەیر دەبێت ئەوە دەبێت كە لە رۆژێكی كانوونی دووەمی ساڵی 1996، لە یەكێك لە شەقامەكانی ئیستانبوڵ خەبەری دەبێتەوە. زەكی گوتی: "هەموو كەس بەتوركی قسەیاندەكرد، بەڵام من بەئەڵمانی قسەمدەكرد. وامدەزانی هێشتا لە ئەڵمانیام."

تاوەكو ئەمڕۆش، زەكی هۆكاری ئەو رووداوە نازانێ، بەڵام ئەوە دەزانێت كە بێهۆشكراوە و گەڕێندراوەتەوە توركیا.

لە مانگی كانوونی دووەمی ساڵی 1997، زەكی پەیوەندی بە تۆڕێكی قاچاخچییانەوە دەكات، تاوەكو بە پاسپۆرتی ساختە لەگەڵ چەند كەسێكی دیكە بیانبەنە بۆسنە و لەوێ بە ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر بیانگوازنەوە ئەڵمانیا.

كاتێك دەگاتە ئەڵمانیا، زەكی جارێكی دیكە داوای مافی پەنابەرێتی دەكاتەوە، بەڵام كاتێك هەست دەكات كە بەرپرسانی ئەڵمانی دیپۆرتی دەكەنەوە، دەچێتە شاری فرانكفۆرت و لەوێ بە نایاسایی تاوەكو ساڵی 2004 دەمێنێتەوە.

پاش 13 ساڵ مانەوە لە ئەڵمانیا، زەكی سواری شەمەندەنەفەر دەبێت بۆ برۆكسلی پایتەختی بەلجیكا و لەوێ داوای مافی پەنابەری سیاسی دەكات. لەوێ دەچێتە سەنتەری كۆچبەران لە "پێتت چاتو" چونكە لەكاتی لێكۆڵینەوە لە كەیسەكانیان لەو شوێنە دەستگیرناكرێن و دیپۆرت ناكرێنەوە.

زەكی لەو شوێنە تووشی رەوشێكی دەروونیی ئاڵۆز دەبێت، چونكە برایەك و خوشكەزایەكی دەمرن، بەڵام ناتوانێت بگەڕێتەوە بۆ پرسەكەیان "نەمتوانی تۆزێك خۆڵ بكەمە سەر گۆڕەكەیان".


لە 17ی ئەیلولی 2004، زەكی سەنتەرەكەی "پێتت چاتوو" جێدەهێڵێ و دەڕواتە بەشی بێگانەكان بۆ داواكردنی مافی پەنابەرێتیی سیاسی. هەر لەوێش ئاگر لەخۆی بەردەدات.

زەكی سێ مانگ لە نەخۆشخانە دەمێنێتەوە و شەش هەفتە لە كۆمادا دەبێت. شوێنەواری سووتانەكە بە دەست و دەموچاوییەوە دیارنییە، بەڵام گوتی قاچەكانی بەخراپی سووتاون و ناتوانێ ئەژنۆی چەپی بنوشتێنێتەوە.

دوای وەرگرتنی چارەسەری، زەكی دەگەڕێتەوە "پێتت چاتوو". پاش چەند جارێك مانگرتن لە خواردن، یەكەمجار بەتەنیا و پاشان لەگەڵ هاوڕێكانی، بەرپرسان دەست بەكار دەكەن لەسەر كەیسەكانیان.

لە چل و پێنجەمین رۆژی مانگرتنەكەیدا، پارێزەرانی دۆسیەكانیان بە بەڵێننێكی نووسراوی وەزیری ناوخۆ دەگەنە لایان و بەڵێنی مافی مانەوەیان پێدەدەن.

مانگرتنەكەیان لە خواردن وایكرد كە بەنەدیك لیۆنارد-ی بەلجیكی شانۆیەك دەربارەی ژیانی زەكی بنووسێ. لەلایەكی دیكەوە كارین بێرگێ-ی فەرەنسی، كە دەرهێنەرە، فیلمێكی دۆكیومێنتاریی 32 خولەكیی دەربارەی ژیانی زەكی دروست بكات. هەردووكیان لەژێر ناونیشانی "زەكی"یە. شانۆكە یەكەمین خەڵاتی فێستیڤاڵی لیگ-ی بەلجیكی دەباتەوە.



## گارە سازکار بۆ کۆبانێ و شنگال دەگری

**هیوا سەلاح / ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەندی گۆرانیبێژ گارە ساکار لە دوایین کاری هونەری خۆیدا گۆرانییەک بۆ شنگال و کۆبانێ دەڵێت. گارە سازکار بە (ڕووداو)ی گوت "ئەم گۆرانییە زادەی خەم و ژانی خەڵکی شنگال و کۆبانێیە کە هەمیشە بە زیندوویی لە زاکیرەی هەموو تاکێکی کورد دەمێنێتەوە، ئەم گۆرانییە هەڵقوڵاوی ناخی منە بەرامبەر مینەتییەکانی گەلی کورد، هەرچەندە گۆرانییەکە سادەیە، بەڵام بە قوڕگێکی پڕ لە گریان تۆمارمان کردووە". دەربارەی ستافی کارەکە گارە دەڵێت"خۆم تێکست و میلۆدی گۆرانییەکەم داناوە و لە دانیمارک تۆمارم کردووە. ڕێدیر پۆلیسک کاری دەرهێنانی بۆ کردووە، سینا وێنەی کلیپەکەی گرتووە، هەروەها ڕەوان ڕێکۆ کاری دابەشکردنی میوزیکی بۆ بەرهەمەکە کردووە". گارە سازکار زۆرتر بە گۆرانی "وەرە وەرە یارا من" ناسراوە. ناوبراو لەگەڵ سێ گەنج لە دانیمارک گرووپێکی میوزیکیان بەناوی "لێ دنێ" دروستکردووە.

### بیرۆکەی کارەکە بەر لە کارەساتی شنگال بووە

# چۆن سیمفۆنیا و کۆڕاڵی "پێشمەرگە و شنگال" بەرهەم هاتن؟

**پەسار فایەق**
**ڕووداو- هەولێر**

سیمفۆنی و کۆڕاڵی (پێشمەرگە) و (شنگال) نوێترین دوو کاری هونەریی دڵشاد محەممەد سەعید، ڤیۆلۆنیست و کۆمپۆزەری ناوداری کوردن، کە بەشێوەی سەمفۆنیا و کۆڕاڵ بەرهەمهاتوون. ئەو دوو بەرهەمە لە ئەلبوومێکدا بڵاوکرانەوە و تۆڕی میدیایی ڕووداو سپۆنسەریانە.

ڕەنگە زۆر کەس وا بیر بکەنەوە ئەو دوو کارە بەهۆی کارەساتی شنگال و دەنگدانەوەی ناوی پێشمەرگەوە بووە بەهۆی شەڕی داعش، بەڵام دڵشاد محەممەد سەعید دەڵێت: "ئەو دوو کارە پێش ئەو ڕووداوانە ئامادەکارییان بۆ کرابوو".

دڵشاد محەممەد سەعید لە پێشەکیی ئەو ئەلبوومەدا نووسیویەتی: "لە عێراقدا نزیکەی نیوەی خاکی کوردستان وەک ناوچەی ناکۆکی لەسەر خراوەتە نێو ماددەی 140ی دەستووری عێراقەوە. ئەو ناوچانە هەمیشە لە بیری مندا بوون کە کارێکیان لەسەر بکەم". هەروەها دەڵێت کردەوەکانی گرووپە توندئاژۆکان لە ساڵی 2007 کە بەهۆیانەوە دوو گوندی شنگال وێرانکران، وایانکرد داواکەی هۆزانڤان ئەدیب چەلکی بۆ دانانی میوزیک بۆ تێکستێکی ئەو بە ناوی "شنگال" قبوڵ بکات.

سەبارە بە گۆرانی "پێشمەرگە"ش دەڵێت ساڵێک دواتر بۆ هەمان مەبەست تێکستێکی لەلایەن ئەدیب چەلکییەوە پێشکەشکرا، کە سەرەتا بۆ دەنگبێژێکی سۆلۆیست دانرابوو، بەڵام ئەو پێشنیازی ئەوەیکرد کە پێویستە کارێکی نەتەوەیی ئەنجام بدرێت و هونەرمەندانی سەرتاسەری کوردستان تێیدا بەشداربن.

دەق ئامادەیە و ئاواز ئامادە، بەڵام بەهۆی نەبوونی سپۆنسەر خەریک بوو خەونەکە لەباربچێت. بڕیاربوو ئەم کارە لەگەڵ فیلهارمۆنیکی کۆپنهاگن بکرێ، بەڵام سەرینەگرت. دواتر بەهۆی دیدارێکی نێوان دڵشاد سەعید و بەڕێوەبەری گشتیی تۆڕی میدیایی ڕووداو، لە مانگی ئابی 2013دا، پرۆژەکە کەوتە سەر ڕێچکەی ڕاستی خۆی.

دڵشاد درێژە بە چیرۆکی بەرهەمهێنانی ئەو دوو شاکارە دەدات و دەڵێت دوای دیدار لەگەڵ ئاکۆ محەممەد، بەڕێوەبەری گشتیی تۆڕی میدیایی ڕووداو، پەیوەندی بەو کردووەتەوە و لێی پرسیووە "ئێمە ئامادەین، پرۆژەکە چی لێهات؟". دوای ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنییە ئەو ئامادەکاری بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکە کرد و لەگەڵ ئۆرکێسترای پراگ ڕێککەوتن بۆ بەرهەمهێنانی ئەو دوو بەرهەمە و پرۆژەکە فراوانترکرا.

دڵشاد محەممەد سەعید، جگە لەوەی لەسەر ئاستی هەر چوار پارچەی کوردستان وەک میوزیسیەنێک ناسراوە، لە هەمانکاتدا وەک میوزیسیەنێکی جیهانیش بەهۆی کارەکانیەوە دەناسرێت. باسی ئامادەکارییەکان دەکات و دەڵێت "میوزیک بە شەش مانگ کۆتاییهات، جێبەجێکردنەکەشی لەگەڵ ئۆرکێسترای CENSOی 60 کەسی و کۆڕاڵی نێوداری Kuhnی 70 کەسی بوو".

لەکاتێکدا دڵشاد سەرقاڵی کارکردن بووە، داعش مووسڵ داگیردەکات، بەهۆی ڕۆڵی پێشمەرگە لە پارێزگاریکردن لە خاکی کوردستان، کاری سیمفۆنیی (پێشمەرگە) قورستر دەبێت. لەهەمانکاتدا کاری میوزیکی (شنگال)یش قورستر بوو. ئەویش بەهۆی ئەو کارەسات و کۆمەڵکوژییەی داعش لە سێی ئابی 2014 بەسەر شنگالیدا هێنا. ئەمەش وایکرد پرۆژەکە لەبارەی (شنگال)ەوە فراوانتر بکرێ.

لە بەرهەمی (شنگال)دا هونەرمەندانی گۆرانیبێژی هەر چوار پارچەی کوردستان بەشدار بوون و دەنگیان لە چەند ستۆدیۆیەکی وڵاتانی ئەورووپا و کوردستان لەکاتی جیاوازدا تۆمارکراون.


دڵشاد سەعید دەڵێت هەر لەسەرەتای کارەکانییەوە ئامانجی ئەوە بووە کە لەڕێگەی میوزیکەوە پردێک لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا دروست بکات: "پردی هەرە گەورەش لەو دوو بەرهەمەدا بەرجەستە دەبێت. هەوڵمدا وەک کارەکانی پێشووم لەڕووی بنچینە و پێکهاتەی ئاواز و دابەشکردنی میوزیکەوە تایبەتمەندیی خۆیان هەبێ".

دوو بەرهەمەکە لەسەر دوو (DVD) تۆمارکراون، یەکێکیان وێنەییە (ڤیدیۆ کلیپ) و ئەوەی دیکەیان دەنگە.

لە بەرهەمی "شنگال"دا، هونەرمەندان: ئەیوب عەلی، نارین فەقێ، محەممەد تەها ئاکرەیی، چۆپی، دیار دەرسیم، گارە سازگار و ڕێکێش سەیرانی، بەشدارن. لە بەرهەمی پێشمەرگەشدا هەر یەک لە هونەرمەندان: شڤان پەروەر، جەمشید، حەسەن شەریف، خەیرۆ عەباس، هانی و عەممار کۆڤی، بەشدارن.

ئۆرکێسترای سیمفۆنی نیشتمانی چیک کە لەم بەرهەمەدا بەشداربوون. بە پڕکارترین گرووپی سیمفۆنی لە ئەورووپا دەناسرێت. ئەم ئۆرکێسترایە ساڵانە فێستیڤاڵی سەمای هاوینان لە پراگ ڕێکدەخات. هەروەها گەشتی سەرکەوتووی میوزیکی لە دوورگەکانی بەریتانیا، فەرەنسا، ئیسپانیا، ژاپۆن و مەکسیک ئەنجامداون.

کۆڕاڵی کوین ی پراگ لەم بەرهەمەدا بەشدارن، دوای دامەزراندنی لە ساڵی ١٩٥٩دا، ئەم گرووپە کۆڕاڵییە ستاندارد‌ێکی بەرزی لە پێشکەشکردنی ستایلی میوزیک و گۆرانی Oratorio and Cantata پیشاندا، ئەم کۆڕاڵە لەگەڵ ئۆرکێسترای سیمفۆنی پراگ، فیلهارمۆنیی پراگ و چیک، ئۆرکێسترای ڕادیۆیی پراگ کاریکردووە. ئەم کۆڕاڵە لەلایەن هەریەک لە چارلس ماکەراس، ڤلادیمێر ئاشکێنسی، زووبین مێهتا، دەیڤید زینمان و چەندانی دیکە سەرپەرشتی و بەڕێوەدەبرێت.




چەندین کاریشی لەگەڵ ئۆرکێستراکانی وڵاتان ئەنجامداون، وەک ئۆرکێسترای شاهانەی هۆڵەندا و ئۆرکێسترای زیوریخ.

دڵشاد سەعید، ڤیۆلۆنیست و کۆمپزەری، لە ساڵی 1958 لە شاری دهۆک لە باشووری کوردستان لە دایکبووە، دوای ئەوەی لە ساڵی 1977 بە پلەی نا یا ب پەیمانگای هونەرە جوانەکانی لە بەغدا تەواوکردووە، لە ئۆرکێسترای تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ وەک ڤیۆلۆنیست و یاریدەدەری ئۆرکێسترا کاری کردووە.

لە ساڵی 1979 گرووپی میوزیکی دهۆکی دامەزراندووە کە بە فۆرمێکی جیاواز لە ڕێگەی تێکەڵکردنی میوزیکی نەریتی کوردی و شێوازی ڕۆژئاوایی کاریکردووە. جارێکی دیکە لە ساڵی 1984دا لە بەریتانیا دەستی بە خوێندن کردەوە و لە ساڵی 1988 بڕوانامەی ماستەری لە زانکۆی وێڵز بەدەستهێنا.

هاوکات سێ خەڵاتی یەکەمی لە پێشبڕکێکانی نێو زانکۆکەدا وەرگرتووە. لە ساڵی 1991ەوە لە نەمسا نیشتەجێیە و وەک مامۆستای میوزیک و ڤیۆلۆنیست وانە دەڵێتەوە. لە ڕێگەی ئامێری ڤیۆلۆنەوە کاری ئاوازدانەری دەکات و وەک ئاوازدانەری سیمفۆنیا ناسراوە.

کارەکانی ئەو میوزیسیانە لە میوزیکی کوردییەوە سەرچاوەی گرتووە، لەهەمانکاتدا خاوەن ستایلێکی تایبەت و سەردەمیانەی خۆیەتی.

تێکستی هەردوو بەرهەمەکە لەلایەن ئەدیب چەلکی نووسراوە. ئەم هۆزانڤانە لە ساڵی 1957 لە شارۆچکەی ئامێدیی باشووری کوردستان لە دایکبووە و ئێستا لە ئەڵمانیا نیشتەجێیە. چەلکی لە ساڵی 1982 پێش ئەوەی پەیوەندی بە شۆڕشی گەلی کوردەوە بکات، بەشی زمانی عەرەبی لە زانکۆ لە بەغدا خوێندووە. لە ساڵی 1980ەوە ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کوردە و دوو کتێبی شیعریی چاپکراوی هەیە و چەندین تێکستی کراونەتە گۆرانی.

### پێی خۆش نییە پێیبڵێن "کازم ساهیری بچووک"

**عەممار کۆڤی بۆ (ڕووداو):**

# بیری مووسڵ ناکەم






**عەممار کۆڤی، کە ئێستا 24 بەهاری تەمەنی تێپەڕاندووە، بەهۆی بەشدارییی لە بەرنامەیەکی کەناڵی ئێم بی سی، بەناوی عەرەب ئایدڵ، ناوبانگێکی زۆری پەیدا کرد. دەنگخۆشی و ئەدای ئەو هونەرمەندە گەنجە وایکرد کە هونەرمەند دڵشاد سەعید، لەپاڵ هونەرمەندانی وەکو شڤان پەروەر و حەسەن شەریف و گارە سازگار، هەڵیبژێرێت بۆ بەشداریکردن لە سیمفۆنیای پێشمەرگەدا، کە بە سپۆنسۆریی تۆڕی میدیایی ڕووداو لەگەڵ سیمفۆنیایەکی دیکەش لەسەر پێشمەرگە بەرهەمهێندرا.**

**هەڤپەیڤین: ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو – هەولێر**

- کازم ساهیر سەرسامە بە دەنگم
- بەشداری لە درامایەکی میسریدا دەکەم
- حەسەن شافیعی بەڵێنی ئاوازی پێداوم

**ڕووداو: هەر سەرەتا حەزت لە گۆرانیگوتن بوو، یان بە ڕێکەوت بوویت بە گۆرانیبێژ؟**

**عەممار کۆڤی:** هونەر بۆ من ئارەزوویەکی گەورە بوو، بەڵام تاوەکو پۆلی دووی نێوەندیش حەزم لە هونەری سیرامیک بوو. لە تەمەنی شازدە ساڵییەوە ئەو هەستەم لەلا دروستبوو کە دەنگم بۆ گۆرانیگوتن باشە.

**ڕووداو: لەو تەمەنەدا کاریگەریی چ هونەرمەندێکت لەسەر بوو؟**

**عەممار کۆڤی:** هونەرمەندانی کۆچکردوو حەسەن جزیری، حەسەن زیرەک، محەممەد عارف جەزراوی و ئەیاز زاخۆییم لەسەربوو.

**ڕووداو: دوای بەشداریت لە بەرنامەی عەرەب ئایدڵ، ڕەنگە زۆریەی هەوادارانت چاوەڕێی بەرهەمی نوێ بن، هیچ بەرهەمێکی نوێت هەیە؟**

**عەممار کۆڤی:** بەڵێ، ئەلبوومێکی نوێم بەدەستەوەیە و لە هەشت تراک پێکهاتووە، بەڵام هێشتا ناوم بۆ دانەناوە. پێشتریش گۆرانییەکی نوێم بەنێوی "نینە، نینە" لە پرۆگرامێکی تەلەڤزیۆنی بڵاوکرایەوە، کە ئەوەش هەر لەنێو ئەلبومەکەدایە. ئێستا چاوەڕێی کۆمپانیایەکم بۆم بڵاویکاتەوە.

**ڕووداو: لەو ئەلبومەدا زیاتر بە چ ستایلێک کارت کردووە؟**

**عەممار کۆڤی:** بەرهەمەکان هەمەجۆرن، چیرۆک و گۆرانیی خاو و خێراشی تێدایە.

**ڕووداو: ئەی کلیپت بۆ هیچ بەرهەمێکیان نەکردووە؟**

**عەممار کۆڤی:** نەخێر، بەڵام لە نزیکترین کاتدا گۆرانییەکیان کلیپ دەکەم.

> کچ هەرەشەیان لێکردووم نەیانخوازم خۆیان دەکوژن

**ڕووداو: زوو زوو سەفەری دەرەوە دەکەی، ئێستا بەزۆری لە کوێ دەمێنیتەوە؟**

**عەممار کۆڤی:** ڕاستە سەفەری زۆر دەکەم بۆ دەرەوە و هەر کاتێکیش بگەڕێمەوە بێگومان لە زاخۆ دەبم.

**ڕووداو: بە عەرەبی گۆرانی دەڵێیت، پەیوەندیت لەگەڵ هونەرمەندانی عەرەب چۆنە؟**

**عەممار کۆڤی:** پەیوەندیم زۆرباشە، بە تایبەتیش لەگەڵ هونەرمەند حەسەن شافیعی.

**ڕووداو: شافیعی ئاوازدانەرێکی بەناوبانگە، بەڵێنی پێنەداوی ئاوازت پێبدات؟**

**عەممار کۆڤی:** ڕاستە ئاوازدانەرێکی نوێ و بەتوانایە. پێیگوتم ئاوازێکت بۆ دادەنێم، بەڵام تائێستا یەکلایی نەبووینەتەوە.

**ڕووداو: بەنیاز نیت لەگەڵ هونەرمەندانی عەرەب دوێت بکەی؟**

**عەممار کۆڤی:** نەخێر.

**ڕووداو: ئەی لەگەڵ هونەرمەندانی کورد؟**

**عەممار کۆڤی:** بێگومان زۆر خۆشحاڵم لەگەڵ هەر هونەرمەندێک بێت، بەڵام دەبێ بەرهەمەکەش لەسەر بابەتێکی گونجاو بێت.

**ڕووداو: بەنیازبووی لەگەڵ پەرواز حوسێن دوێت بکەی، ڕاستە؟**

**عەممار کۆڤی:** پێشتر لەگەڵ پەرواز باسی ئەم بابەتەمان کردووە، بەڵام دەبێت بەدوای گۆرانییەکی زۆر تایبەتدا بگەڕێین بۆ ئەوەی کارێکی باش بکەین.

**ڕووداو: دەڵێن کێشەت لەگەڵ پەرواز هەبوو، لەسەر چی بوو؟**

**عەممار کۆڤی:** نەخێر، هیچ کێشەم لەگەڵ پەرواز نییە و ئەو لەلای من کەسێکی بەڕێزە.

**ڕووداو: لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی بەئەزموون بەشداریت لە کۆڕاڵی پێشمەرگەدا کرد، بەشداریکردنەکەت پێ چۆن بوو؟**

**عەممار کۆڤی:** بەلای منەوە بەرهەمێکی زۆر گەورە بوو، زۆرم پێ باش بوو.

**ڕووداو: دەگوترێت حەزت لە نواندنە؟**

**عەممار کۆڤی:** بەڵێ، پرۆژەیەکیش هەیە کە لە میسر لە فیلمێکدا ڕۆڵ ببینم، ئەوان پێیان باشە بەشداری بکەم و منیش پێمخۆشە.


**ڕووداو: دەڵێن کازم ساهر سەرسامە بە دەنگی تۆ؟**

**عەممار کۆڤی:** ماوەیەک لەمەوبەر کەسێک بەناوی بەدر سامەڕایی، کە خوشکەزای کازم ساهیرە، پەیوەندیی پێوەکردم و پێیگوتم کازم ساهیر گوێی لە گۆرانییەکانت گرتووە و سەرسامە بە دەنگت.

**ڕووداو: بەنیاز نیت سەردانی کازم ساهیر بکەی؟**

**عەممار کۆڤی:** ڕەنگە سەردانی بکەم.

### لەگەڵ پەرواز بەتەمای دوێت بووین



**ڕووداو: خەڵک پێتدەڵێن کازم ساهیری بچووک، حەزت لەو نازناوەیە؟**

**عەممار کۆڤی:** نەخێر، من حەز دەکەم ستایلی تایبەت بە خۆم هەبێت. دەمەوێ عەممار بم، نەک کەسێکی دیکە.

**ڕووداو: دەڵێن کچێک هەڕەشەی خۆکوشتنی کردووە، ئەگەر تۆ نەیخوازی؟**

**عەممار کۆڤی:** بەڵێ. ئەو کاتەی لە بەرنامەی عەرەب ئایدڵ بووم، نامەی زۆرم بۆ دەهات. هەستی ئەو کەسانەش گەورەییە بۆ من. ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە توانیومە پردێکی خۆشەویستی لە نێوان خۆم و هەوادارانم دروست بکەم.

**ڕووداو: پێشتر لە مووسڵ ژیاویت، بیری ئەو شارە ناکەیت، حەز دەکەی بگەڕێیەوە مووسڵ؟**

**عەممار کۆڤی:** نەخێر. پێشتر باوکم لەوێ کاری دەکرد، بۆیە ناچارم بووین لەوێ بژین.

**ڕووداو: لەگەڵ ئەڤینداریدا چۆنی؟**

**عەممار کۆڤی:** (بە پێکەنینەوە) ئەوە ژیانی تایبەتییە و حەز ناکەم قسەی لەسەر بکەم و لە دڵی خۆمدایە.

**ڕووداو: کەی ژن دەهێنی؟**

**عەممار کۆڤی:** هەر کاتێک قیسمەت بێت.

**ڕووداو: پێتخۆشە بە خۆشەویستی یان بەڕێکەوت بێت؟**

**عەممار کۆڤی:** وەک گوتم حەز ناکەم قسەی لەسەر بکەم، بەڵام هاوژینی قیسمەتە.

فوئاد رەحیم بۆ (رووداو):

# 14 ساڵە لە باشوورم کەچی پاسپۆرتم نادەنێ



زیاتر بە بێژەری هەواڵەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە کەناڵی رووداو دەناسرێتەوە. لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە بێژەرە هێمنەکە ناوی دەرکردووە. لەنێو رووداویش بەوە دەناسرێتەوە کە هەمیشە دەستی بەرزە و لێوی بە خەندەیە بۆ سڵاوکردن. فوئاد رەحیم لە ساڵی 1982 لە شاری سەقزی رۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە. لە ساڵی 2001ەوە لە باشووری کوردستان نیشتەجێیە. لە ساڵی 2007 لە دەزگای ئاراس وەک رۆژنامەنووس دەستی بەکارکردووە. لەسەرەتای کردنەوەی تۆڕی میدیایی رووداوەوە وەک پرۆدیوسەر و بێژەری هەواڵەکان دەردەکەوێت. لەم هەڤپەیڤینەدا فوئاد باسی ژیانی کۆمەڵایەتی و کارکردنی لە تۆڕی میدیایی رووداودا دەکات.

**دەرباز یونس**
**رووداو – هەولێر**

## بیروڕای سیاسیم کاریگەریی لەسەر کاری بێژەریم نییە

## رووداو لە رۆژهەڵاتی کوردستان یەکەمە

**رووداو: رووداو هیچ پەیامنێرێکی بەفەرمی لە رۆژهەڵاتی کوردستان نییە، چۆن هەواڵەکانی ئەوێتان پێدەگات؟**

**فوئاد رەحیم:** خەڵکی رۆژهەڵات زۆر هاوکارن، پردێکی پەیوەندیی باش لەنێوان رووداو و خەڵکی ئەو بەشەی کوردستاندا دروستبووە. زۆرکەس لەڕێگەی ئیمەیل و ڤایبەرەوە هەواڵەکانمان بۆ دەنێرن. ئێمەش بەردەوام هەوڵی دەستکەوتنی هەواڵ دەدەین. کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان متمانەی زۆریان بە (رووداو) هەیە. زانیاریم هەیە لە شارەکانی رۆژهەڵات رووداو کەناڵی کوردیی ژمارە یەکە. ئەگەر لە سەتەلایتی ماڵانی ئەوێ ژمارە یەکیش نەبێت و کەناڵێکی فارسی کرابێتە ژمارە یەک، ئەوە بەدڵنیاییەوە رووداو ژمارە دووە.

**رووداو: ئەو کەسانەی هەواڵ بۆ رووداو دەنێرن یان ئەوانەی لێدوان بۆ رووداو دەدەن لە رۆژهەڵات تووشی کێشە نابن؟**

**فوئاد رەحیم:** ئێمە ناوی ئەو کەسانە دەپارێزین کە هەواڵمان بۆ دەنێرن. زۆرجار ناویان بڵاو ناکەینەوە و لە دوو کەسی دیکەش دڵنیادەبینەوە کە زانیارییەکانی بەدەستمانگەیشتوون راستن یان نا. لەبەرئەوەی هێشتا رووداو لە ئێران مۆڵەتی کارکردنی نییە، رەنگە ئەگەر ئاشکرابن تووشی کێشە ببن. بۆیە نامانەوێ ژیانیان بخەینە مەترسییەوە. جاران بەرپرسانی ئێرانی قسەیان بۆ رووداو نەدەکرد، بەڵام ئێستا خۆشحاڵین کە قسەمان بۆ دەکەن و زیاتر بەڕووماندا کراونەتەوە. ئەمە وادەکات بتوانین پیشەییانەتر هەواڵەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران رووماڵ بکەین.

**رووداو: بۆچی رۆژهەڵاتت بەجێهێشت؟ دەتوانی بگەڕێیتەوە؟**

**فوئاد رەحیم:** ئێمە لە رووداو کاری رۆژنامەڤانی دەکەین و رابردووی کەسمان ناتوانێ کاریگەریی لەسەرکارەکەمان هەبێت، بەڵام مادام پرسیارتکرد، وەڵامت دەدەمەوە: من بەهۆی سیاسەتەوە لە ساڵی 2001ەوە رۆژهەڵاتی کوردستانم بەجێهێشت. باوکم ئەندامی یەکێک لە پارتە کوردییەکان بوو. ئەگەر کەسێکی وەکو من بچێتەوە رۆژهەڵاتی کوردستان، بە لای کەمەوە 5 ساڵ زیندانی دەکرێت. هەروەها من بە قاچاخ ئەوێم بەجێهێشت، ئێستاش رەگەزنامە و پاسپۆرتم نییە.

**رووداو: چۆن پاسپۆرتت نییە؟**

**فوئاد رەحیم:** من لە ئێران سەربازیم نەکردووە، ناشتوانم بگەڕێمەوە پاسپۆرت وەربگرم. ماوەی 14 ساڵیشە لە باشووری کوردستانم. هاوژین و منداڵەکانم رەگەزنامەی عێراقییان هەیە، زیاتر لە 8 ساڵیشە هاوسەرگیریم کردووە، بەڵام حکومەتی عێراق رێگرە لەوەی من رەگەزنامەی عێراقی وەربگرم. بەپێی یاسا مافی خۆمە، بەڵام پێموایە دەستێکی سیاسی لەپشتەوەیە کە ناهێڵێ ببمە خاوەنی رەگەزنامەی عێراقی. زۆر حەزم لە گەشت و سەفەرکردنە، بەڵام بەهۆی نەبوونی پاسپۆرتەوە رێگەی دوورم سلێمانی و دهۆکە.

**رووداو: هەرگیز بیرت لەوە کردووەتەوە بۆئەوەی پاسپۆرت وەربگریت کوردستان بەجێبهێڵێت و بچیتە ئەورووپا؟**

## ژنەکەم دڵپیسیم لێناکات

**فوئاد رەحیم:** من هیچ جیاوازییەک لەنێوان هەولێر و سەقزدا ناکەم. بڕوا بکە ئەگەر رێگەشم بدەن بگەڕێمەوە ئێران تەنیا بە گەشت دەگەڕێمەوە. کاتێک دەچمە سلێمانی و دەگەڕێمەوە، هەر کە قوشتەپە دەردەکەوێت، بە ماڵی باوکی خۆمی دەزانم. بیریش لەوە ناکەمەوە کوردستان بەیەکجاری بەجێبهێڵم، بەڵام ئەگەر رێککەوێت بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی مانەوە و پاسپۆرت دەڕۆمە ئەورووپا و دەگەڕێمەوە. گرنگ ئەوەیە ئیدی پاسپۆرتی ئێرانیم ناوێت.

**رووداو: گەنجێکی قۆز و بەرچاوی، بەهۆی**

## کچان لە فەیسبووک تێدەگەیەنم کە ژنم هەیە

**دەرکەوتنت لە رووداویش ناوبانگێکی زۆرت هەیە، کچان بۆ خۆشەویستی یاخود ئەوانەی نازانن ژنت هەیە، لێت نایەنە پێش؟**

**فوئاد رەحیم:** هاوڕێی کچم زۆرە. هەمووشیان دەزانن ژنم هەیە. کچ هەن بۆ خۆشەویستی دێنەپێش، بەڵام بۆیان روونەدەکەمەوە کە ژنم هەیە و تێیاندەگەیەنم.

**رووداو: هاوژینەکەت دڵپیسیت لێ ناکات؟**

**فوئاد رەحیم:** نەخێر، ئەو زۆر هاوکاری منە. من هیچ نهێنییەکم لەگەڵی نییە، بۆیە دڵپیسی ناکات.

**رووداو: هاوژینەکەت چۆن ناسی؟**

**فوئاد رەحیم:** لە کۆلێژلە هەولێر پێکەوە بووین. هیچ پەیوەندییەکی خۆشەویستی لەنێوانماندا نەبوو. چەندین ساڵ هاوڕێی نزیک بووین، بەڵام دواتر کە بیرم لە ژنهێنان کردەوە، بژارەیەکی باشتر لەوم نەبوو. من زۆر قەرزداری ئەوم. لە ناخۆشترین کاتەکانی ژیانمدا لەگەڵمدا بووە.

**رووداو: ناخۆشترین کاتەکانی ژیانت کەی بوون؟**

**فوئاد رەحیم:** ئەوکاتەی تازە زانکۆم تەواوکرد، باری داراییم زۆر خراپ بوو. بەهۆی نەبوونی رەگەزنامەوە دەرفەتی کارکردنم زۆر کەم بوو. کەمدەرامەت بووین و ژیانێکی سەختمان بەڕێکرد. دووبارە دەیڵێمەوە زۆر قەرزاری خێزانەکەمم.

**رووداو: لەگەڵ وەرزش و خواردن دروستکردن چۆنی؟**

**فوئاد رەحیم:** پێشتر لە وەرزش زۆر باش بووم، دووەمی راکردنی 100 مەتری بووم لە پۆلی دواناوەندی لە سەقز، بەڵام ئێستا کەمتر دەیکەم. خواردنیش دەزانم. خێزانەکەم خۆشترین برنج دروستدەکات، بەڵام من فێری برنج لێنانم کردووە.

**رووداو: بیرەوەرییەکانی هیچ کچێک، رۆژهەڵات یان ئێرانت بەبیر نامێنێتەوە؟**

**فوئاد رەحیم:** لە رۆژهەڵات پەیوەندیی خۆشەویستیم لەگەڵ کچێک هەبوو. هاوژینەکەشم ئەو شتە دەزانێت، بەڵام بەهۆی هاتنم بۆ باشوور لەدەستمچوو. چونکە نەمتوانی پێیبڵێم دەچمە باشوور. گوتم نەوەک لە دەمی دەربچێت و تووشی کێشە ببم. ئەویش وایزانی من راستگۆ نەبووم لەگەڵی. بۆیە پەیوەندییەکەمان کۆتاییپێهات.

**رووداو: خەون بە چییەوە دەبینی؟**

**فوئاد رەحیم:** خەون بە دەوڵەتی کوردستان و پاسپۆرتی کوردییەوە دەبینم.

## خەون بە دەوڵەت و پاسپۆرتی کوردییەوە دەبینم

# خشتەی پرۆگرامەکانی تەلەفزیۆنی رووداو

**وەرزین:**
لەو بەرنامەیەی وەرزیندا چەندین زانیاری و شیکردنەوەی وەرزشی لەبارەی یانەکانی ئەورووپا و پشووی هاوینەی یاریزانەکان و پلانی راهێنەرە ئەوروپییەکان پێشکەشدەکرێن.
کاتی پێشکەشکردن: دووشەممە، کاژێر 22:05
پێشکەشکار: رێبوار محەممەد

**دوو ئالی:**
پرۆگرامی ئەمجارەی دوو ئالی تایبەت دەبێت بە قەدەخەکردنی کارکردنی رووداو لە کانتۆنی جزیرە-ی سەر بە پەیەدە لە رۆژئاوای کوردستان.
کاتی پێشکەشکردن: سێشەممە، کاژێر 22:05
پێشکەشکار: دلبخوین دارا

**دۆکۆمێنتاری:**
گریانە هەوربڕەکە، دۆکۆمێنتارییەکە لەسەر گریانەکەی ڤیان دەخیل بۆ حاڵی کوردانی ئێزدی.
کاتی پێشکەشکردن: سێشەممە، کاژێر 23:30
ئامادەکردنی: نەوزاد مەحموود

**چوار قۆڵی:**
رۆژنامەنووسان کەمال رەئوف، عەدنان عوسمان، عارف قوربانی و سلێمان عەبدوڵڵا یونس باسی گەرمترین مژاری هەفتەی ناوچەکە دەکەن.
کاتی پێشکەشکردن: چوارشەممە، کاژێر 22:05
پێشکەشکار: رێبوار کەریم وەلی

**پەنجەمۆر:**
بەشی یەکەمی هەڤپەیڤینێکە لەگەڵ نیزامەدین تاژ، ئەندامی پێشوی کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە
کاتی پێشکەشکردن: پێنجشەممە، کاژێر 22:05
پێشکەشکار: کاوە ئەمین.

**نۆرین:**
بەرنامەکە لە چەند برگەیەکی تەندروستی پێکدێت، بە میوانداری کەسانی شارەزاو پسپۆڕ
کاتی پێشکەشکردن: هەینی، کاژێر 21:05
پێشکەشکار: دکتۆر ئاراس برادۆستی

**هەڤپەیڤین:**
سیاسەتڤان و پەرلەمانتاری پێشوی تورکیا مەحمود چیلینک میوانی هەڤپەیڤینێکی تایبەتی تۆڕی میدیایی رووداوە. تێیدا چەندین پرسی جیاواز دەربارەی پرۆسەی ئاشتی و دوا هەڵبژاردنەکانی تورکیا گەنگەشە دەکەن.
کاتی پێشکەشکردن: هەینی، کاژێر 22:05
پێشکەشکردن: دلبخوین دارا

**چاوی رووداو:**
لە هەر ئەڵقەیەکی چاوی رووداودا چوار فیچەر پێشکەش دەکرێن.
کاتی پێشکەشکردن: هەینی، کاژێر 23:30
پێشکەشکار: گوڵستان محەممەد ئەمین

**تێبینی:**
ئەم خشتەیە جێگیر نییە، رەنگە بەهۆی رووماڵ و راستەوخۆکانی کەناڵی رووداو، گۆڕانکاری بەسەردا بێت.

# پەخشی پرۆگرامەکانی رادیۆی رووداو

102.7
102.9




**رۆنان:**
بایەخ بە بابەتە ئەدەبییەکان و نوێترین بەرهەمی نووسەران دەدات.
**کات:** هەینی، کاژێر 16:00
**پێشکەشکار:** فەرهاد چۆمانی

**مژار:**
پرۆگرامێکی گفتوگۆئامێزە سەبارەت بە مژارە گەرمەکانی کوردستان و جیهان.
**کات:** شەممە تاوەکو پێنجشەممە، کاژێر 11:00.
**پێشکەشکاران:** سروە هەورامی

**چاڤێ سێیەم:**
باسی گرنگترین مژارەکانی رۆژئاوای کوردستان دەکات
**کات:** شەممە، کاژێر 17:00.
**پێشکەشکار:** حوسێن عومەر

**دەنگێ کۆبانێ:**
باسی رووداوەکانی شاری کۆبانێ و دەوروبەری دەکات.
**کات:** یەکشەممە کاژێر 16:00.
**پێشکەشکار:** عومەر کالۆ

**بەکاتی سلێمانی:**
گەرمترین رۆژەڤی هەفتەیەکی سلێمانی شەنوکەو دەکات
**کات:** یەکشەممە کاژێر 17:00.
**پێشکەشکار:** سامان بەشارەتی.

**ب دەما ئامەدێ:**
باسی مژارەکانی شاری ئامەد و باکوری کوردستان دەکات.
**کات:** دووشەممە، کاژێر 16:00
**پێشکەشکار:** ماشەڵڵا دەکاک.

**گفتوگۆی رۆژنامەنووس:**
باسی دیارترین پرس و رووداوەکانی هەفتە دەکات
**کات:** دووشەممە، کاژێر 16:30.
**پێشکەشکاران:** ئاکۆ محەممەد و رێبوار کەریم وەلی

**یاریگای رووداو:**
شرۆڤەی یاری و پاڵەوانییەتیە وەرزشییەکانی ناوخۆ و جیهان دەکات.
**کات:** شەممە، کاژێر 16:00
**پێشکەشکاران:** رێبوار محەممەد و ئیحسان تاهیر و سەفین تەها.

**دەنگی رۆژهەڵات:**
باسی رووداو و رۆژەڤی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکات
**کات:** سێشەممە، کاژێر 17:00.
**پێشکەشکار:** ئومێد بەرین.

**ب دەما قامشلۆ:**
گرنگترین مژاری شاری قامشلۆ و دەوروبەری دەبنە تەوەری پرۆگرام
**کات:** چوارشەممە، کاژێر 16:00.
**پێشکەشکار:** ئاشتی تیشی

**زێڕی رەش:**
گرنگی دەدات کەرتی نەوت و وزە و سامانە سروشتییەکان.
**کات:** چوارشەممە، کاژێر 17:00
**پێشکەشکار:** بیلال سەعید

**لە پەیامنێرانەوە:**
گەیاندنی زانیارییە بە گوێگران لە رێگەی پەیامنێران لە هەرچوار پارچەی کوردستان و جیهان.
**کات:** پێنجشەممە کاژێر 16:00.

**گوتوبێژ:**
گرنگی بە مژارە سیاسییەکانی باشووری کوردستان و پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغدا دەدات
**کات:** پێنجشەممە، کاژێر 17:00.
**پێشکەشکار:** دڵدار هەرکی

**یادەوەری:**
باس لە بیرەوەریی کەسایەتییە ناسراوەکانی کوردستان دەکات.
**کات:** هەینی کاژێر 11:00
**پێشکەشکار:** شوان مەنمی.



# خشتەی پرۆگرامەکانی رووداو میوزیک بەکاتی هەولێر 107.7

**ئاوەژوو:**
باسی دیوی شاراوەی ژیانی هونەرمەندان دەکات
**کاتی پێشکەشکردن:** یەکشەممە، کاژێر 21:00
**پێشکەشکار:** چۆمان مەحموود

**دەنگی نوێ:**
هەر جارە و میوانداری گۆرانیبێژ و ئاوازدانەرێکی گەنج دەکات.
**کاتی پێشکەشکردن:** سێشەممە، کاژێر 21:00
**پێشکەشکار:** دەرباز یونس

**چیرۆکی ئاوازێک:**
پرۆگرامێکی دۆکیۆمێنتەرییە و چیرۆکی بەرهەمهێنانی گۆرانییە نەمرە کوردییەکان دەگێڕێتەوە.
**کاتی پێشکەشکردن:** پێنجشەممە کاژێر 21:00
**ئامادەکار:** هەرێم محەممەد


شیری ئاڵتونسا
100%
سروشتی یە
altunsa
MiLk
powder


برنجی محمود
خۆش تام و بەسود
MAHMOOD RICE
١١٢١
100%
MAHMOOD RICE®


بۆ ڕێکلام کردن لە تۆڕی میدیایی
RÛDAW
RÛDAW
FM & MUSIC
پەیوەندی بکە بە:
SIDAR
AGENCY
for advertisement and media production
agency@sidarholding.com
www.sidarholding.com
+964 750 833 22 33
+964 750 833 44 33
+964 770 252 11 11


جیهان ستی...
جیهانی شادی و دڵنیایی
* ئەپارتمانەکانمان لەسەر تازەترین شێواز دروست کراوە.
* کەرستەی بەکار هاتوو لە باڵەخانەکان و لە دروستکردنی ئەپارتمانەکان لە باشترین براندەکانی جیهانە.
* چوار ئەسانسور (مصعد)، پرسگەی تایبەت لەهەر باڵەخانەیەکدا.
* کاتژمێر چاودێری.
* قوتابخانە.
* مزگەوت.
* نورینگەی پزیشکی.
* سەنتەری وەرزشی و مەلەوانگەی کراوە و داخراو.
* ڕووبەرێکی فروانی سەوز.
* مۆلی بازرگانی.
CIHAN CITY
www.cihancity.com
CIHAN CITY
جیهان ستی..
بەخێن لە پرۆژەکانی جیهان گروپ
CABA
Cihan Construction
هەولێر - ڕێگای کەرکوک - پشت بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر
ژمارەی مۆبیل: 07502324343 / 07707043131


شاری دایك
بەشداربە لە بەرزترین و ناوازەترین شوێنی
گەشتیاری و نیشتەجێبون
شاری دایك
bareaz
GROUP COMPANY
SHARI DAIK
ڤێلاکانی شاری دایك
شوقەکانی شاری دایك
www.Bareazgroup.com
/bareaz Group
0750 112 0090
0770 365 0090
ناونیشان
سلێمانی | بناری گۆیژە

## بارهەڵگرێک ژنێک دەکوژێت

**ڕووداو- سلێمانی**

لەسەر ڕێگای سەیدسادق – پێنجوین، ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر لە ژنێک دەدات و بەو هۆیەوە ژنەکە گیان لە دەستدەدات. موقەدەم حەکیم عەزیز، بەڕێوەبەری پۆلیسی سەیدساق بە (ڕووداو)ی گوت "ڕۆژی 2015/8/8 ئۆتومبیلێکی بارهەڵگر ژنێکی تەمەن 40 ساڵی شێلاوە و دەستبەجێیش گیانی لەدەستداوە، دواتریش شۆفێری ئۆتومبیلەکە بە پێی ماددەی 24ی یاساکانی هاتوچۆ ڕاگیراوە و دۆسیەی لێکۆڵینەوەش بۆ ڕووداوەکە کراوەتەوە". بەپێی زانیارییەکانی ڕووداو، ئەو ژنە خاوەنی سێ منداڵ بووە.



ڕووداو
ژنان
ژمارە (370) دووشەممە 2015/8/10

# زەینەب بە چوار فیشەک کوژرا

## برای زەینەب: هاوژینەکەی بۆ سەروەتەکەی کوشتی

## هاوسێیەکی: دوای ئەو ڕووداوە دەمانەوێ لەو گەڕەکە بڕۆین



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

زەینەب و کچەکەی سەرقاڵی ئامادەکاری بوون بۆئەوەی ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوونی کچەکەی بکەنەوە، بەڵام هاوژینەکەی شاییەکەی لێ کردن بە شین. جگە لە کوشتنی زەینەب، کچەکەشی بریندارکرد.

کاژێر 11ی شەوی 2015/8/4، ژنێکی تەمەن 46 ساڵ بەناوی زەینەب قاسم، لەبەردەم ماڵەکەی لە گەڕەکی سەرچناری شاری سلێمانی، لەلایەن هاوژینەکەی بە چوار فیشەک کوژرا و کچەکەشی بریندارکرا. بکوژی زەینەب ڕۆژی دواتر لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکرا. زەینەب خەڵکی شارۆچکەی خانەقینە، فەرمانبەری یەکێک لە فەرمانگەکانی شاری کەرکووک بوو و هاوژینەکەشی هەر فەرمانبەر بوو، بەڵام لە سلێمانی.

عەباس قاسم، برای زەینەب بە (ڕووداو)ی گوت "زەینەب پێش ئەو پیاوە شووێکی دیکەی کردووە و کچێکی لێی هەیە، بەڵام هاوژینەکەی شەهید بووە. دوو ساڵ لەمەوبەر، لەڕێگەی ناسیاوێکمان شووی بەو پیاوە کرد کە کوشتی".

عەباس دەڵێت ناسیاوەکەیان زۆر پەسنی ئەو پیاوەی داوە، بەڵام قسەکانی ڕاست دەرنەچوون.

هەر بە گوتەی قاسم، باری دارایی زەینەب زۆر باش بووە. چونکە خۆی لە شاری کەرکووک فەرمانبەر بووە و هاوژینی یەکەمیشی زیندانیی سیاسی بووە. بۆیە مووچەی ئەویشی وەرگرتووە و گوتی: "هاوژینی دووەمی تەنیا لەبەر سەروەت و سامانەکەی زەینەبی خواست، ئەگینا مامەڵەی زۆر خراپ بوو لەگەڵی. چەندینجار هەڕەشەی کوشتنی لێکردووە".

یەکێک لە هاوسێکانی زەینەبیش، کە نەیویست ناوی بهێنرێت، گوتی: "هاوژینەکەی تەنیا لەبەر سەروەت و سامان زەینەبی هێنابوو، ئەگینا مامەڵەی لەگەڵیدا زۆر خراپ بوو".

سەبارەت بە ڕووداوەکەی ئەو شەوە و کوشتنی زەینەب، عەباس گوتی "هاوژینەکەی بە پارەی زەینەب تاکسییەکی کڕیبوو. پاشان بەبێ ئاگاداریی زەینەب فرۆشتبوویەوە. زەینەبیش داوای پارەکەی لێکردووەتەوە، بەڵام هاوژینەکەی خواردبووی و هەر لەسەر ئەوەش زەینەبی کوشت".

وەک قاسم باسیکرد، مێردی زەینەب دوو ژنی دیکەی هەبووە و لە یەکێکیان جیابووەتەوە. ئەوکاتەی زەینەبی مارە کردووە، هێشتا ژنێکی لەلا بووە، بەڵام ئاشکرایەنەکردبوو.

قاسم پێیوایە کوشتنی زەینەب "پلان" بۆ داڕێژراو بووە، بۆیە جگە لەوەی ئێستا هاوژینەکەی تۆمەتبارە، ئەوان چوار کەسی دیکەش تۆمەتبار دەکەن کە بەشداریی ئەو کارەیان کردووە کە دووانیان زڕکوڕی زەینەبن.

براکەی داواکارە بکوژی زەینەب بە توندترین شێوە سزا بدرێت و گوتی: "بە هیچ شێوەیەک لە بکوژەکە خۆشنابین. داواکارین توندترین سزای بەسەردا بدرێت. چونکە خوشکەکەم هیچ هەڵەیەکی نەبوو".

چەند ڕۆژێک دوای ڕووداوەکە، هێشتا شریتی لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس بە بەردەمی ماڵی زەینەبەوە بەسترابوو. هاوسێکانیشی لە کەسوکارەکەی زیاتر نیگەران بوون بۆ کوشتنی زەینەب. ئەو هاوسێیەی نزیکەی 20 ساڵە لەنزیکەوە زەینەب دەناسێ ئاماژەی بەوەدا کە ئەو ژنە زۆر باش و ڕێکوپێک بووە: "ئەم هاوژینەی زۆر بەخراپی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرد و چەندینجار بە ناهەق شەڕی پێدەفرۆشت. زەینەب هەمیشە لەلای ئێمە دەردەدڵی دەکرد".

هەر بەقسەی ئەو هاوسێیەیان، شەوی ڕووداوەکە زەینەب و کچەکەی لە دەرەوە بوون و پێداویستییان کڕیوە بۆئەوەی ئاهەنگی لەدایکبوونی کچەکەی بگێڕن، بەڵام تووشی ئەو ڕووداوە بوون. ئەو لەکاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکەدا خۆی پێ نەگیراو و دەستیکرد بە گریان: "لەو شەوەوە ئاگام لەخۆم نەماوە و داوام لە هاوژینەکەم کردووە ئەم خانووە بفرۆشین، چونکە ناتوانم جارێکی دیکە لە گەڕەکێکدا بژیم کە زەینەبی تێدا نەبێت".

زەینەب و هاوژینەکەی پێشتریش بەهۆی کێشە و دەمەقاڵێوە سکاڵایان لەدژی یەکدی تۆمارکردووە. نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی، بە (ڕووداو)ی گوت: "پیاوەکە لەگەڵ ژنەکەی کێشەی هەبووە و بەوهۆیەوە چوار فیشەکی پێوەناوە و کچەکەشی فیشەک بەر دەستی کەوتووە. ئەوان پێشتریش لە بنکەی پۆلیسی سەرچنار سکاڵایان لەدژی یەکدی تۆمارکردووە".

## یادگارییەکی بۆ مێردەکەی بەجێهێشتووە

# گوڵان بە چەکی وەیس دەکوژرێت



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- کەرکووک**

ئەو چەکەی وەیس بەرگریی پێ لە خاکی کوردستان دەکرد، هاوژینەکەی، بەهۆی دەستکاریکردنییەوە، خۆی پێ کوشت. وەیس دەڵێت ڕووداوەکە "قەزا و قەدەر" بووە، چونکە "من و گوڵان هاوڕێ بووین نەک هاوژین".

پاشنیوەڕۆی ڕۆژی 2015/8/2 ژنێکی تەمەن 19 ساڵ بەناوی گوڵان سەعید، کە دانیشتووی گەڕەکی پەنجا عەلیی شاری کەرکووک بوو، بەهۆی دەستکاریکردنی چەکی مێردەکەیەوە، گوللەیەکی بەرکەوت و گیانی لەدەستدا.

گوڵان ژنی ماڵەوە بوو. شەش ساڵە لەگەڵ وەیس حەسیب-ی تەمەن 39 ساڵ، کە پورزای خۆی بوو، ببوونە هاوژین. بەرهەمی ئەو هاوژینییەشیان کوڕێکی تەمەن دوو ساڵە بوو.

وەیس نزیکەی 20 ساڵە پێشمەرگەیە. بەگوتەی خۆی هەمیشە چەکەکەی لەو شوێنەدا داناوە کە ئەو ڕۆژە هاوژینەکەی دەستکاریی کردووە. وەیس گوتی "ئەوە یەکەمجار بوو گوڵان دەستکاری چەکەکە بکات و ئەو ڕووداوەی لێکەوتەوە".

وەیس هێشتا سەرگەرمی بەخێرهێنانی میوانانی پرسەی هاوژینەکەی بوو، گوتی: "بڕیار وابوو ڕۆژی سێی مانگ بچمەوە دەوام، بۆیە بە گوڵانم گوت جلەکانم بۆ ئوتوو بکات. منیش چوومە سەرتاشخانە".

وەیس کاتێک گەڕاوەتەوە ماڵەوە، بینیویەتی منداڵە تەمەن دوو ساڵانەکەی لەبەر دەرگا وەستاوە و دەگریت. وەیس باوەشی بە منداڵەکەیدا کردووە و هۆکاری گریانەکەی لێ پرسیوە. ئەویش گوتویەتی: "دایە، دایە".

بەپێی گێڕانەوەکانی وەیس، کاتێک چووەتە ژوورەوە، بینیویەتی گوڵان ڕاکشاوە. ئەو وای هەستکردووە کە خەوتووە: "هەندێکجار بۆ خۆشی ڕادەکشا و خۆی بە نووستوو نیشان دەدا، بەڵام کە خوێنەکەم بینی دەستبەجێ هاوارمکرد، ئیدی ماڵی باوکیشم، کە لەتەنیشتمەوەن، هاتن بۆ لام. گوتیان چی بووە؟ گوتم: بەخوا منیش وەکو ئێوە دەزانم و ئێستا بینیتان لە دەرەوە هاتمەوە".

هەر بەپێی قسەکانی وەیس، لەوکاتەدا گوڵان سەرقاڵی ئامادەکاریی پێداویستییەکانی ئەو بووە و دەستکاری کلاشینکۆفەکەی کردووە. بەوهۆیەشەوە فیشەکێک دەرچووە و بەر سەری کەوتووە. دواتر لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا.

لەڕێگەی گەیاندنی بۆ نەخۆشخانە، زۆر هەوڵدراوە قسە لەگەڵ گوڵان بکرێ، بەڵام بەهۆی سەختیی برینەکەیەوە، نەیتوانیوە هیچ قسەیەک بکات و باسی چۆنیەتی ڕووداوەکە بکات. وەیس سەری سوڕماوە لە ڕووداوەکە و دەڵێت: "گوڵان قەت لە چەک نزیک نەدەبووەوە و دەستکاریی نەدەکرد. تەنانەت لە گیاندارێکی بچووکیش دەترسا. ماوەی شەش ساڵە چەک لەو شوێنەدا دادەنێم و قەت لەو بڕوایەدا نەبووم کە گوڵان دەستکاریی بکات".

وەیس ڕەتیکردەوە خۆکوشتنی هاوژینەکەی بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە بووبێت: "ئەو قسانە دوورن لەڕاستییەوە، چونکە وا شەش ساڵە بەیەکەوەین، بچووکترین کێشەمان نەبووە".

وەیس دەڵێت قەت ژنەکەی لە خەیاڵی دەرناچێت و بەردەوام لەبەرچاویەتی "هەموو خولەکێک و ڕۆژێکی پێکەوەژیانمان یادگارین و لەیادم ناچن، چونکە کەسوکاری هەردوولامان دەزانن کە ئێمە وەکو هاوڕێ بووین نەک هاوژین".

دوای گوڵان، ئیدی بۆ ئێستا و ئایندە، وەیس دڵی بە ئەلیاس-ی کوڕی خۆشە، کە ئاسوودەیی پێدەبەخشێ: "ئەلیاس جوانترین دیارییە کە گوڵان دوای خۆی بۆی بەجێهێشتووم. هەرکاتێک کوڕەکەم دەبینم، وا هەستدەکەم گوڵان لەگەڵمدا دەژی".

سەعید مەجید باوکی گوڵان کە خاڵی وەیسە ڕووداوەکەی بە "قەزا و قەدەر" زانی و گوتی "ئەوان خاڵۆزا و پورزا بوون و کێشەیان نەبوو. ڕووداوەکە قەزا و قەدەر بووە. بۆیە سکاڵامان لەدژی کەس نییە".

دوای ڕووداوەکە بنکەی پۆلیسی عروبە دەستیان بە لێکۆڵینەوە کردووە. سەرچاوەیەک لەو بنکەیە بە (ڕووداو)ی گوت "تاوەکو ئێستا نازانرێت خۆکوشتنی ئەو ژنە چییە. باوک و دایکی دەڵێن کێشەیان نەبووە، بەڵام لێکۆڵینەوەش لە ڕووداوەکە بەردەوامە".

## ئەمساڵ لە کەرکووک 52 ژن خۆیان کوشتووە

# ڕێگەی خێراتر لە خۆسووتاندن دۆزراوەتەوە بۆ خۆکوشتن

## ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک داوای ئامار لە پۆلیس دەکات، ئەویش نایدات

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- کەرکووک**

بەپێی ئاماری نووسینگەی کەرکووکی کۆمەڵەی هیوای عێراقی، لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا لە سنووری شاری کەرکووک، 52 ژن بەهۆی خۆسووتان و خۆهەڵواسین و فیشە لەخۆدانەوە، گیانیان لەدەستداوە.

نووسینگەی کەرکووکی کۆمەڵەی هیوای عێراق، دیارترین ڕێکخراوی شارەکەیە بۆ داکۆکیکردن لە ژنان. بەپێی ئەو بەدواداچوونەی ڕێکخراوەکە بۆ خۆکوشتنی ژنان لەو شارەدا کردوویەتی، دەرکەوتووە کە لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 52 ژن خۆیان کوشتووە، لەوانەش 31 کەسیان خۆیان سووتاندووە، 7 ژن بە فیشەک و خۆهەڵواسین خۆیان کوشتووە، 14 ژنی دیکەش بە شێوازی جۆراوجۆری دیکە خۆیان کوشتووە. سرود محەممەد، بەڕێوەبەری نووسینگەی کۆمەڵەی هیوای عێراقی لە کەرکووک، دەڵێت لەو باوەڕەدان کە ژمارەکە زۆر لەوە زیاتر بێت: "لە بەدواداچوونماندا ئەو ژمارەیەمان دەستکەوتووە، ئەگینا دڵنیاین ژمارەکە لەوەش زیاترە".

"خۆکوشتن دووقات زیادی کردووە"

سرود محەممەد نیگەرانیی خۆی لەو ئامارەی ئەمساڵ نیشاندا و گوتی "ئەگەر بەراوردی ئامارەکەی ئەمساڵ و ساڵانی پێشتر بکەین، دەبینین تەنیا ئاماری شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ، بەرامبەر ئاماری تەواوی ساڵی ڕابردووە".

ئەو بەرپرسەی کۆمەڵەی هیوا، ئامانجی خۆشیانی لە بڵاوکردنەوەی ئامارەکە خستەڕوو، کە مەبەستیان نییە ئەو ئامارە بۆ بانگەشەی خۆکوشتن بەکاربهێنن، بەڵکو وەک ئەو گوتی: "دەمانەوێ حکومەت لەسەر زۆربوونی خۆکوشتنی ژنان بێتە دەنگ و پێکەوە گفتوگۆ بکەین لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکە".

"چەک زۆر بووە"

سرود محەممەد ئاماژەی بە چەند هۆکارێکی خۆکوشتنی ژنان کرد لە شاری کەرکووک. لەوانەش ڕەوشی ئەمنی بەهۆی شەڕی داعش و بێئومێدبوونی هاووڵاتیان بەگشتی و ژنانیش بەتایبەتی. جگە لەوەش نەمانی زمانی گفتوگۆ و دروستکردنی گوشار لەسەر ژنان. پاشانیش زۆربوونی چەک، کە بەهۆیەوە ئافرەتان خۆیان دەکوژن، یان زۆرجار لەلایەن کەسوکاریانەوە دەکوژرێن، بەڵام دەڵێن خۆیان خۆیان کوشتووە.

ئامارەکانی ساڵانی ڕابردووی خۆکوشتنی ژنان لە کەرکووک زیاتر لەڕێگەی تۆمارکردنی ڕێژەی خۆسووتاندنەوە بووە. بۆنموونە تەنیا لە 10 مانگی ساڵی ڕابردوودا 53 ژن بەهۆی سووتانەوە گیانیان لەدەستداوە، بەڵام لە ئاماری شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵی کۆمەڵەی هیوادا، خۆکوشتن لەڕێگەی خۆهەڵواسین و فیشەکیشی تێدایە. سرود محەممەد لەوبارەیەوە گوتی "جاران ژنان زیاتر خۆیان دەسووتاند، بەڵام ئێستا خۆهەڵواسین و فیشەک لەخۆدانیش زیادیکردووە. چونکە زۆرجار ژنان بە خۆسووتاندن نامرن، بەڵکو تەنیا جەستەیان دەشێوێت، بەڵام لەڕێگەی خۆهەڵواسین و فیشەکەوە دەستبەجێ گیان لەدەست دەدەن".

زۆرجار لە کاتی خۆکوشتنی ژناندا، کەسوکارەکەیان دەڵێن نازانن بۆچی خۆیان کوشتووە، بەڵام سرود دەڵێت "هیچ ژنێک بەبێ بوونی هۆکارێک خۆی ناکوژێ. ڕەنگە ئەو کەسەی خۆی دەکوژێت کچێک بێت و بیەوێ بگاتە خۆشەویستەکەی، بەڵام خێزانەکەی ڕێگەی پێنادەن یان بەهۆی خراپیی مامەڵەی هاوژینەکەیەوە خۆی کوشتبێ".

### ئاماری "مەترسیدار"

جوان حەسەن، سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ و کاروباری ژنان و منداڵان لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، گوتی داوایان لە پۆلیس کردووە ئامارەکانی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵیان بۆ ڕەوانە بکەن، بەڵام "هێشتا پێمانەگەیشتووە".

سەبارەت بە ئامارەکەی ئەو ڕێکخراوەش، جوان گوتی "لەبەرئەوەی ئەو ئامارە لەلایەن هیچ دامەزراوەیەکی فەرمییەوە بڵاونەکراوەتەوە، ناتوانین پشتی پێ ببەستین، بەڵام نەک 53 ژن، بەڵکو ژنێکیش بکوژرێت هەر زۆرە".

ناوبراو تێبینییەکی لەسەر ئامارەکە هەبوو و گوتی "ئێستا بەهۆی شەڕی داعشەوە نزیکەی 100 هەزار ئاوارەش هاتوونەتە سنووری شارەکە و ناکرێت ئەو ئاوارانە لەسەر خەڵکی کەرکووک هەژمار بکرێن". لەوەڵامدا سرود محەممەد گوتی "ئامارەکە تەنیا دانیشتووانی کەرکووکی تێدایە و هیچ ئاوارەیەکی تێدا نییە".

بە بۆچوونی جوان، کاتێک ژنێک لەماڵەوە کێشەیەکی هەیە و هیچ کەسێکی نییە پەنای بۆ ببات، یاخود هیچ مووچەیەکی نییە تاوەکو لەکاتی مامەڵەی خراپی هاوژینەکەی لێی جیاببێتەوە و سەربەخۆ بژی، پەنا بۆ خۆکوشتن دەبات.

### چی بکرێت بۆ کەمکردنەوەی خۆکوشتن؟

**سرود محەممەد پێشنیازی چەند ڕێگەیەک دەکات بۆ ڕێگەگرتن لە خۆکوشتنی ژنان، لەوانە:**

- کردنەوەی بەشی دەروونی لە نەخۆشخانەی ئازادیی کەرکووک
- دامەزراندنی توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی لە قوتابخانەکان
- کردنەوەی شێڵتەر بۆ داڵدەدانی ژنانی هەڕەشەلێکراو
- بەدواداچوونی بەردەوام بۆ ئەوانەی پێشتر هەوڵی خۆکوشتنیان داوە

ڕووداو
کۆمەڵایەتی
ژمارە (370) دووشەممە 2015/8/10

## سیروان گەنجێک دەخنکێنێ



**ڕووداو- گەرمیان**

بەپێی ڕاگەیەنراوێکی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان کە وێنەیەکی بۆ (ڕووداو) نێردراوە، سەر لەبەیانی ڕۆژی 2015/8/9 تەرمی گەنجێکی تەمەن 18 ساڵیان دۆزیوەتەوە.

پۆلیسی گەرمیان دەڵێت گەنجەکە دانیشتووی شارۆچکەی کەلارە و ئێوارەی ڕۆژی 2015/8/8 لە کاتی مەلەکردندا لە ڕووباری سیرواندا خنکاوە. تەرمی گەنجەکە ڕەوانەی پزیشکی دادوەری کەلار کراوە و کەسوکاریشی سکاڵایان یاساییان لەسەر هیچ کەسێک تۆمار نەکردووە، بەڵام پۆلیس 11 لە هاوڕێکانی ئەو گەنجەی بۆ لێکۆڵینەوە دەستگیرکردووە.

## لە چەمچەماڵ هاوسەرگیرییان کرد

# خۆشەویستیی خوا و کوردستان دوو ئەمریکی دەگەیەنێتە یەک



### زاوا: کلاشی ڕۆژی زاوایەتیم تەنگ بوو

### بووک: چەمچەماڵ وەکو ئەمریکا خۆشە

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- چەمچەماڵ**

ئیلایی و لیا هەرگیز پێشبینییان نەدەکرد بە هەزاران کیلۆمەتر دوور لە زێدی خۆیان ئاهەنگی هاوژینی سازبکەن. ئەوان هەفتەی ڕابردوو لە چەمچەماڵ چوونە نێو قەفەسی زێڕین.

ئیلایی، تەمەن 30 ساڵ و لیا 25 ساڵ، دوو گەنجی بە ڕەگەز ئەمریکین. دوای ساڵێک پەیوەندیی سۆزدارییان، ڕۆژی 2015/7/31 دوور لە کەسوکاری خۆیان، لە شارۆچکەی چەمچەماڵ ئاهەنگی هاوسەرگیرییان سازکرد.

ئیلای پیاوێکی باڵا مامناوەندیی ئەسمەرە و لە دوورگەیەکی ئەمەریکا لەدایکبووە. دوو ماستەری لە زانستی سیاسی و پەیوەندیی نێودەوڵەتیدا بەدەستهێناوە. لیای هاوژینیشی ژنێکی سپی پێستی باڵا مامناوەندییە و خەڵکی ویلایەتی نیوجێرسییە و بەکالۆریۆسی لە زانستی سیاسیدا هەیە.

ئێستا ئیلایی لە سەنتەری سەرچاوەی خۆشەویستی لە چەمچەماڵ مامۆستای زمانی ئینگلیزییە. سەنتەرەکە ماوەی حەوت ساڵە لەلایەن ئەمەریکییەکانەوە بۆ خەڵکی ئەو ناوچەیە کراوەتەوە و خولەکانی ئینگلیزی و کۆمپیوتەر و بەرگدروویی بۆ ئافرەتان دەکاتەوە و نەخۆشخانەیەکیشی تێدایە کە بەبێ بەرامبەر خزمەتگوزاریی تەندروستی پێشکەشی هاووڵاتیان دەکات.

### چۆن یەکدیان ناسی؟

ئیلای کە دوو ساڵە زمانی ئینگلیزی لە قوتابخانەکانی شاری سلێمانی دەڵێتەوە و ماوەی شەش مانگە لەو سەنتەرە کاردەکات. ئەو باسی ناسینی لیا دەکات و دەڵێت مانگی ئابی ساڵی ڕابردووش لیا سەردانی کوردستانی کردووە. ئەوان لە شاری سلێمانی یەکدییان ناسیوە و پەیوەندیی ئەڤینداری لەنێوانیاندا دروستبووە.

ئیلای گوتی "لیا هەر ئەوکاتە لەترسی داعش لەلایەن خێزانەکەیەوە ئاگادارکرایەوە کە بڕواتەوە ئەمریکا، بەڵام من نەگەڕامەوە و پەیوەندیی ئەڤینداریشمان هەر بەردەوام بوو".

### مەرجەکەی ئیلای

ئیلای بەرلەوەی لیا هەڵبژێرێت مەرجێکی هەبووە بۆ ژنهێنان. ئەویش خۆشەویستیی "خودا و کوردستان" بووە. کاتێک ئیلای بینیویەتی لیا ئەم مەرجەی تێدایە، بڕیاری داوە بیخوازێت. ئیلای دوو مانگ لەمەوبەر گەڕاوەتەوە ئەمریکا بۆ خوازبێنیی لیا.

ئیلای گوتی "کاتێک خوازبێنیم کرد، باوک و دایکی کاتێک زانییان لە کوردستان دەژین، پرسیاری زۆریان لێکردم. بۆنموونە لەکوێ دەژین و ئەو شوێنە چەند لە داعش دوورە". بەڵام ئێستا کەسوکاری لیا دەزانن کچەکەیان لە شوێنێکی ئارامی وەکو هەرێمی کوردستانە.

ئەو دوو مامۆستا ئەمریکییە، شارۆچکەی چەمچەماڵیان هەڵبژارد بۆ ئاهەنگی هاوژینیان. ئیلای سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئەو ناوچەیە بۆ هاوسەرگیری و ژیان گوتی: "لە هەموو شوێنێکی دنیادا ڕەنگە هەندێک شوێن مەترسیدارتر بن، پاشان خەڵک کاتێک لە فیلمەکاندا دەبینن زۆرجار مەسیحی باوەڕیان بە پرۆسەی پێکهێنانی خێزان، وەکو مارەبڕین و گواستنەوە نییە، ویستمان نیشانی بدەین کە ئێمەش باوەڕمان بە پرۆسەی پێکهێنانی خێزان هەیە".

### مانگە هەنگوینییەکەیان دوو ڕۆژ بوو

مانگی هەنگوینییەکەی ئیلای و لیا تەنیا دوو ڕۆژ بوو. ئیلای گوتی "دوای ئاهەنگەکە گەشتێکی شاری سلێمانیمان کرد، بەڵام تەنیا دوو ڕۆژ لەوێ ماینەوە، لەبەر کاروباری سەنتەرەکە گەڕاینەوە چەمچەماڵ".

هیچکام لە کەسە نزیکەکانی لیا و ئیلای لە ئاهەنگی هاوژینیان ئامادە نەبوون، ئاهەنگەکەیان لەلایەن ئەندامانی سەنتەرەکەوە بۆ ڕێکخرابوو. ئیلای گوتی "ئاسایی بوو کەسوکاری خۆمان لێرە نەبوون، چونکە مانگی دیسەمبەری داهاتوو سەردانی ئەمەریکا دەکەینەوە و لەوێش ئاهەنگێکی دیکە ساز دەکەین و مانگی هەنگوینیش نوێ دەکەینەوە".

### کلاشی زاوا تەنگ بوو

ئاهەنگەکەیان لە ئاهەنگی بوک و زاوایەکی کورد دەچوو، چونکە لەوێ هەڵپەڕکێی کوردی کرا و گۆرانی کوردی گوترا، بوک و زاواش جلی کوردیان لەبەرکردبوو. ئیلای بە پێکەنینەوە گوتی "جلە کوردییەکان زۆر باشبوون، بەڵام کلاشەکان کەمێک بچووک بوون، چونکە یەکەمجار بوو کلاش لە پێ بکەم، هەڵپەڕکێی کوردیش زۆر خۆشە".

ئیلای بە پێچەوانەی زۆربەی ئەورووپی و ئەمریکییەکان بیر دەکاتەوە، کە حەزیان زۆر لە منداڵ نییە و تەنیا یەک دوو منداڵیان دەوێت. ئیلای گوتی "حەز دەکەین لە کوردستان منداڵمان ببێت، لیا حەزی لە دوو منداڵە، بەڵام خۆم حەزم لە 10 منداڵە، بۆ ئەوەی گوندێک دروست بکەم".

ئیلای کەمێک زمانی کوردی فێربووە و دەتوانێت گفتوگۆی پێبکات، بەڵام لیا لەبەرئەوەی تەنیا سێ هەفتەیە گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان، کوردی نازانێت، ئەو دڵخۆشبوو بەم هاوژینییە و هەمیشە لە قسەکردندا بە خەندەوە دەیگوت "هیچ کاتێک پێشبینیم نەدەکرد لە چەمچەماڵ ئاهەنگی هاوژینی بکەم، بەڵام ئاهەنگەکە لەنێو خەڵکی ئێرەدا زۆر خۆشبوو".

ئەو بەنیازە لەمەودوا هەر لەو سەنتەرە وەکو مامۆستا وانە بڵێتەوە و تاڕادەیەک لەگەڵ کولتووری ناوچەکە ڕاهاتووە و ڕۆژانەش شتی نوێ فێر دەبێت و گوتی "سروشتی چەمچەماڵ وەکو سروشتی ناوچەکەی خۆمە لە ئەمریکا، بۆیە زۆر بەلامەوە خۆشە".

ئیلای باسی پلانی داهاتوویان دەکات و دەڵێت "پلانمان ئەوەیە بۆ ماوەی نزیکەی 10 ساڵ لە کوردستان بمێنینەوە، چونکە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەردەوام لە گۆڕاندایە و دەمانەوێت لەڕووی پەروەردەییەوە خزمەتی نەوەی نوێی چەمچەماڵ بکەین".

## قەرز ماڵی هێمنی وێرانکرد

# لەسەر 400 دۆلار کوژرا



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو – سەیدسادق**

لە کوردەواریدا گوتراوە "قەرز دوو ماڵ ئاوەدان دەکاتەوە"، بەڵام قەرز نەک ماڵی هێمنی ئاوەدان نەکردەوە، بەڵکو وێرانیکرد. هێمن بیزانیبایە ئەو چاکەیەی کردی و ماڵێکی پێ ئاوەدان کردەوە، وەڵامەکەی بە خوێنڕشتن دەدرێتەوە، ڕەنگە نەیکردبووایە. ئەو لەجیاتی ئەوەی قەرزەکەی وەرگرێتەوە، لەسەر داواکردنەوەی کوشتیان.

هێمن ع. گەنجێکی تەمەن 30 ساڵ بوو، دەرچووی پەیمانگە بوو. بەهۆی ئەوەی لە هیچ فەرمانگەیەکی حکومەتدا دانەمەزرابوو، ببووە شۆفێری ئۆتۆمبیلێکی بارهەڵگر، بەڵام شەوی 2015/8/1 لە ڕووداوێکی تەمومژاویدا کوژرا.

کەسە نزیکەکانی دەڵێن هێمن 400 دۆلاری بە قەرز دابووە هاوشارییەکی خۆی. بەپێی گێڕانەوەی شایەتحاڵەکان چەند جارێک داوای ئەو بڕە پارەیەی لەو هاوشارییەی، کە هاوتەمەنی خۆی بووە، کردووەتەوە، بەڵام نەیداوەتەوە. بۆیە ئەو شەوە و پێش ڕووداوەکە، جارێکی دیکە لەڕێگەی تەلەفۆنەوە داوای پارەکەی کردووەتەوە، بەڵام قەرزدارەکە گوتوویەتی "بەهیچ شێوەیەک پارەکەت نادەمەوە" و بۆیە شەڕ لە نێوانیاندا دروستبووە. لەدوای ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنییە، قەرزدارەکە لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە دەچنە سەر ماڵی هێمن و شەڕ لەنێوانیاندا دروست دەبێت و دواتر کۆتاییان پێهێناوە.

بەپێی گێڕانەوەکان، دواتر دیسان قەرزدارەکە لەگەڵ چەند کەسێکی دیکەی نزیک لەخۆی چوونەتەوە سەر ماڵی هێمن و دیسان گرژی لەنێوانیاندا دروستبووە. دواتر بەهۆی نێوانگیرییەوە جارێکی دیکە کێشەکە کۆتایی پێهێنراوە.

دواتر بۆ جاری سێیەم قەرزدارەکە و هاوەڵەکانی دەچنەوە سەر ماڵی هێمن و دەمەقاڵێ دروستبووەتەوە، ئەمجارەش دیسان لەلایەن نێوانگیرەکانەوە لێک جیاکراونەتەوە، بەڵام بەپێی گوتەی شایەتحاڵەکان، ئەمجارەیان لەناو بەرەی قەرزدار و هاوەڵەکانەوە تەقەکراوە. بەوهۆیەشەوە فیشەکێک بەر سەری هێمن کەوتووە و گیانی لەدەستداوە. بەڵام پۆلیسی سەیدسادق قسەیەکی جیاواز لەبارەی ڕووداوەکەوە دەکات. موقەدەم حەکیم عەزیز، بەڕێوەبەری پۆلیسی سەیدسادق، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ڕووداوەکە لەسەر قەرز بووە، خاوەن قەرز پارەی لای کەسێک بووە و دواتر دەمەبۆڵە و تەقە لەنێوانیاندا دروستبووە و بەو هۆیەوە خاوەن قەرزەکە کوژراوە. دوو کەسیش بە تۆمەتی کوشتنەکەی دەستگیرکراون، بەڵام تاوەکو ئێستا نازانرێت بکوژی سەرەکی کێیە".

بەگوتەی ناوبراو، چاوەڕێی وەرگرتنی گوتەی کەسوکاری کوژراوەکەن.

ڕووداوی کوشتنی هێمن لە شارۆچکەی سەیدسادق، دووەمین ڕووداوە لەماوەی کەمتر لە مانگێکدا کە لەو شارۆچکەیە ڕوودەدات. ئێوارەی ڕۆژی 2015/7/18ش پێشمەرگەیەک لەنێو ماڵەکەی خۆیدا کوژرا.

کوژرانی هێمن بەو شێوەیە بووەتە جێی سەرسووڕمانی هاوڕێکانی و دەڵێن کەسێکی زۆر باش و دوورەشەڕ بووە. سەلمان حەمەسەعید، هاوڕێی منداڵیی هێمن، زۆر بەداخە بۆ کوژرانی هاوڕێکەی و گوتی "ئێمە لە منداڵییەوە هاوڕێی یەکدی بووین، پێکەوە خوێندنمان تەواو کرد، ئاگاداری ورد و درشتی ژیانی یەکدی بووین، ئەو گەنجێکی زۆر باش بوو، زیانی بۆ کەس نەبوو".

سەلمان هێشتا بڕوا ناکات هاوڕێ گیانی بە گیانییەکەی کوژرابێت و دەڵێت: "چەند ڕۆژێک پێشتر هێمنم بینی و پێکەوە قسەمان کرد، بەڵام کاتێک ڕووداوەکەم بیست تووشی شۆک بووم و سەرەتا باوەڕم نەکرد، دواتر کە لافیتەکەیم بینی گەیشتمە ئەو باوەڕەی جارێکی دیکە نایبینمەوە".



**ژیلەمۆ عەبدولقادر***

## هاوڕێکەی نمەک حەرام دەرچوو

پیاوێکی تەمەن 50 ساڵ بە هەڵەداوان خۆی کرد بە بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان و یەکسەر دەستی بە قسەکردن کرد و گوتی: "سیحرم لێکرا، ماڵم کاول بوو، پێنج ساڵە سەرگەردانم، دوو مانگە کەمێک هاتوومەتە سەرخۆم. ماڵ و موڵکم نەما و هەموویم فرۆشت، ماڵم جێهێشت، ئێستا لە هوتێل دەمێنمەوە".

داوالێکرا باسی ئەسڵی کێشەکەی بکات. ئەویش لەو ڕۆژەوە دەستپێکرد کە بەم ڕۆژگارەی گەیاندووە. ئەو گوتی: "برادەرێکم هەبوو، زۆر لە یەک نزیک بووین، یەک ماڵە بووین. ڕۆژێک برادەرەکەم گوتی منداڵەکەم نەخۆشە و دەیبەمە دەرەوە بۆ چارەسەری، بۆچی ئێوەش لەگەڵم نایەن؟ منیش گوتم: پارەم نییە؟ برادەرەکەم گوتی: خەمی پارەت نەبێت. ژنەکەم گوتی: منیش دێم هەندێک پشکنین دەکەم. بڕیارماندا پێکەوە سەفەرەکە بکەین".

پیاوەکە بەردەوام دەبێت لەسەر گێڕانەوەکەی و دەڵێت: "کە گەیشتینە جێ، چووینە موتێل و شوێنی حەوانەوەمان بەکرێگرت. بە ڕۆژ بەیەکەوە دەچووین بۆ نەخۆشخانە و شەوانیش دەهاتینەوە موتێل و پشوومان دەدا. دوو ڕۆژمان مابوو بگەڕێینەوە، من گوتم بۆچی کەمێک نەگەڕێین و هەندێک شوێنی خۆش ببینین؟ برادەرەکەم و ژنەکەم گوتیان ئێمە تاقەتمان نییە، بۆیە من بەتەنیا ڕۆیشتم. ماوەیەک ڕۆیشتم. وەک ئەوەی هەڵەیەکم کردبێ و ژنەکەم لەلای ئەو برادەرەم جێهێشتبێ، یەکسەر گەڕامەوە موتێلەکە. ئەوەی نەمدەویست ببینم بینیم. ژنەکەم و برادەرەکەم بەشێوەیەکی زۆر ناشیرین و نائاسایی لە پەنجەرەی ژوورێکی هوتێلەکە وەستابوون. هیچ ئاگایان لە من نەبوو. ئێستاش نازانم چۆن خۆم بۆ گیرا و کاردانەوەم نەبوو بەرامبەریان، بەڵام شەو ئیعترافم بە ژنەکەم کرد کە دەستی لەگەڵ برادەرەکەم تێکەڵکردووە. کە گەڕاینەوە هەولێر، ژنەکەم یەکسەر هەڵات و چووەوە ماڵی باوکی. ئیدی لەو ڕۆژەوە ماڵم وێران بوو".

وێنەی ژنەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و گوتی "ژنەکەم زۆر باش بوو، بەڵام برادەرەکەم نمەک بە حەرام دەرچوو. ماڵی منی کاولکرد. زانیاریم هەیە ئەو پیاوە ساڵێک لەمەوبەر ژنەکەی منی مارە کردووەتەوە. ئێستا من خەو و خۆراکم نەماوە، ئەوانیش لە خۆشیدا دەژین".

ئەو پیاوە چووبووە دادگا و سکاڵای تۆمارکردبوو، بەڵام لە دادگا پێیگوترابوو بەهۆی ئەوەی سێ مانگ بەسەر کێشەکەیدا تێپەڕیوە، بۆیە سکاڵاکەی لێ وەرناگیرێت. کاتێک داوای چارەسەری بۆ کێشەکەی لە بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان کرد، پێیگوترا بەپێی مادە شەش لە یاسای ئوسولی محاکەماتی جەزائی "ئەم داوایانەی مافی کەسین، لە ڕۆژی زانینی تاوەکو سێ مانگ داوا تۆمارکردن قبول دەکرێت، دوای ئەوە داواکە وەرناگیرێت".

ئامۆژگاری ئەو پیاوە کرا کە واز لە داواکارییەکەی بهێنێ و ژیانێکی نوێ دەستپێبکاتەوە، چونکە ژنەکەی خۆی تەڵاقداوە و ژنەکەشی شووی کردووەتەوە. بەڵام پیاوەکە دەیگوت مەحاڵە من ژن بهێنمەوە و واز ناهێنم تاوەکو مافی خۆم وەرنەگرم.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو کێشەیە، تاوانەکە تەنیا بۆ ژنەکەی ناگەڕێتەوە کە دەڵێت خیانەتی لێکردووە، بەڵکو پیاوەکەش بەرپرسیارە، چونکە لە هەڵبژاردنی برادەرەکەی ڕاست نەبووە. جگە لەوەش ئەگەر ئەم پیاوە لە کاتی خۆیدا سکاڵای تۆمار کردبا، ئەوا دەیتوانی هاوژینەکەی خۆی و برادەرەکەی بەپێی مادە 377 لە یاسای سزادانی عێراق بداتە دادگا، کە ئەو ماددەیە تایبەتە بە ناپاکی هاوژینی. لە ماددەکەدا هاتووە "ژن و پیاوی زیناکەر سزا دەدرێن بە گرتن".

*موقەدەمی مافپەروەر و بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر

## تاقانەی 5 خوشک بوو

# ژینگەپارێزێک لەسەر کۆنەقین دەکوژرێت



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- رزگاری**

دوای دوو مانگ دابڕان لە کارەکەی، ئەحمەد بەنیاز بوو بەیانییەک بگەڕێتەوە سەر کارەکەی، بەڵام لەسەر کۆنەقینێک، لەلایەن هاوڕێیەکی دەدرێتە بەر چەقۆ و دەکوژرێت. کەسوکاری ئەحمەد دەڵێن مەحاڵە لە بکوژی کوڕەکەیان خۆش بین.

شەوی 2015/7/31 گەنجێکی تەمەن 21 ساڵ بەناوی ئەحمەد عەباس، کە دانیشتووی گەڕەکێکی ناحیەی رزگاری سەر بە شارۆچکەی چەمچاڵ بوو، لەگەڵ هاوڕێیەکی دەبێتە دەمەقاڵێیان. هاوڕێیەکەی چەند چەقۆیەکی لێدەدات و دەیکوژێت. بە ماوەیەکی کەم دوای ڕووداوەکە پۆلیس بکوژی ئەحمەدی دەستگیرکرد.

ئەحمەد تاقانەی پێنج خوشک بووە و خەڵکی گوندی زەردەی نزیک ناحیەی رزگارین، بەڵام ئێستا ماڵی باوکی لە گوندێکی نزیک ناحیەی جەبارە نیشتەجێن. خۆیشی نزیکەی سێ ساڵە لە ماڵی خوشکێکی لە ناحیەی رزگاری دەژیت.

عامر عەزیز، کە هاوسەری خوشکی ئەحمەدە و ئەحمەد لە ماڵی ئەو دەژیا، باسی ژیانی ئەحمەدی کرد و گوتی "لێرە خەریکی کاسبی بوو، جارجار سەردانی ماڵی باوکی دەکردەوە، بەڵام هەتا بڵێی کەسێکی بێ کێشە بوو".

وەک عامر باسیکرد، ئەحمەد دوای ئەوەی نانی ئێوارەی خواردووە، چووەتە سوپەرمارکێتێکی نزیک ماڵەکەیان، دواتر بکوژی ئەحمەدیش هاتووەتە ئەوێ. ئەحمەد گوتی "بکوژەکە لە عەشیرەتی خۆمانە و ناسیاوی یەکدین. ئەو هاوڕێی ئەحمەد بوو، زۆرجار گاڵتە و گەپیان بەیەکەوە کردووە، بەڵام دەڵێن ساڵی رابردوو لە یاری تۆپی پێ بەشەڕهاتوون، وا دیارە هاوڕێکەی ئەو شەڕەی هەر لە دڵدا ماوە، ئەوشەوە دیسان بووەتەوە دەمەبۆڵەیان و بە چەقۆ لە ئەحمەدی داوە".

عامر پۆلیسە لە نەخۆشخانەی گشتیی کەلار، بۆیە ئەو شەوە یەکەم کەسی بنەماڵەی ئەحمەد بووە، ئەحمەدی بینیووە، بەڵام ئەوکاتەی بینیویەتی گیانی لەدەستداوە، بۆیە نەیتوانیوە هیچ پرسیارێکی لێبکات.

ئەحمەد لەسەرەتای ئەمساڵەوە بووەتە کارمەندی ژینگەپارێز لە کۆمپانیای ئۆرانۆس. بەرپرسانی ئەو کۆمپانیایەش بە کەسێکی "باش" ناوی دەهێنن.

کامەران محەممەد یەکێکە لە چاودێرەکانی کۆمپانیای ئۆرانۆس لە ناحیەی رزگاری بە (ڕووداو)ی گوت، ئەحمەد لەسەرەتای ئەمساڵەوە بووەتە کارمەندیان و لەسەر ئۆتۆمبێلی کۆکردنەوەی خاشاکی ماڵان کاریکردووە. پاشان ماوەیەک گەڕایەوە بۆ گوندەکەیان و چەند مانگێک لەمەوبەریش جارێکی دیکە گەڕاوەتەوە بۆ کارکردن.

بەپێی قسەکانی کامەران، بەمدواییە ئەحمەد لەسەر یەکێک لە ئۆتۆمبیلەکانی کۆمپانیاکەیان پەنجەیەکی شکاوە، بەوهۆیەشەوە نزیکەی دوو مانگ لە ماڵەوە بووە، بەڵام چەند کاژێرێک پێش ڕووداوەکە لەگەڵ هاوڕێیەکی قسەیکردووە و گوتوویەتی "دەمەوێت لە کۆمپانیا کار بکەمەوە".

وەک ئەو چاودێرەی کۆمپانیای ئۆرانۆس باسیکرد، کاتێک ئەو داواکارییەی ئەحمەدیان پێگەیشتووە زۆریان پێ باش بووە "چونکە ئەحمەد کەسێکی زۆر ڕێکوپێک بوو، پێم باش بوو بێتەوە لامان و کار بکاتەوە".

بەپێی گێڕانەوەکانی کامەران، ئەو کەسەی بە کوشتنی ئەحمەد تۆمەتبار کراوە، کارمەندی کۆمپانیاکەیان بوو، بەڵام نزیکەی دوو مانگ لەمەوبەر وازی لە کارەکەی هێناوە. کامەران دەزانێت ئەو دووانە هاوڕێ بوون، بەڵام نازانێت کێشە لەنێوانیاندا هەبووە یان نا.

ئەحمەد، تاقانەی پێنج خوشک بووە و پێشتریش نەشتەرگەریی دڵی بۆ کراوە. بەپێی راپۆرتی پزیشکیش دەرکەوتووە چەقۆکە بەر لای راستی سنگی کەوتووە و دوای گەیاندنی بۆ نەخۆشخانەی گشتی کەلار گیانی لەدەستداوە. چەند کاژێرێکیش دوای ڕووداوەکە، تۆمەتبارەکە لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراوە.

موقەدەم حەسەن محەممەد، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی گەرمیان بە (ڕووداو)ی گوت کە بەپێی دانپێدانانەکانی بکوژەکە "پێشتر کێشە و ناکۆکی لەنێوانیاندا هەبووە، لەو شەوەشدا کێشەکان دووبارە نوێ بوونەتەوە، پاشان بکوژەکە بە چەقۆ پەلاماری ئەحمەدی داوە و کوشتوویەتی". ناوبراو گوتیشی "لەبەرئەوەی کوژراوەکەش پێشتر نەشتەرگەریی دڵی بۆ کراوە و بە پێی راپۆرتی پزیشکییەکەش، شوێنی لێدانی چەقۆکە قووڵ بووە، بەو هۆیەوە گیانی لەدەستداوە".

بنەماڵەی ئەحمەد دەڵێن مەحاڵە لە بکوژی ئەحمەد خۆش ببن. وەک عامری زاوایان گوتی "کەسوکاری سکاڵایان لەدژی بکوژەکە تۆمارکردووە و بە هیچ شێوەیەک لێی خۆشنابن".

## عاشقی کچێکی عەرەب بوو

# گەنجە ئوستراڵییەکەی سلێمانی بۆ خۆی کوشت؟

**پۆلیسی سلێمانی: تەرمەکەی هەر لە سلێمانییە**

**پەیمانگای پزیشکی دادی: تەرمەکە لە سلێمانی نەماوە**

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

ئەو گەنجە ئوستراڵییەی مانگی رابردوو لە هوتێلێکی شاری سلێمانی خۆی هەڵدایە خوارەوە و گیانی لەدەستدا، پەیوەندیی خۆشەویستیی لەگەڵ کچە مامۆستایەکی عەرەب هەبوو و هەر لەسەر دەستی ئەو مامۆستایەش ببووە موسڵمان.

پاشنیوەڕۆی رۆژی 2015/7/18، گەنجێکی تەمەن 35 ساڵ، کە خەڵکی ئوستراڵیا بوو، لە هوتێل پەرێژ-ی شاری سلێمانی خۆی هەڵدایە خوارەوە و دەستبەجێ گیانی لەدەستدا و دوای خۆیشی چەند نامەیەک لە ژوورەکەیدا دۆزرانەوە.


نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو گەنجە، ژنێکی عێراقی لە ئوستراڵیا ناسیوە، دواتر پێکەوە هاتوونەتەوە کوردستان، بەنیازبوون لێرە ببنە هاوژینی یەکدی، بەڵام گەنجەکە لەجیاتی ئەوە خۆی کوشت". بەپێی قسەی پۆلیس، کچە عەرەبەکە مامۆستایە لە زانکۆیەکی هەرێمی کوردستان. گەنجە ئوستراڵییەکەش لەسەر دەستی ئەو بووەتە موسڵمان.

سەرکەوت ئەحمەد ڕوونیکردەوە کە تیمەکانی بەڵگەی تاوان لە شوێنی ڕووداوەکە چەند نامەیەکیان دۆزیوەتەوە کە بە زمانی ئینگلیزی نووسرابوون. نامەکان نامەی کچە عەرەبەکە بوون بۆ کوڕە ئوستراڵییەکە. دوای وەرگێڕانی نامەکان بۆ سەر زمانی کوردی دەرکەوت کچەکە لە نامەکەدا باسی فەرزەکانی ئیسلام و چۆنیەتی و کاتەکانی نوێژکردن و لەگەڵ ئەو کارانەی لە ئایینی ئیسلامدا چاک و خراپن، باسکراوە.

بەقسەی سەرکەوت ئەحمەد ئەو گەنجە خۆی کوشتووە و شایەتیش هەیە. نەقیب سەرکەوت گوتی "دوکاندارێکی بەشی پشتەوەی ئوتێلەکە لەبەردەم دادوەردا گوتوویەتی ئەو کەسەم بینی کە لە نهۆمی پێنجەمی ئوتێلەکە و لە بەشی پشتەوە هاتە لای سووچی پەنجەرەکە و خۆی هەڵدایە خوارەوە و گیانی لەدەستدا".

دوای تێپەڕینی نزیکەی سێ هەفتەش بەسەر ڕووداوەکە، تاوەکو ئێستا هۆکاری خۆکوشتنەکەی نەزانراوە و وەک گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی ئاماژەی پێدا "ئەو ئافرەتە گوتوویەتی هیچ کێشەیەکمان نەبووە و نازانم بۆچی خۆی کوشتووە".

ئوتێل پەرێژ دەکەوێتە شەقامی سەرەکیی سەرچنار و بەرپرسانی ئوتێلەکەش ئاماژەیان بەوەدا کە ئەو گەنجە وەک هەر میوانێکی دیکە لە ئوتێلەکەیان ماوەتەوە و بێئاگابوون لە ڕووداوەکە.



مەحموود شێخ سیروان، خاوەنی ئوتێل پەرێژ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو گەنجە ماوەی هەشت رۆژ لە ئوتێلەکە مایەوە و کەسێکی ئاسایی بوو، تەنیا خۆیشی دەمایەوە و هیچ کەسێکی لەگەڵ نەبوو". ناوبراو بێئاگایی خۆی لە ڕووداوەکەدا نیشاندا و گوتی "ئێمەش لەلایەن خەڵکەوە بیستمان کە ئەو گەنجە خۆی هەڵداوەتە خوارەوە".

بەشێک لەو کەسانەی نزیک ئوتێلەکە کە ئەو رۆژە ئاگایان لە ڕووداوەکە بووە ئاماژەیان بەوەدا کە چەند جارێک لەلایەن خەڵکەوە داوا لەو گەنجە کراوە خۆی هەڵنەداتە خوارەوە، بەڵام گوێی پێنەداون.

خاوەنی یەکێک لە مینی مارکێتەکانی نزیک ئوتێلەکە بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو گەنجە نیو کاژێر پێش ڕووداوەکە هاتە لای ئێمە، هەندێک پێداویستی کڕی، بەڵام لەکاتی ڕووداوەکەشدا کە زانییان دەیەوێ خۆی هەڵبداتە خوارەوە، کۆبووینەوە و هاوارمان لێکرد بۆئەوەی ئەو کارە نەکات، بەڵام بەقسەی نەکردین و خۆی هەڵدایە خوارەوە".

هەرچەندە گوتەبێژەکەی پۆلیسی سلێمانی دەڵێت تاوەکو ئێستاش تەرمی ئەو گەنجە لە پزیشکی دادییە و بەرپرسانی وڵاتەکەشی بەدواداچوونیان کردووە، بەڵام تاوەکو ئێستا سەردانی کوردستانیان نەکردووە. کەچی د.محەممەد نووری لە پەیمانگەی پزیشکی دادیی سلێمانی ئەو قسەیەی ڕەتکردەوە و گوتی "بەدڵنیاییەوە تەرمی ئەو گەنجە ڕەوانەی وڵاتەکەی کراوەتەوە".

## بەرهەمی هەنگەکان بەهۆی بۆمبارانی فڕۆکە تورکییەکانەوە کەمدەکات

# هەنگوینی قەندیل وەک ساڵان نابێت

**"هەنگەکان لەبەر بۆنی باڕووت و خۆڵباران دەڕۆن"**

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو – بناری قەندیل**

ساڵی رابردوو بەرهەمی 300 پوورە هەنگەکەی حەمەدەمین موسا، یەک تۆن و نیو بوو، بەڵام ئەمساڵ ئەو چاوەڕوانییە لە هەنگەکانی حەمەدەمین ناکرێت و لەو بڕوایەدایە کە تەنیا نیو تۆنیش بەرهەمیان نابێت.

حەمەدەمین موسا، هەنگەوانێکی بناری قەندیلە و بە نوێنەری هەنگەوانانی بناری قەندیلیش هەڵبژێردراوە، کە ئەو بە 400 هەنگەوان مەزندەیان دەکات. ئەو هەنگەوانە دەڵێت سەرجەم هەنگەوانان ئەمساڵ بەرهەمی هەنگەکانیان کەمیکردووە. ئەویش بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا و رشاندنی دەرمانی قرکەری مێرووە زیانبەخشەکان و کەمبوونەوەی گوڵی هەڵاڵە و سووتانی پووش و پەڵاشی گرد و چیاکانی بناری قەندیل بەدەستی ئەنقەست یان بە بۆمبارانی فڕۆکەکانی تورکیا.

حەمەدەمین زۆر پەسنی هەنگوینەکەی دەدات و دەڵێت "بەرهەمی من پاڵاوتە و شانەیە، لە جۆرە زۆر باشەکەی هەنگوینە، بەزۆری بۆ چارەسەری نەخۆشی بەکاردێت"، بەڵام بەرهەمی مێشەکانی حەمەدەمین ڕووی لە کەمییە و دەڵێت: "ساڵی رابردوو، زیاتر لە یەک تەن و نیو بەرهەمم هەبووە، بەڵام ئەمساڵ تەنیا نیو تەن دەبێت". ئەو گوتیشی "هەر هەنگەکانی من وا نین، هەنگی زۆربەی هەنگەوانانی دیکەش وان".

حەمەدەمین پێشبینی دەکات ساڵی داهاتوو بەرهەمیان کەمتریش ببێتەوە. چونکە وەک ئەو دەڵێت "کەس ئاوڕیان لێناداتەوە"، بۆیە زۆر لە هەنگەوانەکان بڕیاریانداوە هەنگەکانیان بفرۆشن و واز لەو پیشەیە بهێنن: "ساڵی رابردوو، 500 هەنگەوان لە بناری قەندیل بوون، بەڵام ئەمساڵ 400 هەنگەوانی لێیە".

بەگوتەی حەمەدەمین زۆربەی هەنگەوانانی بناری قەندیل نەخوێندەوارن و ئەوەی لەبارەی هەنگەوە فێری بوون، بەشێوەیەکی هەرەمەکی و بەهۆی ئەزموونی خۆیانەوە فێری بوون. ئەو رووی گلەیی لە وەزارەتی کشتوکاڵ دەکات و دەڵێت: "تاوەکو ئێستا ئەندازیارێکی کشتوکاڵیان نەناردووە بۆئەوەی ڕێنماییمان بکات چۆن هەنگەکانمان بەخێو بکەین و بەرهەممان زیاد بکەین".

بەهۆی کەشوهەوا و سروشتەکەیەوە بناری قەندیل شوێنێکی گونجاوە بۆ بەخێوکردنی هەنگ. بۆیە ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لە هەنگەوانان هەنگەکانیان دەبەنە بناری قەندیل. بەڵام پێناچێت چیدیکە بناری قەندیل ئەو بەهەشتە بێت بۆ هەنگەوانان. بەتایبەتی دوای بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بۆ سەر بنکەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لە بناری قەندیل.

شەخسە ئیبراهیم شەخسە، لێپرسراوی بەشی هەنگ و پاراستنی ڕووەک لە هۆبەی کشتوکاڵی ناحیەی سەنگەسەر-ی سەر بە قەزای پشدەر دەڵێت: "خۆڵبارین لەلایەک و تۆپبارانی سوپای تورکیا و ئێران بۆ سەر بناری قەندیل لەلایەکی دیکە، مەترسییان لەسەر هەنگەوانان و هەنگەکانی بناری قەندیل دروستکردووە، هەنگەوانان لەترسی بۆمباران ناتوانن وەکو پێویست هەنگەکانیان بەخێو بکەن. هەنگەکانیش بەهۆی بۆنی باڕووت و دووکەڵەوە لەناودەچن یان لە شوێنی خۆیان دەڕۆن".

شەخسە لەبارەی ڕێژەی بەرهەمی هەنگوینیشەوە دەڵێت: "ساڵی رابردوو، 80 تۆن هەنگوین لە بناری قەندیل بەرهەم هاتبوو، بەڵام ئەمساڵ پێشبینی دەکەین تەنیا 40 تۆن هەنگوین هەبێت".

بەپێی قسەی ناوبراو پتر لە 20 هەزار پوورەی هەنگ لە بناری قەندیل هەن. شەخسە، کە خۆی فەرمانبەری حکومەتە، دەڵێت: "حکومەت وەکو پێویست گرنگی بە هەنگەوانانی بناری قەندیل نەداوە".

فاتیح فەیسەل ئیسماعیل، هەنگەوانێکی دیکەی بناری قەندیلە، پێشبینی دەکات بەرهەمی ئەمساڵی بە بەراورد بە ساڵی رابردوو 25% لە کورتی بدات، بەڵام ئەو گرفتێکی دیکەی هەیە و دەڵێت حکومەت دەتوانێت چارەسەری بکات، ئەویش "قەدەخەکردنی هەنگوینی هاوردەیە"، تا ئەوکاتەی بەرهەمی ئەوان لە بازاڕەکانی کوردستاندا ساخدەبێتەوە.

## وەڵامدانەوە و ڕاستکردنەوە

هەفتەنامەی (ڕووداو) لە ژمارە 369دا رۆژی دووشەممە 2015/8/3 لە لاپەڕە (14)دا، ڕاپۆرتێک بڵاوکراوەتەوە سەبارەت بە کوشتنی ژنان لە هەرێمی کوردستاندا. لە ڕاپۆرتەکەدا چەند هەڵەیەک هەیە کە بە ئەنقەست کراوە، یان بە نەزانین، بەڵام ئەمە جاری یەکەم نییە شتی وا دووبارە دەبێتەوە کە پێچەوانەی هەر یەک لە یاسای ژمارە (35)ی ساڵی 2007ی ڕۆژنامەگەری لە کوردستان و پێشێلکردنی بەڵێننامە (میپاق)ی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ساڵی 1954ی هەموارکراوی پاشگری یاسای ژمارە (35)ی ڕۆژنامەگەری لە کوردستانە.

پاڵپشت بە بەشی سێیەم لە یاسای ژمارە (35)ی ساڵی 2007، یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستاندا، لە بەشی وەڵامدانەوە و ڕاستکردنەوە، مافی یاسایی خۆمان بەکاردێنین. بەپێی مادده شەش لە بڕگەی یەکەم، وەکو لە یاساکەدا هاتووە (ڕووداو) پابەند دەکات بەوەی: "وەڵامەکە لە هەمان جێ و بە هەمان پیت و هەمان ئەو قەبارەیەی کە پێی بڵاوکراوەتەوە، بڵاوی بکاتەوە". بە پێچەوانەوە ئەگەر ڕەزامەند نەبێت دەتوانین بەپێی بڕگەی دووەمی یاسای ناوبراو داوای مافی یاسایی خۆمان بکەین، چونکە هەفتەنامەی ناوبراو ژمارەی هەڵە لەبارەی داتای بەڕێوەبەرایەتییەکەمان بڵاودەکاتەوە.

پێویستە ڕووداو، هەم لە ڕۆژنامە و هەمیش لە تەلەفزیۆن و ماڵپەڕی ڕووداو، ڕوونکردنەوەکەمان بڵاوبکاتەوە، چونکە هەواڵەکەی لە تەلەفزیۆن و ماڵپەڕیش بڵاوکردووەتەوە.

### هەڵەکانی ڕاپۆرتەکە بەمجۆرەن:

- بە مانشێتی گەورە نووسراوە کە کوشتنی ژنان لە هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی 54% زیادی کردووە کە لە ڕاستیدا وا نییە، بەڵکو 45%.
- دەربارەی خۆکوشتنی ژنانیش باس لەوە کراوە کە بەڕێژەی 52% زیادی کردووە کە لە ڕاستیدا وا نییە، بەڵکو 47.1%ە.

**کوردۆ عومەر عەبدوڵڵا**
**بەڕێوەبەری گشتی**

## قەزافی لە لیبیا نەما، قاچاخچی لە نایجیریا خەنی بوون

# قاچاخچی بە سێ ساڵ دەبنە ملیۆنێر

## بەقاچاخبردنی کۆچبەران 30 ساڵ زیندانی بەدواوەیە



**ڕووداو – ئیندیپێندنت**

قاچاخچییەکە بە دەرگای پشتەوەی بازگەکەدا و بەنێو ئاسنە فڕێدراوەکاندا ڕۆیشت. واتە بەو شوێنەدا کە پەناخوازەکانی لێ شاردرابوونەوە. لۆرییەکە لە شاری ئەگادیس لە نایجیریا پڕکراوە لە مرۆڤ. ئەوێ شوێنێکە بە (شاری قاچاخچییەکان) ناسراوە. لەوێ کۆچبەران بە دەنگ و ڕەنگیان دەناسرانەوە کە ئەفریقایین.

مووسا قاچاخچییەکی بەنێوبانگی نایجیرياییە. ئەو خۆی ئامادەکردووە بۆ بەڕێکردنی وەجبەیەکی نوێی کۆچبەری قاچاخ. مووسا بە دەوری لۆرییەکەیدا، کە پڕیکردووە لە گاڵۆنی ئاو، سووڕایەوە. لەلای زبڵدانێک ئۆتۆمبێلەکەی پارککرد، بانگی 30 کەسی کرد، کە دەیانەویست شارەکەیان بەجێبهێڵن. یەکێک لەو پەناخوازانە کچێکی تەمەن 11 ساڵان بوو، کە خەڵکی بۆرکینا فاسۆ بوو. منداڵەکە مژمژەیەکی بەدەمەوە بوو. دایکێک منداڵە 6 مانگییە ساواکەی هەڵگرتبوو و منداڵەکە دەنووزایەوە. لە تەنیشت ئەوانیشەوە 27 پیاو، کە خەڵکی پێنج وڵاتی جیاواز بوون، چاویان لەسەر مووسا و لۆرییەکەی هەڵنەدەگرت.

ئەگەر ئەوان نەگیرێن یان نەکوژرێن، سێ ڕۆژی پێدەچێ تاوەکو دەگەنە لیبیا. مووسا دەڵێت "دەبێ زوو ئێرە جێبهێڵین". ئۆتۆمبێلەکە جامەکانی ڕەش بوون. تابلۆی پێوە نەبوو. ملوانەکەیەک کە دەربڕینێکی ئایینی لەسەر نووسرابوو، بە جامی پێشەوەی ئۆتۆمبێلەکەوە هەڵواسرابوو.

### ئەگادیس.. دەروازەی گەیشتنە ئەورووپا

شاری ئەگادیس، کە دەکەوێتە باکووری نایجیریاوە، بە یەکێک لە گرنگترین ناوچە بازرگانییەکان لە نایجیریا دادەنرێت. چونکە ڕێگەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان ڕۆژئاوا و باکووری ئەفریقا بەو شارەدا تێدەپەڕێت. ئێستا ئەو شارە بووەتە دەروازەیەک بۆ بەقاچاخبردنی ئەفریقییەکان بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا. ڕاستییەکەی، بووەتە گەورەترین نێوەندی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە.

مووسای تەمەن 38 ساڵ مەترسیی گەشتەکەی دەزانی. ئەو دەیزانی ئەگەر لۆرییەکەی بشکێت لە گەرمایەکی نزیک 50 پلەی سەدی، ڕەنگە ئەو و پەنابەران تەنیا دوو ڕۆژ بژین. ئەو دەیزانی دەمانچە بچووکەکەی کەمێک یاریدەدەر دەبێت لەدژی ئەو چەتە و ڕێگرانەی لە بیابان دەسووڕێنەوە. هەروەها دەیزانی چۆن بەرتیل بە پۆلیس و سەربازەکان بدات، بۆئەوەی ڕێگەیان بدەن دەربازبن.

لەو دووشەممەیەدا وەکو هەموو دووشەممەکانی دیکە، مووسا و براکانی، ژمارەی ئەو کۆچبەرانەیان دەژمارد کە گەیشتبوونە لای خانووەکە، کە لەپشت تابلۆیەکی گەورەی خۆڵەمێشییەوە بوو. تابلۆکە ڕیکلامی سابوونخواردنی منداڵانی لەسەر بوو. خۆر ئاوابوو. کۆچبەران دەموچاویان بە چەفیە دادەپۆشی. مووسا بە عەگالێکی سپییەوە بەنێویاندا پیاسەیدەکرد. وەک بڵێی ئامادەکاری بکات بۆ ڕۆیشتن. مووسا گوتی "پێشتریش کۆچبەرمان هەبوون، بەڵام نەک بەو ڕێژەیەی ئێستا، کە هێندە زۆرن ناتوانم هەموویان بناسمەوە. هەموو هەفتەیەک لۆرییەکە پڕە لە کۆچبەر".

لە ئاگادیس ژمارەیەکی زۆر خانوو هەن بۆ حەشاردانی کۆچبەران، کە لە نێوخۆدا پێیاندەڵێن "غیتۆس". کۆچبەران لەپشت ماڵان و تەنیشت مزگەوتەکان و مارکێتەکان دەشاردرێنەوە.

زیادبوونی کۆچبەر و بە قاچاخ ڕۆیشتن، بەهۆی ڕووخانی حکومەتی یەمەنەوە بوو. چونکە سوپای یەمەن مەودایەکی فراوانی کەناراوەکانی باکووری ئافریقیای چۆڵکرد و ئێستا نەپارێزراوە. بڵاوبوونەوەی مۆبایل و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش کاریگەریی زۆری هەبووە لەسەر خواستی خەڵکی ناوچەکە بۆ چوونە دەرەوە.

ڕێییتۆنە، شارەزایەکی بواری بەقاچاخبردنی مرۆڤە. لە دەستپێشخەرییەکی جیهانیدا لەدژی گرووپە تاوانخوازەکان، دەڵێت "ئێستا لە بیابانی ڕۆژئاوا+ی ئەفریقا، مرۆڤ کەرەستەی گفتوگۆی قاچاخچییەکە کە دەتوانێ بیگەیەنێتە ئەورووپا".

هەموو هەفتەیەک لە ڕۆژئاوا و نێوەندی شارەکانی ئەفریقاوە، بە سەتان ژن و پیاو بیابان و خاڵە سنوورییەکان دەبڕن. زۆربەیان لەدەست هەژاری لە وڵاتەکەیان هەڵدێن. هەندێکیشیان لەدەست توندوتیژیی گرووپە توندوئاژۆکانی باکووری نەیجیریا هەڵدێن.

کۆچبەرەکان بە پاسەکە گەیشتنە ئاگادیس. شەوی شەممە لەسەر یەکشەممە بوو. کۆنیسا، کە یەکێکە لە کۆچبەران، پاش 11 کاژێر ڕێگەبڕین لە پاسەکە هاتە خوارەوە. ئەو سێ ڕۆژ بوو لە کەناراوەکانی لفۆیاردەوە بەڕێکەوتبوو.

گەراجەکە پڕ بوو لە کۆچبەری دیکە. کاتێک بە شوێنی وەستانی کۆچبەراندا تێدەپەڕی، پیاوێک بەرەو کۆنسا هات و توورەکە بچوکە ڕەشەکەی شانی پێدا. یەکێکیان بە فەڕەنسی پرسیاریکرد "دەچیتە لیبیا؟ هیچت پێویستە؟" کۆنسیا هیچی پێویست نەبوو. چونکە چەند کەسێکی دەناسی لە ئاگادیس. پاریش خاڵۆزایەکی لێرەوە چووبووە لیبیا.

خاڵۆزاکەی بە کورتەنامەیەک بۆی نووسیبوو "ئەو پیاوەی دوای دابەزینت لە پاسەکە دێتە لات، دەتوانێ هاوکاریت بکات". چەند تێپەڕاندووە، کە گەیشتوونەتە کەناراوەکانی ئەورووپا، بەڵام لە ئاگادیس قاچاخچییەکان خۆیان بە فریادڕەسی کۆچبەران دەزانن و دەڵێن یارمەتیی ئەو خەڵکە دەدەن بۆئەوەی لە بیابانەکاندا ون نەبن.

باوکی مووسا لە ساڵێکدا چەند جارێک لەنێوان ئاگادیس و لیبیادا دێت و دەچێت، کە لەو شوێنەدا وڵاتە یەکگرتووەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێپێدانی بازرگانی زۆر سەخت کردووە. لەوکاتەدا مووسا تەمەنی 20 ساڵ بوو، مووسا بە بیاباندا تێپەڕ دەبوو، هەموو ناوچەکە شارەزا بوو.

## قاچاخچییەک کە دەوڵەمەند بوو حوشتر و ئۆتۆمبێل و مۆبایلی کڕی

## یەکێک لە قاچاخچییەکان: کەس بەزۆر نابەین، خەڵک بۆخۆی دێت

خولەکێک دوای هاتنە خوارەوە لە پاسەکە، کۆنیسا تەلەفۆنێکی بۆ هات. شوێنی ڕاگرتنی ئۆتۆمبێلەکان پڕ بوو لە گەنج، کە لەسەر زەوییەکە خەوتبوون. دیواری گەراجەکە بە زمانی جیاواز یادەوەریی کۆچبەرانی لەسەر نووسرابوو "عەلی، خەڵکی کامیرۆن لێرە بوو". یەکێکیان ئەو دێڕەی خوێندەوە: "جوونیان لێرە بووە".

کۆنیسا دووساڵ بۆ سەفەری ئەورووپا پارەی پاشەکەوت کردبوو. ئەگەر ئەو پاشەکەوتەی لە فەڕەنسا یان ئیتاڵیا بکردایە، ئەو پارەیەی کە دەیگەڕاندەوە دەیتوانی ژیانی دایک و باوک و خوشک و براکانی و خیزان و منداڵەکانی بگۆڕێت. لەوکاتەدا یەکێک بە مووسای قاچاخچیی گوت: "ژی سوو، گەیشت"!

15 خولەک دواتر، کۆنیسا سواری ئۆتۆمبێل بوو. ئەو ئۆتۆمبێلەکەی لێخوڕی بەرەو ئەو پەناگە گەورەیەی مووسا و براکانی لەوێ بە دیار کۆچبەرانەوە چاوەڕێ بوون. زەوییەکە پڕ بوو لە مقەبای دڕاو و سندووقی شکاو. کۆنە تایە و چەند ئاژەڵێکیشی لێبوو. لەوانە 5 بزنەکێوی لە بیابانەکە بەسترابوونەوە. بە جەمەڵۆن دەورە درابوون.

**پێشئەوەی کۆنیسا بخەوێت، تەلەفۆنی بۆ باوکی کرد: "باوکە شوێنەکەم دۆزییەوە".**

بەرپرسانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی قاچاخچییەکان بە تاوانبار دەزانن لە ڕۆیشتنی بە لێشاوی خەڵک بۆ دەرەوەی وڵات. ژمارەی ئەو کۆچبەرانەی ئەمساڵ بەقاچاخ کۆچیانکردووە، زیاتر لە 100 هەزاری

### قاچاخچییەکان دەبنە ملیۆنێر

لە ساڵی 2011 کاتێک موعەممەر قەزافی، سەرۆکی لیبیا لەسەرکار لادرا، مووسا پارووی کەوتە ڕۆن. ئەوکات مووسا و براکەی دەچن ئۆتۆمبێلێکی جۆری پیک ئەپ تۆیۆتایەک دەکڕن، کە لە لیبیا دزرابوو. شوێنێکی حەوانەوە دروستدەکەن و کۆنە فەرشێکی لەنێو ڕادەخەن، بۆئەوەی پەنابەران بتوانن تێیدا بحەسێنەوە. ئیدی دەستیان بە بردنی کۆچبەران کرد. هەموو هەفتەیەک لە بیابانەوە 25 تاوەکو 100 کۆچبەریان دەبرد. 200 دۆلاریشیان لە هەر کۆچبەرێک وەردەگرت.

مووسا گوتی "ژمارەکەم لە هەموو ڕۆژئاوای ئەفریقا زۆر ناسراوە". ئەو لە ماوەی سێ ساڵدا بووە ملیۆنێر. خانووی لە لیبیا و نایجیریا کڕی. ئۆتۆمبێل و حوشتر و مۆبایلی کڕیوە. هەروەها ژنێکی لە لیبیا و یەکێکی دیکەشی لە نایجیریا هێنا. مووسا بەردەوام دەیویست ڕاستییەکان لە چوار منداڵەکەی بشارێتەوە. لەلای ئەوان دەیگوت بازرگانە.

### پۆلیس و سەربازی بەرتیلخۆر

مانگی ڕابردوو، شاندێکی یەکێتیی ئەورووپا سەردانی ئەگادیسی کرد، بۆئەوەی ڕێگە لە بەقاچاخبردنی خەڵک بگرێ، بەڵام ئەستەمە سەردانەکەیان هیچی لێ شین ببێت. چونکە پۆلیس و سەربازانی ناوچەکە، کە دەبێ ڕێگە لەو پرۆسەیە بگرن، یاریدەدەرێکی باشی قاچاخچییەکانن. زۆر لەو پۆلیس و سەربازانە ئەو پارەیەی لە قاچاخچی و کۆچبەرەکانی وەردەگرن، زۆر لە مووچەکانیان زیاترە.

محەممەد ئەناکۆ، بەرپرسی چڤاتی حکومەتی لۆکاڵیی ئاگادیس دەڵێت "دیپلۆماتکاران دێن و قسە دەربارەی کۆچبەران دەکەن، بەڵام ئەمە تەنیا قسەیە". هەروەها دەڵێت "تۆڕی قاچاخچییەکان بەهێزە و کۆچبەرانیش زۆر بێهیوان".

### سزادانی قاچاخچییان

دوای ئەوەی تەرمی 90 پەناخواز لە بیابانەکانی دەرەوەی ئاگادیس دۆزرانەوە، حکومەتی نایجیریا ئۆپەراسیۆنێکی بەناوی "دەستگیرکردنی قاچاخچییان" دەستپێکردووە. کارمەندانی ئاسایش لە ساڵی 2013ەوە هەڵمەتێکیان بۆ سەر ئەو خانووانە دەستپێکردووە کە کۆچبەران دەحەوێننەوە. لەوێ خاوەنی ژمارەیەک لەو خانووانەیان دەستگیرکردووە. مووساش لەو هەڵمەتەدا وەکو قاچاخچی دەستگیرکرا و بۆ ماوەی مانگێک لە بەندیخانە مایەوە. بەڵام پاش ئازادبوونی، گەڕایەوە سەر کارەکەی.

لە سەرەتای ئەمساڵەوە، حکومەتی نایجیریا یاسایەکی پەسەندکرد لەبارەی قاچاخچییەکانەوە. بەپێی ئەو یاسایە هەر قاچاخچییەک دەستگیر بکرێت، بۆ ماوەی 30 ساڵ دەخرێتە زیندانەوە، بەڵام هێشتا ئەو یاسایە جێبەجێنەکراوە.

مالیکی ئەمادۆ حەمەدانی، سەرۆکی نووسینگەی ئاگادایس بۆ کاروباری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، دەڵێت "ئەگەر پارە بدەیتە پۆلیس، کێشەت نابێ و ڕێگەت دەدات بچییە

## حکومەتی نایجیریا: ئەورووپییەکان هەر قسەیان هەیە و هیچ ناکەن بۆ نەهێشتنی کۆچبەری

نێو لیبیا. تەنانەت ئەگەر لۆرییەکە پڕ بێت لە کۆچبەریش، بەبێ هەبوونی هیچ بەڵگەنامەیەکی ڕێگەپێدان، ڕێگەت هەر پێدەدرێت".

ئەگەر وێنەی نقومبووی بەلەمی پڕ لە کۆچبەر لە دەریای نێوەڕاست، سیمبولێک بێت بۆ مەترسیی کۆچی نایاسایی بۆ ئەورووپا، ئەوە کۆچکردن بەنێو بیابانەکاندا کەمتر مەترسیدار نییە. مانگی ڕابردوو، تەرمی 49 کۆچبەر لە دوو شوێنی چەند مایلێکی دوور لە ئەگادیسەوە دۆزرانەوە. مووسا ترسی لە گەشتەکە نییە بەنێو بیاباندا و دەڵێت "ئەگەر خودا نووسیبێتی کە تۆ دەمریت لە بیابان، ئەوە هەر بەوجۆرە دەمریت".

### توێشووی ڕێگە

دوای نیوەڕۆی دووشەممە، کۆچبەران لەگەڵ مووسا وەستابوون. کاتی ڕۆیشتن نزیک ببوو. ئەوان چوون بۆ سێ ڕۆژی گەشتەکەیان دەفرەکانیان پڕ لە ئاو بکەن.

کۆنیسا دەفرێکی گەورەی ئاو و چەند سەموونێکی هەڵگرت. لەبەر خۆشییەوە دەیگوت: "ترساوم لەوەی بگیرێم". کاتێک کۆچبەرەکان دەگەیشتن، مووسا هیچ قسەیەکی لەگەڵ نەدەکردن. تەنانەت کاتێک کچە تەمەن 11 ساڵانەکە گەیشت، کە خەڵکی بۆرکینا فاسۆ بوو، مووسا سەیرێکی کرد و هیچی نەگوت.

مووسا زۆر بە بێمنەتی قسەیدەکرد و دەیگوت ئەو کەسی ناچار نەکردووە کۆچ بکات، بەڵکو ئەوە خەڵکە داوای لێدەکەن بیانگەیەنێتە لیبیا: "من خزمەتی ئەو خەڵکە دەکەم. ئەوان داوامان لێدەکەن بیانبەمە لیبیا. منیش ئەوەیان بۆ دەکەم و دەیانپەڕێنمەوە. من هەرگیز زۆریم لێنەکردوون".

### کچەکانیان دەفرۆشن

تەنیا دوو ڕۆژ پێشئەوەی لۆرییەکەی مووسا بەڕێبکەوێت، ئۆتۆمبێلێک کە 12 کچی تێدابوو گەیشتە ئاگادیس. شۆفێرەکەی پیاوێکی کەچەڵ بوو بەناوی ژاگۆندی. ئەو پیاوە، مووسای بە قاچاخچییەکی گەورە ناودەبرد.

ژاگۆندی گوتی کچەکان لەلایەن دایک و باوکیانەوە بە باندەکان فرۆشراون. ئەوە ڕووداوێکی نائاسایی نەبوو. ژاگۆندی شۆفێری گواستنەوەی کچەکان بوو. ئەو کچەکان لە نایجیریاوە بۆ لیبیا دەگوازێتەوە. ساڵانێکە ئەمە کاریەتی. بۆیە شارەزاییەکی باشی پەیدا کردبوو کە چۆن کچەکان بشارێتەوە. ئەو دەڵێت "ئەوانە دەبنە سۆزانی لە ئەورووپا"، بەڵام بەرگری لەخۆی دەکرد و دەیگوت ئەو بەشدارنەبووە لەو بازرگانییە و تەنیا کاری خۆی دەکات.

دوای داگرتنی کچەکان لە خانووی شاردنەوەی کۆچبەراندا، ژاگۆندی ئۆتۆمبێلەکەی لەپێش خانووەکەی خۆی پارککرد، لە نزیک مزگەوتێکی گەورە. ژاگۆندی لە دەرەوە دانیشت و قاپێک برنجی خوارد.

ژاگۆندی قەت ئەو ڕووداوەی بیرناچێتەوە، کاتێک شەوێک لە دەوروبەری ئاگادیس شوفێریی دەکرد، کچێکی تەمەن 14 ساڵانی بینیووە و بە "باوکە" بانگیکردووە. کچەکە لە کۆڵانێک وەستابوو و چاوەڕێی موشتەرییەکی کوڕی دەکرد، چونکە ببووە سۆزانی.

مووسا کەم نیگەرانی بارودۆخی مرۆڤەکان بوو. کچە 11 ساڵانەکە مامێکی یاوەریی دەکرد. کاتێک لێی دوورکەوتەوە، گوتی ئەو لەلایەن دایک و باوکیەوە نێردراوە بۆ پەیداکردنی پارە. مامەکەی گوتی "ئەو دەتوانێت جلوبەرگ بشوات و کاری نێو ماڵ بکات. هەندێک ژن گوتیان کچەکە مەبە، بەڵام ئەو کچە دەیەوێت کاربکات بۆئەوەی یارمەتیی دایک و باوکی بدات". کاتێک لێیانپرسی بۆچی ماڵت بەجێهێشتووە، سالی چاوەکانی ڕامان و هیچی نەگوت.

شەو داهات. عەبدولکەریم برای مووسا پرسیاریکرد "کوا کچە بچووکەکە؟" ئەو لەتەنیشت لۆرییەکە لەسەر کۆڵەپشتەکەی دانیشتبوو. سێ پیاو سالیان بەرزکردەوە بۆ سەر جێگەی نووستن لەسەر پیکابەکە، کە 7 پێ لە زەوییەوە بەرز بوو.

کۆچبەرێک پرسیاری کرد "پێویستمان بە پارە دەبێت بیدەینە پۆلیس؟" پیاوێکی لاواز بەناوی محەممەد کاری بۆ مووسا دەکرد بە کورتی گوتی "هەرچییەک کە من دەیدەمێ ئەوان دەیبەن". یەکێکی دیکە پرسیی "ئایا لە ڕێگە هیچ باندێکی چەتەمان تووش دەبێت؟" محەممەد گوتی "تۆ پارێزراو دەبیت، مووسا شارەزایە. ئەو هەرگیز ڕێگە ون ناکات".

خاڵی کۆنیسا لە شوێنێک لە ئیتاڵیا دەژیا. پلانەکە ئەوە بوو کە تەلەفۆن بۆ ئەو بکات، کاتێک لۆرییەکە گەیشتە لیبیا لە شاری سەبحا. دواتر کۆچبەرەکان داگرنە سەر زەوی. کۆنیسا بەهەمانشێوە ژمارە تەلەفۆنی قاچاخچییەکانی هەبوو لەوێ.

کاتێک لۆرییەکە پڕبوو، دوو لە پیاوەکانی مووسا دەرگای خانووەکەیان کردەوە، کە کۆچبەرەکانی تێدابوو. لۆرییەکە ڕووی لە شەقامە سەرەکییەکە بوو و بە تەنیشت مزگەوتێکدا ڕۆیشت، لە دەرەوەی مزگەوتەکە ژنێک نوێژی دەکرد و دەیگوت "لیبیا". ئەو ژنە بە هاوارەوە خۆشیی دەردەبڕی.

سەرلەبەیانیی ڕۆژی دواتر، پۆلیسی ئاگادیس ڕایگەیاند کە چەند قاچاخچییەک و 40 کۆچبەریان دەستگیرکردووە. پیاوەکانی مووسا گەڕانەوە کۆگاکەی مووسا. ئەوان بەدوای وێنەی مووسا و براکەیدا دەگەڕان لەنێو وێنەی ئەو قاچاخچییانەدا کە حکومەت بڵاویکردبوونەوە، بەڵام وێنەی ئەوی تێدانەبوو. یەکێک لە براکانی مووسا، کە ناوی عەبدولسەلام بوو، بە پێکەنینەوە گوتی "تەنانەت کاتێک منداڵیش بوو، پێماندەگوت مووسای ئازا. ئەو لە کەس نەدەترسا". عەبدولسەلام گەڕایەوە سەر کار. لەوێ هەمیشە کاریان زۆر بوو. چاوەڕێی ژمارەیەک کۆچبەری دەکرد کە بڕیاربوو بەمزووانە بگەنە ئاگادیس.

**وەرگێڕان: ڕەوەند محەممەد**

ڕووداو
ژمارە (370) دووشەممە 2015/8/10

## سەنتەری تایبەتیان نییە

# لە کوردستان نەخۆشە پەککەوتەکان ئیزن دەدرێنەوە

**سەروەر سالار**
**ڕووداو- سلێمانی**

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی نیگەرانە لەوەی تەنیا ژمارەیەکی زۆر کەم لەو نەخۆشانەی پەکیانکەوتووە، وەکو پێویست گرنگییان پێدەدرێت. کوردستانیش یەکێکە لەو شوێنانەی ئەو جۆرە نەخۆشانە تێیدا ئاسوودە نین، چونکە هیچ سەنتەرێکی تایبەت بە نەخۆشە پەککەتووەکانی لێ نییە.

هەندێک نەخۆشی هەن، زانستی پزیشکیی دەستەوەستانە لە چارەسەرکردنیان و ئومێدێک بۆ چاکبوونەوەیان نییە. قۆناخە پێشکەوتووەکانی هەندێک جۆری شێرپەنجە و هەندێک نەخۆشیی درێژخایەنی پەکخەری دیکە لە نموونەی ئەو نەخۆشییانەن.

زانستی پزیشکیی کلاسیکی زیاتر بیری لەلای چارەسەری بنەڕەتیی نەخۆشییەکان بوو، بەوجۆرە ئەو نەخۆشانەی دەگەیشتنە ئاستێک کە چیدی هیچ هیوای چاکبوونەوەیان نەبوو، نەدەبوونە جێگەی سەرنجی پزیشکان، لەنێو کوردەواریشدا دەگوترا "دکتۆر ئیزنیداوە"، واتە ئیدی دەبوو تاوەکو مردن لەگەڵ ئازار و دەردەسەرییەکانیدا بژی.

بەڵام لە زانستی پزیشکیی مۆدێرندا، سەرنجێکی زۆر دەخرێتە سەر کوالیتیی ژیانی نەخۆشەکان، واتە دەبێت دڵنیاببینەوە کە هەموو نەخۆشێک تاوەکو بکرێ ژیانێکی پڕ لە ئاسوودەیی و بێ ئازار بەسەرببات و بە شکۆوە ژیان بەجێبهێڵێ، تەنانەت ئەگەر نەخۆشییەکەیشی بێ چارەسەربێت، ئەوەش بە چارەسەری پالێتیڤ ناسراوە.

لە کوردستان سەنتەری تایبەت بەو نەخۆشانە نییە

بەرپرسێکی وەزارەتی تەندروستی سەرەڕای تێگەیشتنی بۆ گرنگیی هەبوونی سەنتەری تایبەت بە گرنگیدان بە نەخۆشانی پەککەوتوو، دەڵێت هێشتا لە کوردستان ئەو نەخۆشانە لەوانی دیکە جیا نەکراونەتەوە.

د.خالس قادر، گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "ڕاستە گرنگە ئەو نەخۆشانە لە نێوەندی تایبەت و لەلایەن ستافی تایبەتمەندەوە گرنگییان پێبدرێ، بەڵام لەلای ئێمە ئەم جۆرە سەنتەرانە نین، بەڵکو وەکو هەر نەخۆشێکی دیکە لە نەخۆشخانە گشتییەکان چارەسەر دەکرێن".

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی دەڵێت نەبوونی مەشقی پسپۆڕێتی و کەمیی هۆشیاری کادرە تەندروستییەکان سەبارەت بە گرنگیی چارەسەری پالێتیڤ، گرفتی گەورەی بەردەم بەهاناوەچوونی پزیشکییە بۆ نەخۆشە پەککەوتووەکان.

پزیشکێکی پسپۆڕیش دەڵێت ئەمجۆرە چارەسەرە بە کەس و چینێکی تایبەت ناکرێت و کاری گەورەی دەوێت. دکتۆر دانا عومەر، پزیشکی پسپۆڕی شێرپەنجە بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو بەهاناوەچوونە بە تیم دەکرێت، کە دەبێت پزیشکی پسپۆڕ لە پسپۆڕییە جیاوازەکان، پەرستاری ڕاهێنراو، چارەسەرکاری سروشتی و توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونیی تێدابێت، کە هەموویان بە هەماهەنگییەوە و لە سەنتەری تایبەتدا چارەسەر و بەهاناوەچوونێکی تەواوکاریی پێشکەش بە نەخۆشەکان بکەن، نەوەک وەک لای خۆمان کە دەڵێین ئەوە نەخۆشی فڵان پزیشکە و هەر ئەو بەرپرسی چارەسەریەتی".

وەک ئەو پزیشکە باسیدەکات لە وڵاتانی پێشکەوتوو تیمەکان جگە لەوەی سەنتەری تایبەتیان هەیە، لەماڵیشەوە سەر لە نەخۆشەکان دەدەن و هەوڵدەدەن نەخۆشەکە کەمترین پێویستیی بە خەواندن لە نەخۆشخانە هەبێت، چونکە خەواندنی نەخۆش هەم تێچووی لەسەر حکومەت زۆرە و هەم بۆ نەخۆشیش کەشێکی خوازراو نییە.

زۆربەی پزیشکەکانی کوردستان لە یەک کاتدا لە کەرتی گشتی و تایبەت کار دەکەن. بۆیە بە بڕوای دکتۆر دانا ئەستەمە بتوانرێ سەنتەری لەمجۆرە لە کوردستان دروستبکرێ.

وەک هەوڵێکی سەرەتایی، نەخۆشخانەی هیوا لە شاری سلێمانی کە تایبەتە بە چارەسەری نەخۆشییەکانی شێرپەنجە، چەند هەفتەیەکە بەشێکی تایبەتکردووە بە چارەسەری پالێتیڤ و بە تیم چارەسەری نەخۆشەکان دەکەن، بەڵام هەوڵەکە سەرەتاییە و ئێستا لە یەککاتدا تەنیا 3-2 نەخۆش وەردەگرن.

### دژەئازاری پێویستیان دەستناکەوێ

ئەوانەی لە قۆناخە پێشکەوتووەکانی شێرپەنجەدان، نەخۆشییەکە بۆ سیستەمە جیاوازەکانی جەستەیان بڵاودەبێتەوە، کاتێکیش دەگاتە ئێسکەکانیان تووشی ئازارێکی توندی ئەوتۆ دەبن کە بە دەرمانە دژە ئازارە ئاساییەکان کۆنترۆڵ نابێت و دەبێ ڕووبکەنە ئەو دەرمانانەی یاسا وەکو ماددەی هۆشبەر پێناسەیان دەکات. بەوەش نەخۆشەکان ناتوانن دەستی بخەن و ناچارن بەدەست ئازارێکی تاقەتپڕووکێنەوە بتلێنەوە.

لە ڕاپۆرتەکەی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیشدا هاتووە "ڕێوشوێنی زیاد لە پێویستی توند لەدژی مۆرفین و ئازارشکێنە هاوشێوەکانیان، وادەکەن بە ئاسانی نەگەنە دەستی ئەو نەخۆشانەی پێویستیان پێیە".

بەپێی یاسا کارپێکراوەکانی عێراقیش، ئەو دژە ئازارانە تەنیا لەنێو نەخۆشخانە حکومییەکان دەدرێن. دکتۆر خالس لەوبارەیەوە دەڵێت: "کاری لەپێشینەی وەزارەت ڕێگەگرتنە لە بڵاوبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان بە کۆمەڵگەدا، بۆیە ناتوانین ڕێگە بە دەرمانخانەکان بدەین ئەو دەرمانانەیان لەلابێت، چونکە دوورنییە خراپ سوودیان لێ وەربگیرێ و بە خەڵکی ئاسایی بفرۆشرێن".

پسپۆڕەکەی شێرپەنجە چیرۆکی نەخۆشێکی دەگێڕێتەوە لەگەڵ ئەم گرفتەدا و دەڵێت "گەنجێک هەبوو، شێرپەنجەی کۆڵۆنەکەی گەیشتبووە ئێسقانەکانی و بەجۆرێک دەیناڵاند دراوسێکانیشی بێزار کردبوو، هەرچی دەرمانخانە هەبوو گەڕابوو، دژە ئازارە بەهێزەکانیان پێنەدابوو، منیش هەوڵی زۆرم بۆدا هەر دەستنەکەوت، تا وایلێهات نیوەشەوێک هاتینەوە بۆ نەخۆشخانەی هیوا و تەنیا یەک دانەمان بۆی دەستکەوت، دوای ماوەیەک هەر بەو ئازارەوە گیانی لەدەستدا".


### پێویستیان بە پاڵپشتیی دەروونی هەیە

پزیشکێکی پسپۆڕ داوا دەکات ڕۆڵی پزیشک و چارەسازی دەروونی نادیدە وەرنەگیرێت لە پرۆسەی چارەسەریی نەخۆشە پەککەوتووەکاندا.

د. ڕێبوار حەمەغەریب، پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکان، بە (ڕووداو)ی گوت: "50%ی ئەوانەی نەخۆشییە پەکخەرەکانیان هەیە، تووشی خەمۆکی دەبن، ئەو خەمۆکییەش وایانلێدەکات دەرمانەکانیان پشتگوێ بخەن. توێژینەوەکانیش سەلماندوویانە تاوەکو خەمۆکی چارەسەرنەکرێت، چارەسەرییە جەستەییەکانیش کاریگەریی پێویستیان نابێت، بۆیە ئەو کەسانە پێویستیان بە چارەسەری دەروونی هەیە".

### 40 ملیۆن نەخۆش پێویستیان بە سەنتەری تایبەت هەیە

لە ڕاپۆرتێکدا کە چەند ڕۆژێکی کەمە بڵاوکراوەتەوە، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی دەڵێت ساڵانە 40 ملیۆن نەخۆشی پەککەوتوو پێویستیان بە چارەسەری پالێتیڤ هەیە کە 78% یان لە وڵاتانی دواکەوتوو و مامناوەندداان. ڕێکخراوەکە بە نیگەرانییەوە دەڵێ تەنیا 14%ی ئەوانەی پێویستیان بە چارەسەری پالێتیڤ هەیە، بۆیان دابیندەکرێ. لە نێوەندە پزیشکییە جۆراوجۆرەکانەوە داوا دەکرێت سەرنجێکی زۆرتر بخرێتەسەر ئەو جۆرە چارەسەرییە، چونکە نەخۆشییە درێژخایەنە پەکخەرەکان بە ڕادەیەکی زیاتر لە جاران هەن، ئەویش بەهۆی ئەوەی دانیشتووانی ئێستای جیهان زیاتر دەژین. بەهۆی پێشکەوتنی زانستی پزیشکییەوە، نەخۆشییە درێژخایەنەکانیش کەمتر خەڵک دەکوژن و بەوەش زۆرتر لەگەڵ مرۆڤ دەمێننەوە.





دکتۆر ئیکرام حوسێن

## سەندیکایەک بۆ بەرگری لە نەخۆش

گلەیی خەڵک لە وەزارەتی تەندروستی و دادگاکان ئەوەیە کە دەڵێن ئەگەر سکاڵاش تۆمار بکەن دژی حاڵەتێکی نەخوازراوی پزیشکی، لە هەموو دۆخێکدا پزیشک براوە دەبێت.

سەندیکا پزیشکییەکان بوون یان نەبوونیان وەک یەکە. مەبەستم لە سەندیکای پزیشکان و پزیشکانی ددان و دەرمانسازانە. لەڕاستیدا ئەوان بۆ خزمەتکردن و بەرگریکردن لە پزیشکان دروستبوون، بەڵام جگە لەوەی خزمەت بە پزیشکان ناکەن، ئەگەر کارا بوونایە، لەڕێگەی ڕێکخستن و جێبەجێکردنی یاساوە، دەیانتوانی ناڕاستەوخۆ گەورەترین خزمەت بە خەڵک و نەخۆش بکەن. وەزیری تەندروستی چەند ڕۆژ جارێک لیستێک لە نرخی دەرمان بڵاودەکاتەوە لە فەیسبووکەکەیەوە، وەزیر لەڕووی زمانەوانییەوە هەڵەیە، چونکە لە دواهەمین جاردا گوتوویەتی: لیستی چوارەم و پێنجەمی دیاریکردنی نرخی دەرمان کەوتە بازاڕ، بەڵام جەنابی وەزیر ئاگای لێ نییە هێشتا لیستی یەکەمیش نەگەیشتووەتە دەرمانخانەکان. بەویژدانەوە گەیاندنی ئەو نرخانە بە دەرمانخانەکان کاری وەزیر نییە، ئاخر خۆ ئەو ماتۆڕی گەیاندنی پیتزای پێنییە تا لیستەکان بگەیەنێتە دەرمانخانەکان. ئەو لە دێڕی دووەمدا هەڵەکەی خۆی ڕاستکردووەتەوە و دەڵێ، لیستەکان ڕەوانەی سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان کرا. ئەوە سەندیکایە کە هێشتا بە سیستمی سەردەمی خەلیفە و سوڵتانەکان کاردەکات. خۆ لەسەر پشتی کیسەڵیش ناردبای دەبوو ئێستا ئەو نرخانە گەیشتبانە دەرمانخانەکان. ئینجا ئەوە توانای سەندیکا بێت بۆ گەیاندنی نرخەکان، ئەی دەبێ چەند توانای هەبێت بۆ لێپرسینەوە لێیان!

پزیشک هەیە ڕۆژانە نزیکەی ١٠٠ نەخۆش دەبینێت، بەڵام شوێنی دانیشتنی ٢٥ نەخۆشی هەیە. وەکو پاسی مەسڵەحە دەبێت هەندێک بەپێوە بوەستن. ئەوە جگە لەوەی هەندێک شوێنی چاوەڕێکردنی نەخۆش هەر لە ساونا و ژووری هەڵم دەچێت. لەوەش خراپتر ئەوەیە کە پسپۆڕیی پزیشکەکە هەناسە بێت. ئیتر سەندیکای پزیشکان هەبێت یان نەبێ چییە!

لە سەندیکای پزیشکی ددان، ئەگەر مۆڵەتی کردنەوەی کلینیکیان لێوەرگریت، ساڵی جارێک دەڵێن وەرە نوێی بکەرەوە. ئەگەریش مۆڵەتیان لێوەرنەگری، ئەوە کاریان بەسەرتەوە نییە و سەری گوێدرێژ بکە بە کونی دەرزییا بۆ ئەوان جێی بایەخ نییە. ئەوەش بابەتیکی دیکەیە ددانسازەکان ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاد دەکەن و پەیمانگەیەکی پێگەیاندنی ددانساز کراوەتەوە. دەڵێن هێندەی ژمارەی خوێندکارەکانی مامۆستای هەیە. سەندیکاش مێشێک میوانی نییە.

جگە لە بێسوودیان، سەندیکا پزیشکییەکان لەڕووی یاساییشەوە لەژێر پرسیاردان. چەندین ساڵە هەڵبژاردنیان نەکردووە و هەر بە کوڕی باشە و ئەو شتانە بەڕێیدەکەن. خۆ کێشەی ئەم هەرێمە هەر پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان نییە. ئەوەتا سەندیکای پزیشکان و پزیشکانی ددانیش چەندین ساڵە ڕێکناکەون، هەڵبژاردنێک بکەن. ئیتر لەولاوە هەندێک پزیشکی هەلپەرست و هەندێکی دیکەی بێگانە، بە ئارەزووی خۆیان بارودۆخەکە لە بەرژەوەندی گیرفانیان بەکاردەهێنن، بێئەوەی ڕێکخراوێک یان سەندیکایەک هەبێت بەرگری لە مافی نەخۆش بکات و ئەگەر لێی قەوما پەنای بۆ ببات، کاتێکیش نەخۆش سکاڵا لە دادگا دەکات، ئەو لیژنەیەی بۆی دروستدەکرێت هەمان دەردی هەموو لیژنەکانی دیکەی هەیە و هەموو جار لە بەرژەوەندی لایەنێک بڕیار دەدات، لە نەبوونی سەندیکا پزیشکییەکاندا زۆر جار پزیشکانی خاوەن ویژدان دەبنە قوربانی هەڵوێستە مرۆڤانەکانیان، بە داخەوە هیچ کاتێک وەک ئێستا چاودێری و لێپرسینەوە هێندە هەتیو نەبووە!

## هێلکە و شیر و ماسی دەتوانن زیانبەخش بن

# 10 جۆر خواردن لە ژنی دووگیان قەدەخەن

**ڕووداو- مێلسکۆم**

کاتی دووگیانی دەبێ چاوێک بخشێنیتەوە بە نەریتی خۆراکیتدا. بەجۆرێک کە هەم لە خەمی دابینکردنی ڕەگەزە خۆراکییە پێویستەکاندا بیت بۆ خۆت و کۆرپەکەت، هەم لەوانەش دووربکەویتەوە کە زیان بە خۆت یان کۆرپەکەت دەگەیەنن.

ئەمانە 10 خۆراکن کە دەبێ لە سکپڕیدا نەیانخۆیت:

### 1 - شیری نەکوڵاو:

ژنانی دووگیان ئەگەر ڕۆژانە سێ کوپ شیر بخۆنەوە کارێکی باش دەکەن، چونکە بە کالسیۆم و پرۆتین و ڤیتامین دی دەوڵەمەندە و بۆ گەشەیەکی تەندروستانەی ئێسک و ددان و هەستەدەمارەکان و دڵ گرنگە، بەڵام دەبێ دووربکەوێتەوە لە خواردنەوەی شیری نەکوڵاو و هەر شتێک کە لە شیری نەکوڵاو دروستکرابێ. چونکە شیری نەکوڵاو بەکتریای زیانبەخشی وەکو لیستریای تێدایە کە دەبێتە هۆی لەبارچوونی کۆرپەلە.

### 2 - گۆشتی لەقوتوونراو:

وریابە لە کڕینی ساندویچ و هاوشێوەکانی کە لە گۆشتی لەقوتوونراو دروستدەکرێن. زۆر ڕێی تێدەچێت گۆشتی لەقوتوونراو هەڵگری میکرۆبی لیستریا بێت، چونکە ئەوە تاکە بەکتریایە کە لە پلەی بەستنیشدا توانای مانەوەی هەیە و لەنێوناچێت. ئەوەی لەنێوی دەبات گەرمکردنە بۆ پلەی گەرمیی 74ی سەدی. بۆیە تەنیا متمانە بەو گۆشتە بکە کە خۆت ئامادەی دەکەیت و بەباشی دەیکوڵێنی.

### 3 - زەڵاتەی دەرەوە:

زەڵاتە تەندروسترین خۆراکە بۆ ژنی دووگیان، بەڵام وریابە ئەمە بۆ ئەو زەڵاتانە ڕاستە کە خۆت ئامادەیان دەکەیت و دڵنیای لە خاوێنییان. زەڵاتەی کافتریا و شوێنە گشتییەکان وەک پێویست خاوێن ناکرێنەوە و لە دۆخی ئەوتۆدا هەڵدەگیرێن کە هەم میوە و سەوزەکانیان و هەم ئەگەر کەرەیان تێکەڵکرابێ، دوورنییە بە بەکتریاکانی لیستریا، گرانەتا و ئی-کۆلای پیس بووبن.

### 4 - شەربەتی سروشتیی دەرەوە:

شەربەتی سروشتی سەرچاوەیەکی باشی ڤیتامین و ڕەگەزە خۆراکییە بەسوودەکانی دیکەیە، بەڵام کاتێک دڵنیابین لە خاوێنییان. شەربەتی شوێنە گشتییەکان بۆ ماوەیەکی زۆر لە دەفردا دەهێڵرێنەوە و ئەگەر هەیە بە لیستریا و ئی-کۆلای پیسببوبن کە مەترسی لەسەر ژیانی کۆرپەکەت دروستدەکەن.

### 5 - گۆشت و ماسی باش نەکوڵاو:

گۆشت و ماسیی باش نەکوڵاو، دوورنییە هەڵگری بەکتریا و زیندەوەرە نەخۆشخەرەکانی دیکە بن. دەبێت گۆشتی فرێش 63 پلە و گۆشتی بەستوور 64 پلەی سەدی گەرم بکەی بەرلەوەی بیخۆی. دەتوانیت گەرمیپێوی تایبەت بە خۆراکەکان بکڕیت و بەر لە خواردنیان پلەی گەرمبوونەکەیان بپێویت.

### 6 - هێلکەی باش نەکوڵاو:

هێلکە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندە بە پرۆتین و ڤیتامین و کانزاکان. بەڵام لە دووگیانیدا دەبێت دڵنیابی لەوەی کە زەردێنە و سپێنەی هێلکەکە بەباشی کوڵاون و شل نەماونەتەوە. وریابە هێلکەی باش نەکوڵاو لە سەرچاوەی جۆراوجۆردا هەیە، وەک هەندێک جۆری ئایسکرێم، مایۆنیز، زەڵاتە، کێک و هەندێک جۆری ساس. بۆیە کاتێک ئەو بەرهەمانە دەکڕیت زانیارییەکانی سەریان بخوێنەوە و دڵنیابە لێیان نووسراوە هێلکەکە پەستەرە کراوە.

### 7 - قاوە:

زۆر خواردنەوەی قاوە لەکاتی دووگیانیدا، لە هۆکارەکانی لەبارچوونە. ڕۆژانە تاوەکوو 200 میلیگرام کافایین ئاساییە، کە دەکاتە 1-2 کوپ قاوە. بەڵام وریابە کافایین لە چوکلێت و هەندێک لە خواردنەوە گازییەکانیشدا هەیە و ئەگەر ئەوانە بخۆی دەبێ قاوەکەت کەمتر بکەیتەوە.

### 8 - ماسی پڕ جیوە:

جیوە لە جەستەدا کۆدەبێتەوە و دەبێتە سەرچاوەیەکی مەترسیی بۆ سەر دایک و کۆرپەکەی، بەتایبەت بۆ سەر مێشک و هەستەدەمارەکانی کۆرپە. سەرچاوەی سەرەکی جیوەش هەندێک جۆری ماسییە. لە نموونەی ئەو ماسییانەش شارک، سۆردفیش، تایلفیش، ماکرێل و توونە. بەگشتی ماسییە گەورەکان جیوەی زیاتریان تێدایە. ماسی سەلەمونیش بەوە ناسراوە بڕێکی کەمی جیوەی تێدایە.

### 9 - جگەر:

ڤیتامین A ڕەگەزێکی خۆراکیی پێویستە بۆ گەشەی کۆرپە و تەندروستیی دایک. بڕی پێویستی ئەو ڤیتامینەش لە خۆراکە باوەکانی وەک میوە و سەوزەکان، گۆشت، شیرەمەنییەکان و هێلکەوە دەستدەکەوێت. بەڵام ئەگەر بڕی زیاد لە پێویستی ئەو ڤیتامینە وەربگری، دوورنییە کۆرپەکەت تووشی ناتەواوی زگماکی ببێت. تەنیا ژەمێک لە جگەری بەرخ بڕی 431%ی ڤیتامین A ی بۆ ڕۆژێک تێدایە و ئەوەش بڕێکی ئێجگار زۆرە و باشترە لە دووگیانیدا خۆت لە خواردنی جگەر بەدووربگری.

### 10 - کحول:

دەزگای کۆنترۆڵکردن و ڕێگری لە نەخۆشییەکان لە ئەمریکا (CDC) داوا لە ژنانی دووگیان دەکات هیچ بڕە کحولێک نەخۆنەوە. چونکە خواردنەوەی کحول لە کاتی دوو گیانیدا ڕەنگە ببێتە هۆکارێکی شێواوی زگماکی و لەبارچوون.



رووداو هەمەجۆر
ژمارە (370) دووشەممە 2015/8/10

## هەردی لە حەوت مەتری کردی



**ڕێکەوت سەلام / ڕووداو- هەولێر**

بەپێچەوانەی ئەم هونەرمەندانەی چەند شارێک و وڵاتێک دەکەن بۆ دروستکردنی کلیپێک، دەرهێنەرێکی کورد لە ڕووبەری حەوت مەتر دووجادا کلیپێکی بۆ گۆرانیبێژێک کرد. هەردی سەلامی کە دەرهێنەری کلیپەکەیە بە (ڕووداو)ی گوت "لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا کلیپێکم بە ناوی (لەگەڵ کێ دایت) بۆ گۆرانیبێژ هەڵویست بەرهەمهێنا، کە لۆکەیشنی کلیپەکە ڕووبەرەکەی تەنیا حەوت مەتر بوو. ئەم کارەشم بۆ ئەوە بووە جیاوازی دروست بکەم لەگەڵ تەواوی کلیپەکانی دیکەی هونەرمەندان". هەردی ڕەخنەی هەیە لە بەشێکی زۆری دەرهێنەران و دەڵێت "بە داخەوە هەندی کاری کلیپ هەیە 20 لۆکەیشنی بۆ بەکاردێنن و ماوەکەشی تەنیا 3 خولەکە، بەبێ ئەوەی کلیپەکە هیچ مانایەک بدات".

## سۆران لە غوباردا ون دەبێت



**پەسار فایەق**
**ڕووداو- هەولێر**

دەرهێنەری لاوی کورد، سۆران ئیبراهیم، بە کورتە فیلمی "ونبوون لە غوباردا" بەشداریی پازدەهەمین خولی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی بەیروت دەکات.

سۆران ئیبراهیم بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند فێستیڤاڵەکە لە بەیروت بەڕێوەدەچێت و فیلمەکەی ئەویش لە بەشی پێشبڕکێی سەرەکیدا بەشدارە: "فیلمەکەم کێبڕکێی بردنەوەی خەڵاتی سەرەکیی فێستیڤاڵ دەکات و لەگەڵ چەند فیلمێکی عەرەبی و ئەوروپی لە ڕکابەریدایە". فێستیڤاڵەکە لە ڕۆژانی 8 تاوەکو 16ی ئۆکتۆبەری 2015، لە بەیروتی پایتەختی لوبنان بەڕێوەدەچێت.

سۆران ئیبراهیم، جگە لە کاری دەرهێنەری، وەکو ئەکتەریش پاڵەوانی کورتە فیلمەکەیەتی. لەبارەی چیرۆکی فیلمەکەوە گوتی: "نێوەڕۆکی فیلمەکە لەڕێگەی چیرۆکێکی ئەفینداریيەوە، باس لە پرسی جینۆساید و ئەنفالی کورد دەکات".

ئەم فیلمە لە 52هەمین خولی فێستیڤاڵی سینەمایی ماڵتا، خەڵاتی سوارچاکی زێڕینی بەدەستهێنا. لە فێستیڤاڵی سینەمایی نێونەتەوەیی هەولێریش خەڵاتی باشترین فیلمی وەرگرتووە.

سۆران ئیبراهیم پاڵەوانی فیلمی "کیسەڵەکانیش دەفڕن" بوو، کە لە دەرهێنانی بەهمەن قوبادییە، هەر ئەو دەرهێنەرەش هانی سۆرانی داوە، تاوەکو کاری دەرهێنان بکات.

## دڵی لەیلا بۆ کورد نەبوو



**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو- هەولێر**

دوای تێپەڕبوونی حەوت ساڵ بەسەر کلیپی گۆرانیی "ماڵی دڵم"ی خانمە گۆرانیبێژ لەیلا فەریقی، بەڵام تاوەکو ئێستا لە کەناڵە کوردییەکان بڵاونەکراوەتەوە. هەڵکەوت زاهیریش هۆکارەکەی ئاشکرا دەکات.

هەڵکەوت زاهیر کە ئاوازی بۆ ئەم گۆرانییەی فەریقی داناوە بە (ڕووداو)ی گوت "ڕاستە من ئاوازی ئەم گۆرانییەم داناوە و حەمە سەعید حەسەنیش تێکستی بۆ نووسیوە، بەڵام سەبارەت بە بڵاونەبوونەوەی لە کەناڵە کوردییەکانەوە، ئەوە پەیوەندی بە خودی لەیلا فەریقییەوە هەیە، چونکە فەریقی کلیپی گۆرانییەکەی تەنیا بۆ کەناڵی (pmc)ی فارسی دروستکردبوو".

هەڵکەوت زاهیر ڕەتیکردەوە بەهۆی ووروژێنەرییەوە کەناڵە کوردییەکان بایکۆتی کلیپەکەی لەیلا فەریقییان کردبێ و گوتی "تەنیا هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئەو گۆرانییە بۆ کەناڵێکی فارسی کراوە".

## هیندستان: ملوانکەی کوردی باشترینە



**پەسار فایەق**
**ڕووداو- هەولێر**

کورتەفیلمی "ملوانکەی ستیل"ی زانیار عەزیزی، دەرهێنەری کورد، لە فێستیڤاڵێکی نێونەتەوەیی سینەماییدا لە هیندستان، خەڵاتی باشترین کورتەفیلمی بەدەستهێنا. زانیار عەزیزی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لیژنەی دادوەری چوارەمین خولی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی کەلکەتەی هیندستان، خەڵاتی باشترین کورتەفیلمیان بە فیلمەکەی ئەو بەخشی. چیرۆکی فیلمەکە لە چیرۆکێکی محەمەد فەریق حەسەن، چیرۆکنووسی کورد بەناوی "ملوانکەی ستیل" وەرگیراوە.

ماوەی فیلمەکە 13:45 خولەکە و بەرهەمی ساڵی 2014ی کۆمپانیای "ئەگید فیلم"ـە.

## بەختی ڕووداو

ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com



**کاوڕ**
لەم هەفتەیەدا بە بیستنی هەواڵێک گەشبین دەبیت و ماڵئاوایی لە خەمەکانت دەکەیت. باری دارایی گۆڕانی بەسەردا نایەت، هەوڵەکانت لە پەیوەندیی خۆشەویستیدا کۆدەبنەوە و دەتوانی لە هەستی بەرامبەرەکەت دڵنیا ببیتەوە.

**گا**
ئەستێرەکەت هێشتا لەگەڕانەوەدایە، ئەمەش لە هەموو کارەکاندا ڕاڕایی بۆ دروست کردوویت. ئەو کارانەی بۆت پێشنیاز دەکرێن لە ئاست توانای تۆدا نین، بەڵام بۆ ئەم دۆخەی ئێستا دەبنە یارمەتیدەرێکی باش.

**جمک**
سەرەتای هەفتە مانگ بە بورجەکەتدا تێدەپەڕێت. کارە ئاساییەکانی ڕۆژانە سەرقاڵت دەکات. بیرکردنەوەت زۆرتر دەبێت و هەست دەکەیت پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت پێویستیان بەگرنگیدانی زیاتر هەیە.

**قرژاڵ**
بیرکردنەوەت لەبارەی داراییەوە قووڵ دەبێتەوە، کارەکانی داهاتوو زۆرن و هەریەکەیان پێویستیان بە بڕە پارەیەکی ئامادە هەیە، لەئێستاوە خۆتی بۆ ئامادە بکە، سەرکەوتوو دەبیت.

**شێر**
بەختێکی باشت هەیە، ئەستێرەکانی (مارس، موشتەری، هەتاو، ڤینۆس،) لەکەلوەکەتدان، دەتوانی کارێکی گەورە ئەنجام بدەیت، بەخت هاوکاریت دەکات و کاروبارە وەستاوەکانیش دەست بە جووڵە دەکەنەوە.

**گوڵەگەنم**
لەم هەفتەیەوە عەتارید دێتەوە کەلوەکەت، بیرکردنەوەت بەهێز دەبێ و گەڕان و پەیوەندییە ئاڵۆزەکان باش دەبنەوە، بەرنامەیەکی نوێ بۆ هەنگاوەکانی ڕۆژانە دیاری دەکەیت، لە سۆزداریدا بڕیاری خێرا مەدە.

**تەرازوو**
دڵت تەنگە و هەست بە تەنیایی دەکەیت، گلەیی لەوە مەکە کە نزیکەکانت گرنگیت پێنادەن، لەم ڕۆژانەدا خەڵکان دەتوانن تەنها گرنگی بە خۆیان بدەن، چونکە هەر کەسێک بەشی خۆی خەم و ماندووبوونی هەیە.

**دووپشک**
وا باشە بەردەوامی بە کارەکانی ئەم ماوەیە بدەی، گۆڕانکارییەکان دڵخۆشت دەکەن، لە هەموو کارەکان پشت بە خۆت ببەستە. زیاتر لە فرسەتێک دەرەخسێت بۆ ئەوەی لە خۆشەویستی کەسێک دڵنیابیت.

**کەوان**
بەختەوەری کاتی تایبەتی خۆی هەیە، ئەو کارانەی لە ڕابردوودا نەکرا تێیاندا سەرکەوتوو بیت، ئێستا هەوڵیان لەگەڵ بدەوە و دڵنیابە لە داهاتوودا دەگەنە ئەنجام.

**کارژۆڵە**
جدیبوونت لە کارەکەت دەرگای سەرکەوتنی بۆ ئاوەڵا کردوویت، بەکارهێنانی وتەی شیرین لەگەڵ چواردەور دەبێتە هۆی کردنەوەی دەرگایەکی نوێی بەختەوەری. هەوڵ بدە ڕەخنەکانت کەم بکەیتەوە.

**سەتڵ**
هەواڵێکی خۆش دەربارەی کارێک دەبیستی کە پێشتر نائومێدی کردبووی. بە گەشبینییەوە لە کارە نوێیەکەت بڕوانە و هەوڵ بدە ئاسوودە بیت لەگەڵ چواردەورەکەت و خۆت لە ململانێ بەدوور بگرە.

**نەهەنگ**
لەم هەفتەیەوە هەسارەی موشتەری دێتە بەرامبەر بورجەکەت، لە هەموو هەنگاوێک ڕووبەڕووی بەختەوەری دەبیتەوە، بێدەنگی بشکێنە و داوای هاوکاری بکە، کەسانێکی بەتوانا دەبنە هاوکار و پشتیوانت.

## یەکێتی بایکۆتی نازێ دەکات



**میوا سەڵاح**
**ڕووداو- هەولێر**

ژنە هونەرمەندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نازێ عەزیزی دەڵێت بەهۆی هەڵوێستەکانییەوە لەبارەی مەسعود بارزانییەوە، کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی یەکێتی بایکۆتیان کردووە.

نازێ کە تاوەکو ئێستا 3 ئەلبوومی گۆرانی بڵاوکردووتەوە، دەربارەی بایکۆت کردن و بڵاونەکردنەوەی گۆرانییەکانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ماوەیەکی زۆرە دەزگا ڕاگەیاندنەکانی یەکێتی بایکۆتیان کردووم و گۆرانییەکانم پەخش ناکەن. هەروەها بۆ هیچ بۆنە و ئاهەنگێکی سەر بەو حیزبە بۆم نییە گۆرانی بڵێم، ئەمەش دوای ئەوە هات من گوتم کاک مەسعودم خۆشدەوێت و ڕێزی دەگرم، بەڵام ئەوان ئەو بۆچوونی تایبەتی منیان بە دڵ نەبوو، بۆیە بایکۆتیان کردووم".

نازێ ئاماژەی بەوەشدا کە ئەو هیچ کێشەیەکی لەگەڵ خەڵکی شاری سلێمانیدا نییە و زوو زووش سەردانی ئەو شارە دەکات و ئاهەنگی تایبەت بۆ خەڵکەکەی ساز دەکات.

نازێ عەزیزی کە لە ساڵی 2003وە گۆرانی دەڵێت، جگە لە گۆرانی کوردی، دوو ئەلبوومی گۆرانی فارسیشی بڵاوکردووەتەوە.

## قەیرانەکانی کوردستان دەکرێنە گۆرانی



**میوا سەڵاح**
**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەندی گۆرانیبێژ ئەیوب عەلی لە کارێکی ناوازە و دوور لە ستایلی خۆی کە بە ڕۆمانسی و خەمگین ناسراوە، بەنیازە مەنەلۆژێک بۆ قەیرانی ئابووریی هەرێمی کوردستان و بێ کارەبایی بڵێت.

ئەیوب عەلی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دوایین بەرهەمم کە ئێستا تێکست و ئاوازەکەی ئامادەیە، لەسەر بێ مووچەیی و بێ کارەبایی بێ ئاویی و دۆخی ئێستای کوردستانە. بڕیارە لە بەرنامەیەکی ڕاستەخۆ لە کەناڵێکی کوردی پێشکەشی بکەم".

ئەیوب گوتیشی "گۆرانییەکە بە ستایلێکی کۆمیدییە و دەمەوێت لە ڕێگای ئەم گۆرانییەوە باس لە نەهامەتیەکانی خەڵکی کوردستان بکەم. لەگەڵ ئەوەشدا دەمەوێت لە هەموو شێوازەکان کار بکەم و خۆم بە تەنیا ستایلێک نەبەستمەوە".

## دۆبلاژ فشە نییە



**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو – سلێمانی**

کچە دۆبلێری کورد، سیما، دەڵێت کوردستان پێویستی بە فێرگەیەکی تایبەت بە دۆبلاژە و کاری دۆبلاژیش بەم شێوەیەش ئاسان نییە کە خەڵک لێی حاڵی بوون.

سیما کە تەمەنی 18 ساڵە و لە تەمەنی هەشت ساڵییەوە کاری دۆبلاژ دەکات بە (ڕووداو)ی گوت "کاری دۆبلێری کارێکی وا ئاسان نییە، چونکە لە کاتی کارکردندا خۆت بخەیتە شوێنی خاوەنی ئەو دەنگەی لە فیلم و دراماکان ڕۆڵ دەگێڕن، دەبێ هەمان هەستی ئەوان بەرجەستە بکەیت. من چەندینجار لەکاتی کارکردندا بە تایبەت لەو دیمەنانانەی گریانیان تێدایە، هەر بە ڕاستی گریاوم، بۆ ئەوەی هەمان هەست و هەمان ڕۆڵ زۆر بەباشی ببینم".

سیما بە پێویستی دەزانێت فێرگەیەکی تایبەت بە دۆبلاژکردنی فیلم و دراما و گۆرانی هەبێت، بۆ ئەوەی خەڵک بەشێوەیەکی ئەکادیمی پێ بگەیەنێت و نەوەک خەڵک هەر بۆ ئارەزووی خۆی ببێ بە دۆبلێر.

# هەڵواسراوێک بە خاچی ژیانەوە

## چەند سەرنجێک لەسەر شیعری (دوا ڕستەی کوڕی مەریەم)ی داستان مارف

**ئارام سدیق**

نوێکردنەوە لە شیعردا چەند پەیوەستە بە فۆرمەوە، هێندەش پەیوەستە بە نوێکردنەوەی بیرەوە، هەموو نوێکردنەوەیەک لە شیعردا بەبێ نوێکردنەوە لە بینیندا نوێکردنەوەیەکی کەموکورتە. شیعری نەوەی نوێ ئەگەرچی هەنگاوەکانی نوێکردنەوەی لەسەرەتادایە، بەڵام ئەوەی زیاتر لای من جێگەی سەرنجە، نوێکردنەوەیە لە بیر و بینیندا. شیعری ئەم نەوەیە لە هەوڵی ئەوەدایە دونیا بەو شێوەیە ببینێت کە خۆی دەبینێت و بە چاوی خۆی دونیا وێنا بکات. نەک دوای ئەو وێناکردنانە بکەوێت کە ئەوانی دی بەر لە ئەو وێنایان کردووە. ئەم خاڵە لە شیعری نەوەی نوێدا ئومێدی ئەوەی لێدەکرێت کە هەنگاوی گەورەتر لەم نەوەیە چاوەڕێ بکرێت.

شیعری (دوا ڕستەی کوڕی مەریەم)ی داستان مارف یەکێکە لەو شیعرانەی کە بەلای منەوە دەقێکی سەرنجڕاکێش و جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردن بوو. ئەم شیعرە وێناکردنەوەی دواڕستەی ئەو پەیامبەرەیە کە بەسەر خاچەکەیەوە بە نائومێدییەکی قووڵەوە لە بەرامبەر یەزداندا دەڵێت: "بۆ تەنیات کردم!" ئەم شیعرە لە هەوڵی نووسینەوەی ئەو تەنیاییەدایە کە نەوەی نوێ تێیدا لە خنکاندایە. نەوەیەک کە بە خاچی ژیانەوە هەڵواسراوە و هێواش هێواش ئازارەکانی بوونی ئەزموون دەکات. لەم نووسینەدا هەوڵی هەڵوەستەیەکی کورت دەدەم لەسەر ئەم شیعرە.

### دوا ڕستەی هەڵواسراوێک

شیعر کارکردنە لەسەر نەوتراوەکان، بەڵام زۆرجار بۆ ئەوەی نەوتراوێک دەرببڕدرێت پێویست بە دووبارەکردنەوەی گوتراوێک دەکات. داستان مارف لەم شیعردا لەڕێی دوا ڕستەی زاری مەسیحەوە دەیەوێت ئەو نەوتراوانە بڵێت کە بوونی نەوەکەی ئەو هەڵگریەتی. یەکەم ڕستەی شیعرەکەی بە ڕستەکەی مەسیح دەستپێدەکات، بەڵام شاعیر ئەم ڕستەیە ئەمجارە لە زاری خۆیەوە دووبارە دەکاتەوە. ڕاستە (بۆ تەنیات کردم!؟) لە زاری مەسیحێکی نائومێدی تێکشکاوەوە هاتووەتە دەرەوە، بەڵام داستان دەیخوازێت و دەیەوێت گوزارشتی ئەو تەنیابوون و تێکشکانەی نەوەیەکی لێ بکات، کە ئێستا وەختە تەنیایی بیانهاڕێت. هاڕینێک بەهێمنی، بەڵام زۆر کوشندە.

شاعیر دەیەوێت لەڕێی دوا ڕستەی هەڵواسراوێکەوە چیرۆکی هەموو ئەو هەڵواسراوانەی ئێستا بخاتەڕوو کە ڕۆژگار تا دێت زیاتر و زیاتر لە خاچیان دەدات.

بەڵام دەکرێت لەگەڵ داستاندا ئێمەش بپرسین: ئایا مرۆڤ خۆی بوونەوەرێکی لە خاچدراو نییە؟ ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ڕیشە بوونگەرییەکەی بوونی ئینسان، دەبینین مرۆڤ بەبێ ویستی خۆی هەڵدەدرێتە نێو ژیانەوە و لەگەڵ ئەوەشدا مەحکومە بە مەرگ. واتە نە ئەزموونکردنی ژیان بە ویستی خۆیەتی و نە دەرچوونیش لێی. مرۆڤ توانای مانەوەی هەمیشەیی نییە و لەگەڵ لەدایکبوونیشیدا مەرگ لەگەڵ خۆیدا دەهێنێتە بوونیەوە، یان دروستترە بڵێین مەرگ لە بوونیدا هەڵدەگرێت. لە کۆی ئەم شتانەی خرانەڕوو، دەتوانین بڵێین مرۆڤ بوونەوەرێکی لە خاچدراوە و بە خاچی ژیانەوە هەڵواسراوە. ژیان ئەو خاچەیە کە مرۆڤی پێوە هەڵواسراوە و دوا شوێنی ئەو خاچەش گەیشتنە بە مەرگ.

### هەڵواسراوێک بە خاچی شیعرەوە

مرۆڤ بۆ ئەوەی هەست بە ئازاری ئەو لە خاچدانەی خۆی نەکات پەنا بۆ خۆسەرقاڵکردن و دۆزینەوەی شتی دیکە دەبات. یەکێک لەو شتانەی مرۆڤ هەر لە کۆنەوە پەنای بۆ بردووە نووسین بووە و لەنێویشیاندا شیعر، یەکێکە لە کۆنترین ژانرە ئەدەبییەکان. مرۆڤ بۆئەوەی خۆی لە خاچی ژیان بدزێتەوە خۆی لەنێو وشە و ڕستەکانی شیعردا لە خاچ دەدات. شاعیرەکان ئەو مرۆگەلەن کە خۆیان کاری سەرەکییان خۆدزینەوەیە لە خاچی ژیان و خۆیان بە خاچی شیعردا هەڵدەواسن.

شیعری نەوەی نوێی کوردی پڕە لە لەخاچدانی خود بە جۆرێک خودی نێو ئەم شیعرانە بەردەوام گیرۆدەی ئازار و برینی گەورەن، ئەمە بێجگە لەو نامۆبوونەی خود بە دونیای مۆدێرن کە ڕەنگدانەوەی تەواوەتی لەنێو شیعری ئەم نەوەیەدا هەیە. مۆدێرنە لە شیعری ئەم نەوەیەدا دیوە ترسناکەکەی خۆی مانیفێست کردووە و ئەو دیوەی کە ئینسان بچووک دەکاتەوە و دەیکاتە بوونەوەرگەلێکی ڕۆبۆتئاسا. بۆیە لە شیعری ئەم نەوەیەدا هەست بەوە دەکرێت کە زۆر بێ پەردە ئەم نەوەیە خۆیان لە خاچداوە. هەر لەبەرئەوە چ لەم شیعرەی داستان مارفدا و لە شیعری هاوسەردەمەکانی دیکەشیدا هەست بەو هەڵواسراوانە دەکەین کە بە خاچی شیعرەوە خۆیان هەڵواسیوە.

### هەڵواسراوێک بە خەونەوە

لەسەرەتادا ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە یەکێک لە خاڵەکانی نوێکردنەوەی شیعر نوێکردنەوەی بیر و بینینی دونیایە بە چاوێکی دیکە. ئەوەی لە شیعری ئەم نەوەیەدا هەستی پێدەکرێت، بینینی خەونی نوێیە. لەگەڵ ئەو هەموو ئازار و ستەمەی ژیان و ئەزموونکردنی لە خاچدانەشدا خەونی فڕین و بینینی دونیای دیکە و جیاواز لای ئەم نەوەیە نەمردووە. داستان لە بەشی کۆتایی شیعرەکەیدا باس لەوە دەکات کە خەون کەللەی بەجێ نەهێشتووە و دەیەوێت بفڕێت. فڕینێک کە ئەو خاچەشی بە کۆڵیەوەیە نابێتە ڕێگر. با سەرنج لەم بەشەی شیعرەکە بدەین:

**خەون لە کەللەمدایە**
**فڕین...**
**پەرجوویەکم پێویستە**
**خاچ دەکەمە باڵ و دەفڕم**

خەونی فڕین یەکێکە لە خەونە دێرینەکانی مرۆڤ، کاتێک ئەم خەونە دێتە نێو شیعرەوە دەیان مانای شاراوە لە خۆیدا حەشار دەدات و دەکرێت یەکێک لەو مانایانە بۆ شکاندنی کۆتەکانی ژیان و هەڵهاتن بێت لە سیستم و یاخیبوون بێت لە چەقبەستوویی ژیان. ئەوەی داستان لەم شیعرەدا دەیخاتەڕوو، دەکرێت هەر ئەم یاخیبوونە بێت لەو خاچ و ژیانەی مرۆڤ دەخاتە چوارچێوەیەکی دیاریکراوەوە، لە کاتێکدا مرۆڤ لەو بوونەوەرانەیە کە دەخوازێت ئەزموونی ئازادی زیاتر بکات و خەونی ئەوەی هەیە بەردەوام ڕووبەری پەنهانی دیکە پەی پێ بەرێت.

### بەر لە کۆتایی

ئەگەرچی ئەزموونی داستان مارف لەگەڵ دونیای شیعردا نوێیە و تا هەنووکە تەنها چەند دەقێکی ئەم شاعیرەم بینیوە، لێ شیعری (دوا ڕستەی کوڕی مەریەم) لەو شیعرانەیە کە خوێنەر بەر بینینی نوێ دەکەوێت بۆ شتەکان و شاعیر لە هەوڵی ئەوەدایە مانای نوێ لەنێو ڕستە دێرینەکاندا بدۆزێتەوە، یان دەیەوێت لەڕێی ئەو ڕستانەوە ئەو ئازارانە بخاتەڕوو کە ئەم نەوەیەش دوای ئەو هەموو سەدەیە سیزیف ئاسا دووبارەی دەکەنەوە.

لە دواجاردا دەمەوێت کۆی سەرنجەکان لە چەند خاڵێکدا بخەمەڕوو.

1- شیعری نەوەی نوێ سروودی ئازارەکانی مرۆڤە، نووسینەوەی ئەو چرکەساتانەیە کە مرۆڤ لەنێوان بوون و مردندایە و شیعر دەبێتە ڕێگەی سێیەم.

2 - ئەم شیعرەی داستان مارف دەکرێت وەکو سەرەتایەک بۆ دەسپێکی ئەزموونی شیعریی ئەم شاعیرە ئەژمار بکرێت و وەکو یەکێک لەو هەوڵانەی لە ئایندەدا دەقی باشتر و تۆکمەتری بە دوادا بێت چ لەڕووی زمان و فۆرمی شیعرییەوە چ لە ڕووی بونیادی فیکری تێکستەکەوە.

3- یەکێک لەو خاڵانە کە ئەم نەوەیە بەم شاعیرەشەوە گیرۆدەین، ڕزگار نەبوونە لە سێبەری ئەوانی دیکە، بەلای منەوە هەموو شاعیرێک دەتوانێ لە سێبەری ئەوانی دیکە ڕزگاری بێت و شوناسی شیعریی خۆی دیاری بکات.

4 - یەکێک لە سیما جوانەکانی شیعری ئەم نەوەیە ئەوەیە کە خوێنەر هەست بە بەرکەوتنی ڕاستەقینەی ژیان دەکات، بێگومان ئەمە بەو مانایە نییە دەقی نەوەی نوێ خاڵییە لە زمانی مەجاز و خەیاڵ و... هتد، بەڵکو دەکرێت بڵێم گوزارشتکەرێکی ڕاستگۆیە لە ڕەقییەکانی ژیان، کە لەم شیعرەی داستانیشدا بەتەواوی هەستی پێ دەکرێت.

5- مرۆڤ ئەگەر هەڵواسراوێک بێت بە خاچی ژیانەوە. لە شیعری ئەم نەوەیەدا خود بە خاچی شیعرەوە هەڵواسراوە و هەست بەو خەونانەش دەکرێت کە ئەم خودانە لە هەوڵی هەڵهاتن لە خاچەکان و بەدوای ئەزموونکردنی دونیای دیکەوەن.

**سەرنج:**
بۆ بینینی تەواوی شیعرەکەی داستان مارف بڕوانە هەفتەنامەی ڕووداو ژمارە (366) ڕۆژی 2015/7/6 لاپەڕەی کولتوور.




## شیعرە بڵاونەکراوەکانی پابلۆ نیرۆدا بە ئینگلیزی بڵاودەکرێنەوە

# "ڕۆژێک دێت گۆرەوییەکانیشم بڵاودەکەنەوە"



دوای ئەوەی لە مانگی حوزەیرانی 2014ـدا چەند دەقێکی شیعریی پابلۆ نیرۆدا، شاعیری چیلی و وەرگری خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی دۆزرانەوە، بڕیار وایە لە دووتوێی کتێبێکدا ئەم شیعرانە بە زمانی ئینگلیزی بڵاوبکرێنەوە.

دەزگای کۆپەر کانیۆن ڕایگەیاند، ئامادەکاری بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو دەقە شیعریانە دەکەن بە زمانی ئینگلیزی، دوای ئەوەی بە زمانی ئیسپانی بڵاوکرانەوە.

ژمارەی دەقە شیعرییەکان 20 دەقن و یەکێک لەوانە مێژووەکەی بۆ ساڵی 1956 دەگەڕێتەوە، بڕیار وایە لەلایەن فۆرێست گاندر، شاعیر و ڕەخنەکاری ئەمریکی لە زمانی ئیسپانییەوە بۆ زمانی ئینگلیزی وەربگێڕدرێت.

بڕیاروایە لە مانگی نیسانی ساڵی داهاتوو ئەم کتێبە بکەوێتە بەردەستی خوێنەران، تێیدا دەستنووسەکانی نیرۆدا بە ڕەنگاوڕەنگی بڵاودەکرێنەوە.

دەزگای کۆپەر کانیۆن بەنیازە لە ڕووی وەرگێڕان و نەخشەسازی و چاپەوە بۆ کتێبەکە کارێک بکات کە لە ئاستی لێهاتوویی و ناوداریی کەسایەتی نیرۆدادا بێت.

ئادەم فینستین، نووسەری ژیاننامەی ئەو شاعیرە ڕایگەیاند، نیرۆدا جارێک بە گاڵتەوە پێیگوتم "ڕۆژێک دێت تەنانەت گۆرەوییەکانیشم بڵاودەکەنەوە".

پابلۆ نیرۆدا، ساڵی 1904 لە پارال لە چیلی لەدایک بووە، یەکێکە لە دیاترین شاعیرانی ئەمریکای لاتین، ساڵی 1954 بووەتە ئەندامی حیزبی سالڤادۆر ئالێندی، لە هەمان ساڵدا بۆ ئەندامێتی پەرلەمانی وڵاتەکەی هەڵبژێردرا.

نیرۆدا، ساڵی 1950 کتێبی "سروودی گشتی" بڵاوکردەوە و خەڵاتی "ئاشتیی نێودەوڵەتی" لە ڕێگەیەوە بەدەستهێنا، لەساڵی 1953ـدا خەڵاتی "ئاشتی لینین"ـی وەرگرت. خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی لە ساڵی 1971 وەرگرت کە بە گرنگترین خەڵاتی ئەدەبی لە جیهاندا دەناسرێت. پاش بڵاوکردنەوەی چەندین بەرهەمی ناوازە، ساڵی 1973 کۆچی دوایی کرد.

# پاراستنی ڕۆحی منداڵ لەناو پەرژیندا*

ئەو مرۆڤانەی دەیانەوێ خاوەن کەسایەتییەکی سەنگین و ناسک بن، دەبێت سنووری خۆیان و کەسانی دەوروبەریان بەباشی بزانن. پەروەردەی سێکسی، واتە ئاشناکردنی منداڵان بە سنوورەکانیان لە قۆناغی سەرەتای منداڵیدا. مرۆڤەکان بە سێ پەرژین (سنووری کەسێتی)ی جیاواز پارێزراون، ئەوانیش: پەرژینی لەش، هەستی و زیهنی.

پەرژینی لەش

پەرژینی لەش واتە منداڵ فێر بکرێت، ئەگەر کەسێک لە سنووری دیاریکراو زیاتر لێی نزیک بووەوە، نیگەران ببێت و کاردانەوەی هەبێت بەرامبەر بەو کەسە. منداڵێک کە سنوورە کەسییەکانی بزانێت و ئاگاداربێت لەوەی مرۆڤەکانی چواردەوری دەیانەوێت ئەو سنوورە ببەزێنن و کاردانەوەی هەبێت، خاوەنی پەرژینی لەشە.

ئەگەر دایک و باوکێک، گوێ نەدەنە ئەم سنوورە کەسییەی منداڵەکە، سنوورەکە ببەزێنن، یاخود بە ئارەزووی خۆیان و بێ مۆڵەت وەرگرتن لە منداڵەکە بچنە ناو ئەو سنوورەوە و بێنە دەرەوە، ڕێگە دەگرن لە دروستبوونی هەستی ڕەگەزیی منداڵەکەیان.

ئەگەر بە منداڵ بگوترێ "وریای خۆت بە ئەگەر لە پارک پیاوێکی نەناسراو بانگی کردی و نوقڵی پێدایت، وەری مەگرە. مەڕۆ بۆلای کەس، نەهێڵیت کەس دەستت لێ بدات. کاتێک زانی دەترفێنن و جارێکی دیکە ئێمە نابینیتەوە"، ئەمە هەستی ڕەگەزی لای منداڵ دروست ناکات و پەرژینی پێ نابەخشێ، بەڵکو لە تێکەڵبوون بە کۆمەڵگە دەیترسێنێ. بەڵکو بەم جۆرە فێر دەکرێن: دایکان و باوکان، بەر لەوەی بچنە ژووری منداڵەکانتانەوە لە دەرگا بدەن، بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت لە منداڵەکانتان شتومەکەکانیان مەدەن بە کەسی دیکە و ناوە ناوە مۆڵەتیان لێ وەربگرن پێش ئەوەی ماچیان بکەن. ئامانجی ئەم پێشنیازە بۆ دایکان و باوکان ئەوەیە، منداڵەکانیان لە "پەرژینی لەش"یان ئاگادار بکەنەوە و هەستی بوونی ئەو پەرژینەیان لادروست بکەن و پەرژینەکەیان پێشان بدەن. بەم جۆرەش منداڵەکانیان لە زیان دەپارێزن.

"پەرژینی لەش"یش پێویستی بە دروستکردنی هەستە تایبەتەکانە لای منداڵ. هێشتنەوەی دوورییەک لەنێوان دایک و باوک و منداڵەکەیاندا لەکاتی قسەکردن، شێوازی نزیکبوونەوە لە منداڵەکە و وەرگرتنی مۆڵەت لەکاتی ماچکردندا "بۆم هەیە ماچت بکەم؟" و هاوشێوەی ئەمانە، هەستی ڕەگەزیی لای منداڵ دروست دەکات.

منداڵێک کە هەستی ڕەگەزیی لادروست نەبووبێت و دایک و باوکی ڕێز لە پەرژینەکانی نەگرن، ئەگەر کەسێکی نەناسراو پێی بڵێت: "ئادەی وەرە بزانم ئەو یارییە هی خۆتە؟ بیدە بە من". پاشان بڵێت: "ئا وەرە لەسەر کۆشم دانیشە، با سەیرێکی یارییەکەی دەستت بکەم". منداڵەکە لەبەر ئەوەی فێر نەکراوە، ڕاستەوخۆ بەگوێی کەسە نەناسراوەکە دەکات و دەڕواتە کۆشی دادەنیشێت. ئەمەش بەزاندنی پەرژینی منداڵەکەیە بەڵام منداڵەکە بەمە نازانێت، چونکە سنوورە کەسییەکانی و پەرژینەکانی زۆر دەمێکە لەلایەن دایک و باوکییەوە بەزێندراوە یاخود هەر دروست نەکراوە. لەبەر ئەوە نیگەران نابێت لە داواکاریی کەسە نەناسراوەکە و کاردانەوە پیشان نادات.

نموونەیەکتان بۆ باس دەکەم کە بە چاوی خۆم بینیم... لە مارکێتێکدا پێداویستییەکانی ئەو ڕۆژەم کڕی و ویستم پارەکەی بدەم بە فرۆشیارەکە. منداڵێک لە پێشمەوە بوو، پارەکانی لە دەستیدا توند توند گرتبوو. شووشەیەک شەربەتی هەڵگرتبوو. فرۆشیارەکە خێرا شەربەتەکەی لێسەند و کردییە ناو عەلاگەیەکەوە بۆی. ئەمە شکاندنی پەرژینی جەستەیی منداڵەکەیە.

ڕەنگە وا بیر بکرێتەوە کە فرۆشیارەکە زۆر جوان و مرۆڤانە مامەڵەی لەگەڵ منداڵەکە کردووە و حەقی خۆی وەرگرتووە و پارە زیادەکەی داوەتەوە بە منداڵەکە، بەڵام ئەگەر لە ڕوانگەی پەروەردەی ڕەگەزی و دروستکردنی پەرژینی لەش و هەستی منداڵەکەوە تەماشای بکەین، هەرگیز وا بیر ناکەینەوە. چونکە فرۆشیارەکە سنووری کەسی و پەرژینی لەشی منداڵەکەی بەزاندووە.

هەڵوێستی ڕاست و ڕەوان لەخوارەوە هەنگاو هەنگاو ڕوون دەکەمەوە:

سەرەتا منداڵەکە دێتە بەردەم فرۆشیارەکە و شووشە شەربەتەکە دەخاتە بەردەستی. دواتر فرۆشیارەکە بە منداڵەکە دەڵێت: "ئەم شەربەتە بایی هەزار و دووسەدوپەنجا دینارە". بەم جۆرە منداڵەکە هەست دەکات کە ڕێزی لێگیراوە. دواتر، ڕەنگە منداڵەکە نەزانێت چەندێک پارە لەدەستیدایە، بۆیە پارەکە هەمووی دەخاتە بەردەستی فرۆشیارەکە. منداڵەکە پارەکەی درێژکرد بۆ فرۆشیارەکە، زۆر گرنگە کە فرۆشیارەکە لە منداڵەکە بپرسێت کە ئایا بۆی هەیە ئەو پارەیە بژمێرێت و بڵێت: "من پارەکەت بۆ بژمێرم؟". بەم جۆرە هیچ زیانێک ناگەیەنێت بە پەرژینی جەستەیی منداڵەکە و سنوورەکانی نابەزێنێ.

**وەرگێڕانی: محەممەد ئیسماعیل**

***ئەم وتارە بەشێکە لە کتێبی (پەروەردەی ڕەگەزیی منداڵ)ی نووسەری تورک ئادەم گیونەش کە وەرگێڕدراوە و بەشێوەی زنجیرە وتار لە (ڕووداو) بڵاودەکرێتەوە.**

# 90 ساڵ تەنیایی لە (ماڵی خامۆش)ی ئۆرهان پاموکدا






**حەمید نامجوو**
**و/ لە فارسییەوە: نادر تلووعی**

ڕۆمانی (ماڵی خامۆش)ی ئۆرهان پاموک، هەرچەند لە ساڵی 1983 بڵاوکراوەتەوە، بەڵام دوای تێپەڕبوونی 31 ساڵ لە بڵاوبوونەوەی، هێشتا جوانی و تازەیی و سەرنجڕاکێشبوونی وەک خۆی ماوە، چونکە ڕووداوەکانی لە دنیایەکدا ڕوو دەدەن کە لە نزیک خۆمانە.

ڕۆمانی (ماڵی خامۆش)، بەسەرهاتی گەشتی دوو برا و خوشکێک دەگێڕێتەوە کە ڕۆژانی پشووی هاوینەیان بردووەتە شارێکی کەناراو، بە ناوی (جەننەت حەسار) لە کەنار دەریای مەرمەرەیە، بۆ ئەوەی لەوێ دایەگەورەشیان ببینن. ئەوان لە ماڵە کۆنەکەی دایەگەورەدا کە 70 ساڵ لەوەو پێش دروستکراوە لەدایکبوون، ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە لە هاوینی ساڵی 1979 ڕوودەدەن، واتە هاوکات لەگەڵ قۆناغی کۆتایی سەرۆکایەتی جیمی کارتەر لە ئەمریکا کە لەو ساڵانەدا تورکیا بە قۆناغێکی گرژیدا دەڕۆیشت و بێ ئەنجامبوونی هەوڵی حیزبەکان بۆ بەدەستهێنانی زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمان و پێکنەهاتنی حکومەت، شەڕی دەسەڵاتی لەنێو پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بردبووە سەر جادە و کۆڵانەکان و پۆلیس کۆنترۆڵی دۆخەکەی لە دەستدا نەمابوو. ڕۆژانە بەهۆی تێکگیرانە سیاسییەکان زیاتر لە 30 کەس دەکوژران. بارگرژییەکە دواجار کودەتای سەربازی ساڵی 1980 لێکەوتەوە.

(فاروق) کە برای گەورەتر و توێژەری بواری مێژووە، بە هەزاران پرسیارەوە لە بارەی ڕابردووی مێژوویی و نەتەوەیی و کولتووریی خەڵکی وڵاتەکەی، لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا ماوەتەوە و ژیانی کەوتووەتە ژێر کاریگەری ئەو حاڵە هەڵپسێردراوە و بە بنبەست گەیشتووە، بەڵام (مەتین) کە برای بچوکترە و تازە کۆلێژی تەواوکردووە، خەونی گەشتی ئەمریکا و سەرکەوتنێکی یەکلابووەوەی لە سەردایە، بەس ئەوەندە پێی بگاتە ئەمریکا، بەڵام بینینی کچێکی جوان گومانەکانی قووڵتر دەکات. کاراکتەری سێیەمی ڕۆمانەکە خوشکی ئەو دوو برایەیە کە ناوی (نیلگوون)ە، خوێندکاری ساڵی یەکەمی زانکۆیە و خەون بەوەدیهاتنی دادپەروەری لە جیهاندا دەبینێت، ڕۆمانی (باوکان و کوڕان)ی ئەیوان تۆرگنییێفی ڕووسی دەخوێنێتەوە و مشتەری ڕۆژنامەی چەپڕەوی (جمهوورییەت)ە.

ئەو سێ کاراکتەرەی ڕۆمانەکە، میراتهەڵگری نەوەی پێش خۆشیانن، کە باوک و باوەگەورەیەکن و پێیانوایە وەدیهاتنی ئامانجەکانی خەڵک بەستراوەتەوە بە تێپەڕاندنی نەریتە کۆنەکان و تەنیا ڕێگا ڕزگارکردنی تورکیایە لە دەست بۆچوونی کۆن و خورافە و قبوڵکردنی زانست و کولتوور و شارستانیەتی ئەورووپایە لە لایەن ئەو وڵاتەوە. ئەوان عەقڵگەران و پێدەچێت سەدەیەک پێش سەردەمی خۆیان کەوتبن.

ڕۆمانی (ماڵی خامۆش) وەک زۆربەی نووسینەکانی پامووک، چەند گێڕەرەوەی هەیە، پاموک دەرفەتی ئەوە بە کاراکتەرەکانی ڕۆمانەکەی دەدات کە ژیانی خۆیان بەو جۆرە بگێڕنەوە کە ئەزموونیان کردووە. ڕۆمانەکە پێنج گێڕەرەوەی هەیە، گێڕەرەوەی یەکەم کورتەباڵایەکی 50 ساڵەیە کە ناوی ڕەجەبە و خزمەتکاری ماڵی دایەگەورە و کوڕی ناشەرعی و نیشانەی هەوڵە بێ ئەنجامەکانی باوەگەورەیە بۆ گۆڕینی جیهان، ئەو چاودێری بێدەنگی، ژیانی سێ نەوەی ئەو خێزانەیە، کەسێکی خاکی و بەبەزەییە.

گێڕەرەوەی دووەم، دایەگەورەی 90 ساڵەیە کە پارێزەر و پابەندی بەها و باوەڕە کۆنەکانە، بەپێی نەریتی سەردەم، بە فەرمانی باوکی شووی کردووە و مێردەکەی پزیشکێکی خوێندەوارە کە وەکوو هەموو ڕووناکبیرانی سەردەمی خۆی بانگەشەی گۆڕینی جیهانی کردووە و هەر لەبەر ئەوە مافی شارومەندی لێدەسەندرێتەوە، ئەو لە پێناو ئامانجەکانی دەست دەداتە نووسینی ئەنسکلۆپیدیایەک کە بە هۆی ئەوەیشەوە لەگەڵ دایەگەورە ناکۆکی دەکەوێتە نێوانیان و لێکجودا دەبنەوە. دایەگەورە دەچێتەوە دنیای بیروباوەڕەکانی خۆی و باوەگەورەیش عاشقی خزمەتکارە جوانەکەی ماڵەوە دەبێ کە ئەنجامی ئەو عەشقە دوو منداڵی ناشەرعین بە چارەنووسێکی ناخۆشەوە.

گێڕەرەوەی سێیەم، حەسەنی برازای ڕەجەبە، کوڕی برایەکی ئیفلیج کە بلیتی بەخت دەفرۆشێت، حەسەن خوێندکارێکی مێردمنداڵ و تەمبەڵە، خەون بە سەرمایەداربوونەوە دەبینێت، هەژاری و شکستی و ناکامی دەستەوەستانیان کردووە. بێسەروبەری سیاسی ئەو ساڵانە، هەلێک دەڕەخسێنێت کە حەسەن بتوانێ خۆی پێشان بدات، ئەو بێ ئەوەی بیەوێت دەبێتە ئەندامی بێبەرامبەری (هێزی پۆڵایین)ی حیزبێکی نەتەوە پەرستی نیوە فاشیست کە دوژمنی سەرسەختی کۆمۆنیستەکانە، بێ ئەوەیش کە بزانێت جیاوازی نێوان ئەو دوو حیزبە چییە، حەسەن بەشداری چالاکییەکانی (هێزی پۆڵایین) دەکات کە دەست دەدەنە سەرانەوەرگرتن و ئازاردانی خەڵک، بەڵام پشکێکی لەو سەرانەیە بەرناکەوێت، چونکە هەموو شتێک لە پێناو بەرەوپێشبردنی حیزب دەکرێت. حەسەن بەپێچەوانەی ڕێنماییەکانی حیزب عاشقی کچێکی کۆمۆنیست دەبێ و زەختی لێ دەکرێت کە دەبێ باجی ئەو عەشقەی بدات و جگە لە کوشتنی هەستی خۆی، ڕێگایەکی لە بەردەم نابێت، حەسەن کچەکە دەکوژێت و پێش کوشتنی داوای لێخۆشبوونی لێدەکات.

گێڕەرەوەی چوارەم و پێنجەمیش فاروق و مەتینن، دوو برا کە لە ڕووی تەمەنەوە جیاوازی زۆریان لە نێوانە، فاروق دڵمردوو و بێ هیوایە، بۆ دۆزینەوەی ناسنامەیەک پەنای بردووەتە بەر مێژوو، بەڵام هیچی دەست ناکەوێت و دەستەوستان دەمێنیتەوە، بەڵام مەتین ڕێگای دەربازبوون لە کۆچدا دەبینێت و ئەمریکا وڵاتی خەونەکانییەتی، داهاتووی خۆی لەوێ دەبینێت. هەندێکجار عەشق و دەستلێدانی جەستەیەکی جوان خەیاڵی مانەوەی لا دروست دەکەن، بەڵام ئامانجی ئەو بەجێهێشتنی تورکیایە
.

بەڵام (نیلگون) ی جوان و ئایدیالی، هیچ دەنگێکی لە ڕۆمانەکەدا نییە، ئەو گرێدراوی دادپەروەرییە و بیر لە خوێنی گەرمی ئەو قوربانیانە دەکاتەوە کە هەموو ڕۆژێک لەسەر جادەکانی ئیستەنبوڵ و ئەنقەرە دەڕژێن. لە هەموو شوێنێک بە کتبێکی دەستییەوە دەردەکەوێ و بەیانیان دوای مەلەکردن لە ئاوی دەریادا ڕۆژنامەی جمهورییەت دەخوێنێتەوە. سەر لەبەیانییەک بکوژەکەی سەر ڕێگای پێدەگرێ و بە تۆمەتی چەپبوونی دەیکوژێت، خوێنەر لە ڕێگای گێڕانەوەی کاراکتێرەکانی دیکەوە (نیلگون) دەبینێت.

ئۆرهان پاموک دەڵێت: ڕۆمانەکەی سیاسی نییە، لە ڕاستیشدا هەروایە، بەڵام سیاسەت بەشێکی جیانەکراوەیە لە ژیانی ئەو جوگرافیایە. ڕۆمانی (ماڵی خامۆش) بەشێکە لە ژیانی ئەو جوگرافیایە.

**سەرچاوە:**
**www.radiozamaneh.com/220335**

# ڕۆمانە کاندیداکانی خەڵاتی مان بۆکەر ئاشکرا کران




**ڕووداو- ئاژانسەکان**

لیستی ڕۆمانە کاندیداکانی خەڵاتی (مان بۆکەر) بۆ ساڵی 2015 ئاشکرا کران کە بریتین لە 13 ڕۆمان لە کۆی 156 ڕۆمانی هەڵبژێردراو.

لیژنەی ئەمساڵی خەڵاتەکە لە هەریەک لە میشێل وۆد، ئیلا ئالفێری، جۆن بارنسايد، سام لیس و فرانسێس سپۆرنی پێکدێن کە دوای هەڵسەنگاندنیان بۆ بەرهەمەکان، خەڵاتی 50 هەزار دۆلاری ئەمەریکی بە باشترین ڕۆمان دەبەخشن.

لیستەکە ئەم ڕۆمانانە لەخۆدەگرێت، "پێشتر خێزانت هەبووە؟" لە نووسینی بێل کلیج، "ڕێگای سەوز" لە نووسینی ئانی ئینرایت، "مێژوویەکی کورتکراوە بۆ شەش کردەوەی کوشتن" لە نووسینی مارلۆن جەیمس، "ئەکاونتی مۆڕ" لە نووسینی لیلی، ڕۆمانی "خەوتن لەسەر هەسارەی موشتەری" لە نووسینی ئەنۆردا ڕۆی و ڕۆمانی "ڕوونی" لە نووسینی ئاندر ئۆهاگن.

هەر لەم لیستەدا ئەم ڕۆمانانەش بەرچاو دەکەون: "دوورگەی ساتان" لە نووسینی تۆم مەکارسی، "ڕاوچییەکان" لە نووسینی چیکۆزی ئۆبیۆما، ڕۆمانی "لیلا" لە نووسینی مارلین ڕۆبنسن، ڕۆمانی "ساڵی هەڵاتووان" لە نووسینی سۆنجێف ساهۆتە، ڕۆمانی "لێدان" لە نووسینی ئانا سمایڵ، ڕۆمانی "بابەتی شین" لە نووسینی ئانی تایلەر و ڕۆمانی "ژیانێکی کورت" لە نووسینی هانیا یاناگارا.

ئەم خەڵاتە ئەدەبییە بەریتانییە لە ساڵی 1969ـەوە دەبەخشرێت، پێشتر تەنها بە بەرهەمی نووسەرانی بەریتانی دەبەخشرا، ماوەی دووساڵە دەرفەت بۆ نووسەرانی دنیا ڕەخساوە لە پێشبڕکێکەدا بەشداربن، بەمەرجێک بەرهەمەکە بە زمانی ئینگلیزی نووسرابێت.

کورتە لیستی (مان بۆکەر) کە تەنها شەش ڕۆمان لەخۆدەگرێت، لە 15ی سێپتەمبەری 2015ـدا ڕادەگەیێنرێت و ڕۆمانی براوەش لە 13ی ئۆکتۆبەری 2015 ئاشکرا دەکرێت.

ئەم خەڵاتە بە گرنگترین خەڵاتی ئەدەبی دەژمێردرێ و تایبەتە بە ژانری ڕۆمان کە بە زمانی ئینگلیزی نووسرابێت، لە ساڵی 1968 یەکەم خولی بەڕێوەچووە.

ئەم خەڵاتە بەر لە ئێستا تەنها بە نووسەرانی بەریتانیا یان وڵاتانی کۆمنوێلس بەخشراوە، بەڵام ماوەی دوو ساڵە بۆ هەموو ئەو کەسانە ڕەخساوە کە بە زمانی ئینگلیزی ڕۆمانەکانیان بڵاودەکەنەوە.

ئەم خەڵاتە لقێکی دیکەی لە ئەبوزەبی لە وڵاتی ئیمارات هەیە کە تایبەتە بە ڕۆمانە عەرەبییەکان و لە ساڵی 2007ـەوە ئەم خەڵاتە بە ڕۆمانە عەرەبییەکان دەبەخشرێت.

هەروەها دوو لقی دیکەشی لێ بووەتەوە، ئەوانیش خەڵاتی بۆکەری ڕووسییە لە ساڵی 1992 و خەڵاتی ئەدەبی ئەفریقییە لە ساڵی 2000ـدا.

ئەندامانی لیژنەی دادوەری ئەم خەڵاتە ئەدەبییە لە کەسانی ئەکادیمی و ڕەخنەکار و نووسەران پێکدێن و ساڵانە دەگۆڕدرێن.

ئەو شەش ڕۆمانەی دەگەنە کورتە لیستی خەڵاتەکە، هەریەکەیان 10 هەزار دۆلاری ئەمەریکی وەردەگرن و براوەی یەکەمیش لەم شەش ڕۆمانە، بڕی 50 هەزار دۆلاری پێدەبەخشرێ.

## چنگت لابە لەسەر سەرم

**(پێشکەش بە چاوە ماندووەکانی هوجام سوورچی)**



**سولەیمان سۆفی ساڵحی**

لەوەتەی هەم
هەموو دەمێ
دەچوومە ژووان
لە جێی چرپەی کانی و چرۆ
دەیهەژەنیم دەنگی لوورەی هەورازەکان
لە باتی نێو سینە و مەمان
چەکەکەمم ڕادەمووسی و
شانبەشانی گشت پووکەکان
هەڵدەوەرام لەگەڵ پێکان.

چنگت لابە لەسەر سەرم
با بۆ جارێک
بچمە ژوانی هاوسەرەکەم
ژەمێ جریوەی بمژەنێ
ژەمێ تەنک تەنک
بە چڵی باڵایدا داتەنم.

چنگت لابە لەسەر سەرم
دەستەکانم بکەنەوە
با کەم ترس
بە تووڵەڕێی ئەوینمدا بێت و بچێ
با لەسەر ئەو هەنیە ڕەشە
ئەو خەیاڵە لەرزۆکانەی لەم شارەدا بەجێ
ماون
لەگەڵ هەموو ئاواتە ڕژاوەکان
خڕکەمەوە!

دەستەکانم بکەنەوە
با بۆ جارێک لە باتی خاک
پەراسووی ژینم بشێلم.

چنگت لابە لەسەر سەرم
عەتری خەنجەرەکەت شێتم دەکا
ئەو کاتەی وا بە هێوری دێتە سەما و
بۆنی ملی گوڵەکانی نێو باخچەکەی دایکم
دەدا.

باش دەزانم
ئەو چرکەیەی
خەنجەرەکەت پڕ بە ئامێزی حەنجەرەم
دەچریکێنێ و
پایز لە ژینم بەردەبێ و
سەری گەڵام
بە بەژنمدا دادەوەرێ
لە دوورەوە لە جەستەی ماندووم دەڕوانم
پرسیارێک لە دەروونمدا سەرگەردان.

چنگت لابە لەسەر سەرم
مناڵەکان چاوەڕێمن
کە بەو خەیاڵە سەوزانە
هێلانەکەیان گەرم کەمەوە.

بەڵام ئێرە زستانە
زستانە زستان باوان!

منیش بە کۆتەرەی ڕیشیانەوە نا
بە دەندووکی نەوتەکانەوە بووم

دەستت دانێ لەسەر سەرم
لەبەر خەنجەرەکەت مرم!



گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# سەلەفی و عەلەفی

لە کوردستاندا تاقە یەک حیزبیش نییە شانی بگاتە ئەژنۆی سیکولاریزم. عەلمانییەت لە کوردستان رووکەشێکی بنژەنگاوی، قەوانێکی بۆش و دەهۆڵێکی دڕاوە. سەرجەم حیزبەکانی کوردستان، هەر لە پارتییەوە کە پێدەچێ تاپۆی مێژوویی زۆر شتی بە ناوەوە بێت، هەر لە یەکێتییەوە کە هەڵبژاردن لایان ڕێگەیەکە بۆ هەڵپەڕاندنی نەیار، تا دەگاتە حیزبی شیوعی کە پاش پتر لە حەفتا ساڵ، هێندەی مامە عەبە، جگەرفرۆشەکەی دەروازەی سلێمانی جەماوەری نییە، هەر هەموویان سەلەفیین.

ئاخر ئەوە کڵاولەسەرنانی عەوامە. ڕێزدار مەلا بەختیار، واژۆی خۆی بخاتە سەر کەمپینی دەستووری سیکولار، کەچی حیزبەکەی هاوپەیمان و هاوهەڵوێست و هاوکار و هاودەنگی کۆمەڵ و یەکگرتوو بێت.


زۆربەی ئەو مزگەوتانەی لە کوردستان داعشیان بەرهەمهێناوە لە سەردەمی وەزیرە پارتییەکەی ئەوقافدا ئاواکراون. ئاخر پارتی بۆئەوەی بیسەلمێنێ کەس لەو موسڵمانتر نییە، دەستڕێژی دروستکردنی مزگەوتی لە گەڕەک بە گەڕەکی کوردستان کرد. ئەوە مزگەوتەکانی پارتی بوون گەرای داعشیان بەرهەمدەهێنا.

ئەوە بەسە بەڕێز سۆران عومەر، سێڵفی لەگەڵ تاک و تەنیا شیوعییەکەی پەرلەماندا بگرێت. من دوو وێنەی ئەو بەڕێزە لە یادەوەریمدا چەسپاوە: یەکیان لەگەڵ ئەبوو کاروانی کۆمۆنیستی بەینەلمیلەلی بوو، ئەویدیکەشیان لەگەڵ مەلا کرێکاری تیرۆریستی فەوقەلمیلەلی.

خۆ گۆڕان، بەرماڵی لەبن پێی یەک ئیسلامیدا نەهێشتەوە. ئاخر سەرجەم گۆڕانخوازە خوێنگەرمەکان، لەپشت خاوەنی توندڕۆترین گوتاری ئیسلامی کوردستانەوە لەبەردەرکی سەرای سلێمانیدا لەسەر کارتۆنی بیرە نوێژیان دەکرد. بەڕێز ڕێبین هەردی، کە هاواری دەکرد ئەڵڵاهوئەکبەر، حەمزەی مامی پێغەمبەرم لە فیلمی ریسالەدا وەبیردەهاتەوە.

حیزبی کوردی باش لە میللەتی باشوور گەیشتووە، ئەوە بۆیە مێگەلئاسا بە پۆستێکی فەیسبووک سەتان بێئیش شەونخون دەکەن. شەرمیش ناکەن بەمە بڵێن زیندوویی میللەت.

دەستوور ئاسانە، سەرجەم کایەکانی ئەم وڵاتە عەقڵی سەلەفی بەڕێوەیدەبات. گەوجاندنی خەڵک لێهاتووییە. تەماشایەکی لاپەڕەکەی مەلا عەلی دەجال بکەن. میز دەرخواردی خەڵک دەدات و سێ چوار هەزار کۆمێنتی ماشەڵڵا و سوبحانەڵڵای بۆ دێت. ئەم گاڵتەجاڕییە لەبن لووتی دەسەڵاتی گوایە سیکولاری کوردیدا ڕۆژانە ڕوودەدات. ئاخر دەسەڵاتی کورد تۆزقاڵێکیش فڕی بە عەلمانیبوونەوە نییە، ئەوان هەر بەدوای گیرفان و ئالیکەوەن، بۆیە ئەگەر بەئاشکرا سەلەفی نەبن، ئەوە بە کردەوە عەلەفین، هەم سەلەف و هەم عەلەف.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# پارتی لەکوێ هەڵەیکرد؟

## 1

ڕێککەوتنی 30 حوزەیرانی 2013، سەبارەت بە درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و دانوستانەکانی دوای ئەوە بۆ پێکهێنانی حکومەتی بنکەفراوان، دوو هەڵەی ستراتیژیی پارتی دیموکراتی کوردستان و شاندە دانوستانکارەکانی بوون. ئەو هەڵانە وایانکرد ئەو دۆخەی ئێستا بێتە ئاراوە. چونکە هەردوو حاڵەتەکە دەریخست پارتی حیساب بۆ دواتر ناکات کە چ ڕوودەدات و نەیتوانی ئەو پرسە لەگەڵ بەناو شەریکەکانی یەکلایی بکاتەوە. ڕاستە پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان موقابیلی پۆستی سەرۆک کۆمارە لە بەغدا، بەڵام ئەو قسەیە تا ئەوکاتە دەیخوارد کە یەکێتی و پارتی هاوپەیمانی ستراتیژی بوون و هەموو شتەکانیان لەنێوان خۆیاندا یەکلایی کردبۆوە. دیارە لەوەشیاندا باڵی دەستڕۆیشتوو گۆڵیان پێ لە پارتی کرد و کاندیدەکەی خۆیان سەرخست.

هاتنی گۆڕان بۆ ناو هاوکێشەی سیاسی و بە موعەللەق هێشتنەوەی مەسەلەیەکی گرنگ و هەستیاری وەک سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، کە بەنیسبەت پارتییەوە یەکێکە لە گرنگترین پرسەکان، بە پلەی یەکەم هەڵەی پارتی دیموکراتی کوردستانە. چونکە ئەو پرسەش گرێدراوی ئەو دابەشکاری و ئیمتیازاتە سیاسییانەیە کە پێشتر هەبوون. بۆیە سەرباری ئەوەی کە یەکێتی وەکو هاوبەشێکی گرنگ چووە ناو حکومەتەوە، بەڵام هەر ئەو ڕۆژانە بوو کە جێگری سەرۆکی حکومەت، کە وەک نوێنەری باڵی دەستڕۆیشتووی نێو یەکێتی لەقەڵەمدەدرا، بەئاشکرا لەولا و ئەولا دەیگوت تۆڵەی ئەو بەزمە (واتە ڕێککەوتنی نێوان پارتی و گۆڕان) لە پارتی دەکەنەوە. ئەویش کەی؟ "ئەو ڕۆژەی ماوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان تەواودەبێت".

پارتی وایدەزانی ئەگەر باڵی دەستڕۆیشتووی ناو یەکێتی ڕازی بکات، کە لەو پێناوەشدا هەموو شتێکی کرد، و گۆڕانیش بکاتە شەریک، ئیدی هەموو شتێک بە کەیفی خۆی دەبێت. ڕێککەوتنە ژێربەژێرەکانی لەگەڵ باڵی دەستڕۆیشتووی ناو یەکێتی وای لە پارتی کرد پشتی خۆی لێ بکاتەوە و سەرباری ئەوەی کە دەیزانی تەنانەت کۆمەڵی ئیسلامیش بۆ یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان پرۆژەی ئامادەکردووە، هەر خۆشباوەڕانە چاوەڕێی ئەوە بوو کە هیچ ڕوونەدات. بۆیە کاتێک 23ی حوزەیران ڕوویدا، ئینجا مەکتەبی سیاسییەکەی هاتە سەرخەت و بەئاشکرا گوتی کە چییان دەوێ! بەڵام ئەوکات کار لە کار ترازابوو. ئەوەش دیسان یەکێکی دیکەیە لە هەڵەکانی پارتی، کە سەرباری ئەوەی دەڵێن لە مەسەلەی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستاندا مەتڵەبیان کاک مەسعوود نییە، بەڵام بەفیعلی ئەویان کردۆتە تەڕەفی مەسەلەکە و هەموو شتەکانیان بەرەوڕووی ئەو کردووەتەوە. کاک مەسعوود بە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان نەبووەتە سەرۆک تا بەو یاسایە لە سەرۆکایەتی بکەوێت، کاک مەسعود بە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان نەبووەتە فەرماندەی پێشمەرگە تا بەو یاسایەش لە فەرماندەیی بکەوێت. بەپێچەوانەوە پۆستی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان تا ئەوکاتە پۆستە کە کاک مەسعودی لێ بێت. ئەگەر ئەو لەو پۆستە نەمێنێت، هەر کەس باسیشی ناکات.

## پارتی دەرکراوە

## 2

پارتی دیموکراتی کوردستان، کە خاوەنی گەورەترین کوتلەی پەرلەمانییە لە پەرلەمانی کوردستان، ئێستا بە کردەوە لەدوای 23ی حوزەیرانەوە، پەرلەمانی بۆ نەیارانی چۆڵکردووە. ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە پارتی نازانێت سیاسەت بکات و ئەوانەش کە لە پەرلەمانن وەکو نوێنەری پارتی، سیاسی نین. ئەگەر ئەوانەی پارتی ناردوونی بۆ پەرلەمان سیاسی بوونایە، دەبووایە لەجیاتی بایکۆت و هاتوهاوار، پرۆژەیان هەبووایە و لەگەڵ فراکسیۆنەکان دانیشن. لایەنەکانی دیکە دەرگای سازانی دەرەوەیان لە پارتی داخستووە و بە قاعیدەیەکی نوێ یاری دەکەن. بۆیە پارتیش دەبووایە بزانێ ئەو یارییە بکات. ئەوان دەزانن چۆن دەماری پارتی بگرن و تاوەکو ئێستا سەرکەوتووبوون، بەڵام پارتی نازانێت چۆن وەڵامبداتەوە. هەڕەشەی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان، حکومەت و ئەو شتانە هەمووی لە زیانی پارتییە، چونکە لایەنەکانی دیکە هیچ منەتیان بەوە نییە و لە خوایەکیانە پارتی (دیارە ئەگەر پێشی بکرێت) ئەوە بکات. ئەوکاتە ڕاست و ڕەوان بە پارتی و خەڵکی کوردستان دەڵێن: "ئاوا دەتانەوێ دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ کورد ڕابگەیەنن!"

پارتی دەبێ واز لەو بیرکردنەوەیە بهێنێت کە هەمیشە هەمووان گەلەکۆمەیان لێکردووە. ئەوە نیشانەی گەورەییە، ئەگەر قەدری ئەو گەورەییە بزانێ و هاوکات بزانێت چۆنیش یاری دەکات. فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمان دەیتوانی شکست بە هەوڵی ڕکابەرانی بهێنێت. ئەوەش ئیشێکی هێندە قورس نەبوو. مادام یارییەکە لە پەرلەمانە، دەبێ بزانیت چۆن یاری دەکەیت.

# پەیامەکەی بارزانی

## 3

پەیامەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان زۆر توندە. توند بەو مانایەی کە زۆر بەئاشکرا هێرش دەکاتە سەر شەریکەکانی پێشووی پارتی لە حکومەتدا و تەنانەت بە قین لەدڵ و ڕەفیقی نیوەی ڕێ پێناسەیان دەکات. مەبەستی سەرەکیی دیارە کە نەوشیروان مستەفایە. سەرۆک دە ڕۆژ بەر لەوەی وادە یاساییەکەی تەواوبێت، لەو پەیامەدا بەئاشکرا ئەوە دەردەخات کە متمانەی بە شەریکەکانی نەماوە. ڕەنگبێ یەکێک لەو هۆکارانەیش کە پاڵی بە سەرۆکەوە نا ئەو وتارە لەو ڕۆژەدا بڵاوبکاتەوە ئەوە بێت کە گۆڕان دایینابوو لە ڕۆژی کۆتایی وادەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی پەرلەمان وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان بناسێنێت! لەو بەینەشدا وایاندانابوو کە هەموو نوێنەرایەتییە بیانییەکان ئاگادار بکەنەوە کە لەمەودوا سەرۆکی پەرلەمان ئەرکەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕادەپەڕێنێت! حەملەکەی نەوشیروان مستەفا شکستیهێنا. چونکە یەکێتی دەمێکە لەگەڵ پارتی لەسەر خەتە و کۆتایی ئەم بەزمە ئەوە دەبێت کە گۆڕان دەگەڕێتەوە گردەکەی خۆی و یەکێتییش (بەڵام نەک باڵی دەستڕۆیشتوو بەتەنها) دەبنەوە شەریکی پارتی. پەیامی سەرۆکی هەرێمی کوردستان زۆر ڕوون بوو: شکستی گۆڕان لە ئیدارکردنی نێوخۆی خۆی و نەبردنەسەری بەڵێنەکانی بۆ دەنگدەرانی، نابێ باجەکەی خەڵکی کوردستان بیدات.



هیوا حاجی

# فەرماندەکانی پێشمەرگە و هەنگاوێکی دروست

ڕاگەیەنراوی کۆمەڵێک لە فەرماندە باڵاکانی پێشمەرگە لە 7ی ئەم مانگە، لەلایەک ڕوداوێکی نوێیە و لەلایەکی دیکەوە، دەکرێ سەرەتایەکی زۆر باش بێت بە ئاراستەی دروستدا. ئەوەی تا ئێستا ئێمە شاهێدی بووین، ئەو ڕاستییە بووە کە لە کوێدا ناکۆکی سیاسی هەبووبێت لە نێوان لایەنەکاندا، لەوێدا فەرماندە سەربازییەکانیش بەهەمان ئاوازی سیاسییەکان، پەیامی هەڕەشەئامێزیان بڵاوکردووەتەوە. لەم ڕاگەیەنراوەدا شتێکی تەواو نوێ دەبینین، بەشێوەیەک کە ئەمجارە لەنێو پێشمەرگەدا و لە ئاستێکی زۆر باڵادا، داوا دەکرێت لایەنە سیاسییەکان دوور لە حیزبایەتی تەسک و لەچوارچێوەیەکی نیشتمانیدا بیربکەنەوە.

مەسەلەیەکی دیکەی گرنگ ئەوەیە کە دیسان ڕەنگە بۆ یەکەم جار بێت ڕاگەیەندراوێکی هاوبەش لەنێوان کۆمەڵێک فەرماندەی پێشمەرگەوە دەربچێت کە سەر بەلایەنی سیاسیی جیاواز بن. تەنانەت بەشێک لەو فەرماندانەی ڕاگەیەنراوەکەیان ئیمزاکردووە سکرتێر و ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی پارتە گەورەکانی کوردستانن. ڕەنگە پرسیار بکرێت کە ئایا ڕاگەیاندراوەکەی ئەم پۆلە فەرماندەیە، بەرهەمی پێگەیشتوویی زیاتری فەرماندەکانی پێشمەرگەیە یان دەرئەنجامی جەنگ و هەڕەشەکانیەتی کە ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بووەتەوە؟ لە ڕاستیدا ڕەنگە هەردوو هۆکارەکە کاریگەرییان هەبێت بۆ دەرچوونی بانگەوازەکە. بەشێک لەو فەرماندانە بەشداریی شەڕی نێوخۆیان کردووە و لە ئازارو زیانەکانی بە تەواوی تێدەگەن و دەشزانن لە ئایندەدا ناکۆکیی ناوخۆیی جگە لەماڵوێرانی شتێکی دیکەی لێ سەوز نابێتەوە. بەدڵنیاییشەوە هەلومەرجی جەنگی هەنوکە لەگەڵ داعش دیسان دەبێ ڕێگری بکات لە هەر دابەشبوون و لێکترازانێکی سیاسی لە هەرێمدا. هۆکارەکان هەرچییەک بن، بەهیچ شێوەیەک لە گرنگی و نوێیی ئەم ڕاگەیەنراوە کەم ناکاتەوە.

ئەم ڕاگەیەنراوە دەکرێ هەنگاوێک بێت لەسەر ڕێگای بێلایەنکردنی دامەزراوەی پێشمەرگایەتی و لەنێویشیدا فەرماندە سەربازییەکان. تەحەدای درێژخایەنی پرۆسەی سیاسی هەرێم لە ماوەی نزیک بیست و پێنج ساڵی ڕابردوودا هەمیشە ئەوە بووە کە حیزبەکان و بەتایبەتی پارتی و یەکێتی، هێزی پێشمەرگەی نارەسمیی تایبەت بە خۆیان هەبووە و ئێستاش هەیانە. لە کوێدا بە پێویستیان زانیبێ لە دژی یەکتر بەکاریان هێناوە و بێگومان ئەو مەترسیە، ئێستاش وەک هەر کاتێکی دیکە، لە ئاسۆدایە.

گرنگیی بانگەوازەکەی فەرماندەکانی پێشمەرگە بەندە بە بەردەوامبوونی ئەو نەهجە و گرتنەبەری هەنگاوی دیکەی هاوشێوە کە بەتێپەڕینی کات ببێتە سیاسەت و باوەڕێکی چەسپاوی هێزی پێشمەرگە. زۆر لە دەستپێشخەرییە گرنگەکان بایەخی خۆیان لەدەست دەدەن تەنها لەبەر ئەوەی کورتخایەنن. ئەمڕۆ شتێکی باش دەبینی و ڕەنگە جارێکی دیکە نەیبینییەوە. بۆیە زۆر گرنگە بۆ پێشمەرگە خۆی و بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستانیش کە بزانن پێشمەرگە، بۆ هەمیشە و لە هەر ململانێیەکی نێوخۆییدا، بە بێلایەنی دەمێنێتەوە. زۆر گرنگە حیزبەکان بزانن کە پێشمەرگە نابێتە کوتەکێک بەدەستیانەوە تا لەهەر ساتێک بیانەوێ و بۆ سەری هەرکەسێکی نێوخۆیی بەکاری بهێنن. ئەم باوەڕ و متمانەیە، بە بەردەوامیی هەڵوێستێکی لەو چەشنەی ئەو فەرماندانەی پێشمەرگە دێتەدی.

لە هەمووشی گرنگتر ئەو باوەڕەیە کە دەبێ دامەزراوەی پێشمەرگایەتی لە هەرێم، بە حکومی و حیزبیەکەیەوە، خۆی وردە وردە ببێتە خاوەن دەستپێشخەری لە چاکسازی و خۆیەکخستنەوەدا. مەرج نییە بۆ هەموو هەنگاوێکی چاکسازی لە بواری پێشمەرگایەتیدا، چاوەڕێی بڕیاری سیاسی حیزبەکان بن. دەکرێ پێشمەرگە خۆی پلانی یەکخستنەوەی هەبێ، پرۆگرامی ڕاهێنانیان هەبێ، سیاسەتی تایبەت بە باوەڕی سەبازی دابڕێژێ و بۆ پێشمەرگە بگوازرێتەوە. دیارە من گومانم هەیە لەوەی وەزارەتی پێشمەرگە بە تەنیا بتوانێ ئەرکی مۆدێرنکردنی هێزی پێشمەرگە بەڕێوەببات. گرفتە بونیادییەکانی هێزی پێشمەرگە لە کوردستان پێویستیان بە داڕشتنی سیاسەتێکی وردی زانستی هەیە بۆ چارەسەرکردنیان. ئەمە بە هیچ شێوەیەک پرۆسەیەکی ئاسان و کاری ساڵێک و دووانیش نییە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی نێوخۆیی و دەرەکی سیاسەتێک بەرهەم بهێنرێ کە وەزارەتی پێشمەرگە و فەرماندەکانی پێشمەرگە خۆیان داڕێژەری بن و جێبەجێشی بکەن.

ئەوەی زۆر گرنگە، ئەوەیە کە دامەزراوەی پێشمەرگایەتی خۆی ببێتە کارێکتەرێکی ئەکتیڤ لە پرۆسەی چاکسازیی پێشمەرگایەتی و لە نێویشیدا، بێلایەنکردنی پێشمەرگە لە ململانێ نێوخۆییەکاندا. نەک هەر دامەزراوەی پێشمەرگایەتی، بەڵکو تەواوی دامەزراوەکانی دیکەی زانستی و پەروەردەیی و تەندروستی، لە هەر کۆمەڵگایەکدا، ئەگەر خۆیان نەبنە خاوەن دەستپێشخەری و سیاسەتی خۆیان بێگومان ناتوانن بچنە پێشەوە.

ڕاگەیەنراوەکەی فەرماندەکانی پێشمەرگە لە ڕووی سیاسییەوە هەنگاوێکی ڕاستە و لەڕووی ئەخلاقییشەوە کارێکی پیرۆزە. دەگونجێ هەنگاوێکی لەو بابەتە وەک شتێکی گوزەرا تێپەڕێت و گرنگییەکی ئەوتۆی نەبێت، بەڵام دەشکرێ ببێتە سەرەتایەکی زۆر باش بۆ نەهجێک و باوەڕێکی نوێ لە نێو پێشمەرگەدا. ئەمە تا ڕادەیەکی زۆر دەوەستێتە سەر بەردەوامیی ئەم هەڵوێستانە و توانای دامەزراوەی پێشمەرگایەتی لە بنیاتنان و جێبەجێکردنی سیاسەتێک بۆ بنیاتنانی هێزێکی پێشمەرگەی دامەزراو بۆ هەرێمی کوردستان.



محەممەد حاجی کەریم

# ئەوانیش بێلایەن نین

ڕۆشنبیرێک، چ جیاوازییەکی لەگەڵ دیکتاتۆرێک هەیە، ئەگەر هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوە بێ هەمووان وەک ئەو بیر بکەنەوە و بە ڕەبەی ئەو بپێون؟ وێڕای ئەو زمانە نەشیاوەی میدیای کوردی دایهێنا، ئەو خاوەن قەڵەم و دەربڕینانەش زۆرن کە لە فۆڕمەوە خۆیان بە ڕوناکبیری ڕاستەقینە و سەربەخۆ وێنادەکەن، وەلێ لە نێوەڕۆکدا شتی دیکەن.

تۆ وەرە سەیری زمان و دەربڕینەکانی نێو ئەو وتارەی مەریوان وریا قانع بکە کە بەبۆنەی بڵاوبوونەوەی لیستی ناوی ئەوانەی واژۆیان بۆ درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆکی هەرێم کردووە، نووسیویەتی. لەگەڵ ئەوەی مەریوان وریا قانع باس لە نائامادەیی فیکر و زمانی سیاسیانەی بەیاننامەکە دەکات، وەلێ خودی وتارەکەی خۆیشی ئەوەندە بە زمانێکی بازاڕی نووسیوە کە سیخناخە لە ڕق و کینە و هیچ پەیوەندی بە فیکرەوە نییە. لە هەمووشی نەشیاوتر، سوکایەتی بە هەموو ئەوانە دەکات کە وەک ئەو بیرناکەنەوە.

ئینجا ئەگەر ئەوە ڕوانینی ئەکادیمیستەکانمان بێ، بۆچی ڕووی گلەییمان لە بازاڕی جنێوفرۆشیی فەیسبووک و هەندێک ماڵپەڕ بێ، کە کەمترین بەها و جوانییان بۆ ژیان نەهێشتووەتەوە و خەریکی بەرهەمهێنانی ناشیرینین.

ناکرێ هەموومان وەک یەک بیربکەینەوە و بنووسین و بدوێین. من وابیردەکەمەوە و تۆش بەجۆرێکی تر، ژیان بە ڕەنگ و دەربڕینی جیاوازەوە جوانە. ئەو ڕەوتەی جگە لە خۆی هیچی تر نابینێ، ڕەوتێکی مەترسیدارە و هیچ جیاوازییەکی نییە لە گەڵ ڕژێمێکی فاشیست و دیکتاتۆر.

دەربڕینی ڕاوبۆچوون لە بارەی ئایندەی کوردستان سەرەتاییترین مافی هەر تاکێکە، چجای ئەوانەی سەروکاریان لە نێو کایەی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەڤانیدا هەیە، پەلاماردان و جنێوپێدانیان، مانایەک نییە لە ماناکانی دیموکراسیبوون، سەت لە سەت جۆرێکە لە ئیرهابی فیکر و کوشتنی ئەوانی دیکە.

ئەگەر ڕاست دەکەن و بێلایەنن، پێویستە چۆن هەڵە و ناتەواوییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەبینن، هی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان و PKK و ئیسلامیەکانیش ببینن.

وەک ئەوەی لەو وڵاتەدا، ئەوەی هەڵە دەکا و بەرپرسە لە کەموکورتییەکان، تەنیا پارتییە و ئەوانی دیکە بێ خەوش و کێموکاسین.

مەسەلەکە بەرگریکردن نییە لە پارتی، بەڵام ڕەوتێک سەری هەڵداوە، پێیوایە ئەوەی دژی پارتی بدوێ و بنووسێ جوانە، بە پێچەوانەوە ئەوەی ستایشی بکات، یان لەو سۆنگەیەوە بۆ خوداش ڕاستییەک بڵێت، ناشیرین و قێزەونە.

وەک چۆن پارتی لەو دۆخە خراپەی هەرێمی کوردستان بەرپرسیارە، یەکێتیش بە هەمان ئەندازە بەرپرسیارە. بزووتنەوەی گۆڕان، وەک دەرهاوێشتەی منداڵدانی یەکێتی و کۆمەڵی کوردەواری، لە هەردووکیان دەچێ و نموونەیەکی جیاوازتر نییە. حیزبە ئیسلامیەکانیش جێی ئومێد نین و ناکرێ وەک ئاڵتەرناتیڤ پشتیان پێ ببەسترێ.

PKK یش، وەک لایەنێکی تری گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان بە دەر نییە لە هەڵەی گەورە. کورتبینییە، ئەگەر لە ڕوانگەی ئایدیۆلۆژی و بنەمای ڕقی سیاسی، هەڵسەنگاندن بۆ ئەدا و کاری حیزبەکان بکەین و بە ئارەزووی خۆمان بەرگی شەیتانی و فریشتەییان بەسەردا ببڕین.

ئەوەی مایەی نیگەرانییە، ئەو ڕەوتەی ئێمە مەبەستمانە، یان ئەو گوتارەی بووەتە باو، تەنیا دیوێک دەبینێ و لە ئاست دیوەکەی تر چاوی نووقاوە. بە کردەوە دەبینین ئەو ڕەوتە، بە مەبەست کار لەسەر ناشیرینکردنی بەرەیەک دەکاو کەمترین ڕێز و بەهای بۆ دانانێت.

هەڵەیەکی گەورەیە، لە ژێر کاریگەریی ڕق و کینە، سەیری هەموو شتێک بکەیت، هەڵوێست و کارێک چەندە جوانیش بێ، بەلاتەوە ناشیرین بێ، ئەوەی تریش ئەگەر دژ بە هەموو پرەنسیپەکانی مرۆڤایەتیش بێ، جوان و شیاو بێ.

مادام ئیدیعای بێلایەنی دەکەیت، دەبێ لە ئاست هەموو خراپی و تاوان و ناڕەواییەک وەدەنگ بێیت و بێ هەڵوێست و پرسیار نەبیت.

ئەو بانێکەو دوو هەوایە چ مانایەکی هەیە؟ ئەگەر مانای لایەنداری نەبێ بۆ بەرەیەک و ڕقئەستووری نەبێ بەرامبەر لایەنەکەی تر. زۆر ئاساییە ڕۆشنبیر بێت و لایەنگری گرووپێکی سیاسی بێت، بەڵام ناکرێ ئیدیعای سەربەخۆیی بکەیت، وەلێ هەموو کار و هەنگاوێکی لایەنێکت پێ ڕەش بێ و ئەوەی لایەنی بەرامبەریش سپی.

ئەگەر ڕاست دەکەن و بێلایەنن، بۆچی لە ئاست ئەو هەموو زوڵم و زۆرەی PKK لە خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستانی دەکات بێدەنگن. دیموکراسیەتی ئەو بەشەی کوردستان لە دیموکراسیەتی کۆریای باکوور دەچێ، کەچی نەک تەنیا میدیای بە ناو ئەهلی بەلایەوە ناچێ، بەڵکو دەستەبژێری ڕۆشنبیریش، لە ئاستیدا بێ هەڵوێستە.

ئەو ڕەوتە، باش دەزانێ زیندانەکانی ئەو پارچەیەی کوردستان پڕن لە چالاکڤانی سیاسی و کۆمەڵی مەدەنی. بەهۆی باج و سەرانەی سەر کاسبکار و جوتیارانەوە ئەو هێزە بووەتە بارگرانییەکی گەورە بەسەر خەڵکەوە. بێ دادی و نەبوونی خزمەتگوزاری سەرەتایی ژیانی ئیفلیج کردووە. ئەوەی ڕژێمی ئەسەد لە ماوەی چل ساڵدا بۆ بە عەرەبکردنی ئەو بەشەی کوردستان پێی نەکرا، بە ئاسانی لە ماوەی پێنج ساڵی فەرمانڕەوایی پەیەدەدا بەدیهات.

ئەرێ بەڕاست هەموو ئەو ڕووداوانەی لەو بەشەی کوردستان دەگوزەرێن شیاوی هەڵوەستە لەسەرکردن، یان هیچ نەبێ بڵاوکردنەوە نین؟

میدیای بێلایەن، ئەوەیە هاوسەنگی بپارێزێ، نەک لە پشت ئیدیعای پیشەگەری، ئەجێندای سیاسی بشارێتەوە و تەنیا لە بەرژەوەندیی یەک ڕەوت و بەرە کار بکات. ئاخر ئەگەر ڕێکلامکردن بۆ گوتە ژەهراوییەکانی کەسانێکی قین لە دڵی وەک مایکل ڕۆبن و عیرفانی قانعی فەرد، سیاسەتکردن نەبێ، چ ناوێکی دیکە هەڵدەگرێ.

کاراکتەرەکانی نێو ئەو ڕەوتە، بە ڕۆشنبیر و نووسەر و ڕۆژنامەڤانەکانیەوە، مەحاڵە بتوانن خۆیان بگۆڕن، چونکە مێشک و بیروهۆشیان بارگاویە بە ڕق و کینەی سیاسی.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕوداو نین.



ئاکۆ محەممەد
ako@rudaw.net

# واقیع و خەیاڵ

لە چەند ساڵی رابردوودا ئەوە نەکرا کە هەرێمی کوردستان بە پێشمەرگە، ئاسایش، بانکی هەرێم و دامەزراوەکانی دیکەی بەشێوەیەکی راستەقینە یەکبخرێتەوە، ئەوەش رێگر بووە لە زۆر کار، ئێستاش رێگرە لە بوونی سەرۆکێکی سەرتاسەریی قسەڕیشتوو لە هەموو هەرێمی کوردستان. بەڵام ئەو نەسازانەی ئێستا هەڕەشەیەکی جیدییە لە خراپتربوونی دۆخی دوو ئیدارەییەکە، رەنگە کەس حەزی لێنەکات یان کەم کەسیش بیەوێت باسیبکات، بەڵام ئەنجامێکی سروشتیی ئەو نەسازانە بەوشێوە بەربڵاوییەی ئێستا، بەداخەوە سەر دەکێشێتەوە سەر دوو ئیدارەییەکی دیکەی زەقتر.

چەند ساڵی رابردووی پێکەوەبوونی هەرێمی کوردستان بەکردەوە زیاتر وەک پێکەوەبوونێکی فیدرالیی بووە، لەوەی لە یەک هەرێمی یەکگرتوو بچێت. دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە سلێمانی زیاتر شتێکی سیمبوولی بووە، هەروەهاش دەسەڵاتی سەرۆکی حکومەت. ئەگەر سەرۆکی هەرێمی کوردستان یاخود سەرۆکی کابینەکانی حکومەت، خاوەن کەسایەتییەکی کاریزمایی نەبوونایە، بەپێی واقیعی یەکنەبووی بوارە جیاجیاکان، ئەو دەسەڵاتە رەمزییەی ئێستاشیان نەدەبوو.

بەڵام هەولێر ببووە نیشانەی ئەو یەک ئیدارەییە، واتە ناونیشانی یەکبوونەکە پایتەختی هەرێمی کوردستان بووە، ئەوانەی لە سلێمانی دەستڕۆیشتووی حکومەت بوونە یان لە هەولێر و دهۆک، هەموویان پێکەوە ئەدرێسە فەرمییەکەیان هەولێر بووە.

گەلی کوردستان بە حوکمی دۆزە نەتەوەیی و نیشتمانییەکەی، کە خاوەنی گەورەترین دۆزی نەتەوەیی و نیشتمانییە، میللەتێکی خاوەن وشیاری سیاسییە، بۆیەش زۆرباش لە هەموو هەنگاوە سیاسی و یاساییەکان تێدەگات. کەس نییە رێز لە خواستە یاساییەکان نەگرێت، بەڵام هەموو یاساکانیش لە فەلسەفە و فکرەوە هەڵدەقوڵێن، بۆیەش هەموو یاساکان لە فکر و سیاسەتەوە دێن. لەبەرئەوەی دابەشبوونی سیاسی کوردستان، بووەتە دابەشبوونێکی جوگرافی، لەبەرئەوە دەبێ زۆر بە وشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ هەموو ئەو هەنگاوانەدا بکرێت کە پەرتبوونی ئەو وڵاتەیان لێدەکەوێتەوە. لەبەرئەوەشە کە خەڵک پێیوایە کە یاری پەرلەمانیش دەبێ سەرنەکێشێت بۆ ئەو لەتبوونە، هەر لەبەرئەوەش بوو خەڵک ئەو دەستەواژەیەی پێخۆشبوو کە دەیگوت دەبێ ئەو یاسایانەی رەهەندی نیشتمانیان هەیە، سازانیان لەسەر بکرێت. هەر لەبەرئەوەشە ئێستا دراوسێ و وڵاتانی خاوەن پەیوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان کە بۆ خێری کورد قسە دەکەن، دەڵێن دەبێ پێکبێن و دەزانن کارەکە هەمووی لە یاریی پەرلەمانیدا کورتنابێتەوە.

ئەو پێگیرکردنەی لایەنەکان لە شوێنی خۆیان لە هەرێمی کوردستان لەسەر پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و هەر پرسێکی دیکەی هەستیاری لەوشێوەیە، مەترسییەکەی بەشێوەیەکە هەموو لایەنەکان بەتەواوی هەستی پێدەکەن، ئەگەر واشنەبووایە ئەو پێنج لایەنەی کە زۆرترین و توندترین ململانێی یەکتریان کرد، بەلایانەوە زۆر پێویست نەدەبوو لە یەک حکومەتدا کۆببنەوە.

## پێکەوەبوونی هەرێمی کوردستان بەکردەوە زیاتر وەک پێکەوەبوونێکی فیدرالیی بووە، لەوەی لە یەک هەرێمی یەکگرتوو بچێت

خەتاکە زیاتر لە ئەستۆی پارتە زۆر دەسەڵاتدارەکان بێت یان لە ئەستۆی هەمووان بێت، بەڵام واقیعەکە ئەوەیە هێزی پێشمەرگە، ئاسایش، دارایی لە کوردستان یەکنەخراوەتەوە بەشێوەیەکی راستەقینە. ئەگەر بەبێ هەڵچوون ئەو واقیعە بخوێنینەوە ئەوەیە، سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەبێ لە هەولێر پشتگیری لێکراوبێت، چونکە دەبێ لە هەولێر بێت چونکە پایتەختی هەرێمی کوردستانە، بەڵام پێشمەرگە و ئاسایش و دارایی هەولێریش لە ناوچەی دەسەڵاتی پارتی و زیاتر بەدەست پارتییەوەیە، کەواتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتێک ئەگەر بیەوێت لە هەولێربێت و پارتی نەبێت لەو دۆخەی ئێستادا سەرکەوتوو نابێت. ئەوە بۆ پاساو هێنانەوە نییە، بەڵکو واقیعەکەیە. ئەگەر باسی نموونەیەکی لەوە بچووکتر بکەین، دەتوانین باسی پۆستی پارێزگاری سلێمانی بکەین. پارێزگاری سلێمانی ئەگەر دوای ساڵێکی دیکە بدرێتە گۆڕان و بەڕێوەبەری ئاسایش و پۆلیس و بانک و دەزگا و فەرمانگەکانی سلێمانی لە دەست یەکێتیدا بمێننەوە، هەرچەندە ناوچەی نفوزی گۆڕانیشە، بەڵام حوکمکردنەکەی زۆر سەخت دەبێت.

چەند ساڵە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان هەیە، واتە کێشەی نەبوونی یاسا نییە، گۆڕینەکەی ئەگەر ئەمڕۆ بووبێتە کێشە، لە کەشێکی ئارامدا شتێکی ئاسایی دەبێت، ئەگەر لایەنەکانیش نەیانتوانی ئەوا خەڵک دەتوانێ لە راپرسییەکدا زۆر بە ئاسانی یەکلایی بکاتەوە. بۆیەش ئەوەی ئێستا دەبێ کاری بۆ بکرێت رێککەوتنە لەسەر یەکخستنەوەیەکی راستەقینە، نەک درێژەدان بەوبارەی ئێستا کە لەوانەیە ئەو یەکگرتووییە ناتەواوەی ئێستاش تێکبداتەوە.



سوهەیر ئەلقەیسی

# شۆڕشی گێزەر

باش دەیان ساڵ بۆ یەکەمجار بەهەزاران گەنجی عێراق دەڕژێنە سەرشەقام، تاوەکو بەشێوەیەکی شارستانییانە و کەشخە دەنگیان بگەیەنن. بە دلێرییەکی بێوێنەش یازدە پارێزگای عێراق راپەڕینێک دەکەن لەدژی ئەدای خراپی حکومەت و نوشوستیی دەسەڵاتداران و پارتەکان لە بەغدای شاری شارستانییەت. هوتافە نیشتمانییەکانیان وانە و پەندی بۆ هەموو ئەوانە تێدایە کە پەیوەندییانکردووە یان هێشتاش پەیوەندی دەکەن بەو لیستە تائیفییانەی ناونیشانی نیشتمانییان لەخۆیاننناوە.

گەلی عێراق بە دەرکەوتنی بۆ سەرشەقام، بەو گەرمایە تاقەتپرووکێنەی مرۆڤ بەرگەی ناگرێت، زللەیەکی بەهێزی لە تائیفەگەراکان دا. ئەوان دەستیان خستە ناو دەستی یەکدی بۆئەوەی قسەی خۆیان بکەن. من دڵخۆش و سەربەرزم بە ئازایەتییان. چیرۆکەکە هەر ئەوەندە نییە، بەڵکو ئەوەش تێیدا سەرنجڕاکێشە کە زۆر لە سیاسەتڤانەکان بە بزەوە گوتیان پشتیوانی لە خۆپیشاندانەکان دەکەن. وەک عێراقییەکان دەڵێن: های شنوو (واتە: ئەمە چییە)؟ دەڵێی گاڵتە بە عەقڵمان دەکەن. مەسەلەی گاڵتەپێکردنیش هەر بەوەندە ناوەستێت، بەڵکو دەگاتە ئەوەی کە هەندێکیان بێنە سەرشەقام و بەشداریش لە خۆپیشاندانەکاندا بکەن! کاکی سیاسەتڤان، ئایا خۆپیشاندان دەکەیت لەدژی خۆت؟ من دەزانم لە سەردەمی ئێمەدا سیاسەت هونەری دژیەکییەکانە، بەڵام هونەری پێکەنین و رابواردن نییە! هەندێک کەسی دیکەش ویستیان داواکاریی خۆپیشاندەران ببەستنەوە بە لایەنێکی سیاسییەوە، ئەویش بەوەی کە گوتیان خۆپیشاندانەکان تەنیا لەدژی وەزارەتەکانی تایبەت بە خزمەتگوزارین. هەندێکی دیکەش شتێک پارە و پوولیان دایە هەندێک پێگەی پیسی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆئەوەی وا بڵاویبکەنەوە کە خۆپیشاندانەکان تەنیا لەدژی لێدوانە بەنێوبانگ و سەیر و سەمەرەکانی فەهداوی-ی وەزیری کارەبایە کە باسی گێزەری کرد. هەڵبەت ئەوەی روویدا "شۆڕشی گێزەر" نەبوو. بەڵکو خۆپیشاندان بوو لەدژی نەبوونی تەناهی و ئاشتی، شۆڕشێک بوو لەدژی زوڵم و گەندەڵی و برسێتیی و گەرما و ئاوی پیس و نەبوونی مۆڵ و نەبوونی قوتابخانەی خاوێن. شۆڕشێک بوو لەدژی دزینی نەوتی بەسرە. شۆڕشێک بوو لەدژی لێدوانی قوتابییانی قوتابخانەکان. شۆڕشێک بوو لەدژی دامەزراندنی وەهمی. دژی کەناڵە ئاسمانییەکان. دژی واسیتە حیزبییە سووک و چرووکەکان. هەروەها شۆڕش بوو لەدژی ئەو پرۆژانەی رادەگەیەندرێن و بە ملیار دۆلاریان بۆ تەرخاندەکرێت و هیچیان لێ دەرناچێت.


## گاڵتە بە خەڵکی بەسرە مەکەن کە لەسەر لافیتەکانیان نووسیویانە: "حەمووراببی باپیرم موسڵمان نەبوو، بەڵام لە دانانی یاساکاندا دادپەروەر بوو"

لەخەو هەڵسن سیاسییەکان. ئێوە ناتوانن سواری شەپۆلی تووڕەیی خۆپیشاندەران بن. ئەوەی هەیە خۆپیشاندانی راستەقینەن و گاڵتەیان پێمەکەن. چونکە ئەگەر داواکارییەکان نەیەنەدی، چیدیکە خەڵک ناچنە گۆڕەپانی تەحریر، بەڵکو روو لە زۆنی سەوز دەکەن. ئەوکات خۆشاردنەوە لەژێر عەبای ئایینیش دادتان نادات.

## لەخەو هەڵسن سیاسییەکان. ئێوە ناتوانن سواری شەپۆلی تووڕەیی خۆپیشاندەران بن

ئیدی تەواو، گەلی عێراق ئەمڕۆ دەتوانێت ریزەکانی یەکبخات بۆئەوەی بە هەموو پێکهاتەکانییەوە رووبەڕووتان ببێتەوە و بەهێزەوە بەرامبەرتان رابوەستێت. گاڵتە بە خەڵکی بەسرە مەکەن کە لەسەر لافیتەکانیان نووسیویانە: "حەمووراببی باپیرم موسڵمان نەبوو، بەڵام لە دانانی یاساکاندا دادپەروەر بوو". گاڵتە بەو پیاوەش مەکەن کە بە دیشداشەیەکی سادەوە دێتە سەرشەقام و لافیتەکەی دەستی لێی نووسراوە: "فەرمانڕەوایەکی کافری دادپەروەر باشترە لە فەرمانڕەوایەکی موسڵمانی گەندەڵ".

ئەوان تێگەیشتوون کە ئێوە توانای بەڕێوەبردنی دەوڵەتتان نییە. بۆیە لەئێستاوە وەخۆتان بێنەوە باشترە لەوەی کە ئاپۆرای خەڵک بگاتە بەردەم ماڵەکانتان. چونکە ئەوکات میزبەخۆداکردنیش دادتان نادات. بەڵێ، ئەمە یەکەمجارە لە وتارێکمدا دەستەواژەیەک بەکاردەهێنم کە ئێوە پێتانوایە بێشەرمانەیە، بەڵام لێرە بوێرییەکەم لە شاعیری عێراقی (موزەففەر ئەلنواب) بەقەرز وەردەگرم، کە دەڵێت: "لە خەمباری و تووڕەیی و وشە رەقەکانم بمبوورن، هەندێکتان دەڵێن قسەکانم بێشەرمانەن، کێشە نییە.. هەڵوێستێکی لەوە بێئەدەبانەترم پیشانبدەن کە ئێستا ئێمە تێیداین".



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# کەشتییەکەی هەردوو کاک

بەپێچەوانەی هەموو ئەوانەوە کە بەهۆی ئەو قەیرانە سیاسییەی لە کوردستان دروستبووە رەشبینن، من گەشبینم. گەشبینییەکەشم لە سادەییم نییە، بەڵکو لەبەرئەوەیە کە دەزانم کوردستان توانای تێپەڕاندنی ئەو قەیرانەشی هەیە، وەکچۆن قەیرانە گەورەترەکانی دیکەی تێپەڕاند. ئەوەی کە دوو سەرەکیترین سەرکردەکانی باشووری کوردستان متمانەیان بەیەکدی نەماوە ئاساییە. چونکە زۆرجار ئەوە روویداوە و متمانە دروستبووەتەوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە هەوڵی هەمووان بەو ئاراستەیەدا بێت کە پێکەوە نەیگەیەننە مریشکەڕەشە.

کاک مەسعوود و کاک نەوشیروان دوو رەمزی گرنگی قۆناخی خەباتی رزگاریی نیشتمانین. ئەو قۆناخەی هێشتاش بەردەوامیی هەیە، رۆژێک مەیدانی تەختە و رۆژێکی دیکە پڕ هەوراز و نشێوە. ئەو دوو پیاوە لە شەستەکانی سەدەی رابردووەوە سەر بە دوو قوتابخانە و تێگەیشتنی جیاواز لە شێوازی گەیشتنە رزگاریی نیشتمانی بوون، بەڵام هەردووکیان، هەرچەندە پێناسەی جیاوازیشیان بۆی هەبووبێت، بڕوایان بەوە هەبووە کە وێستگەی کۆتاییان یەکە.

باشترە ئاوڕ لە رابردووی دوور نەدەینەوە و باسی ئەوە نەکەین کە ئەو جیاوازیی بیرکردنەوە و قوتابخانەیە چ ماڵوێرانییەکی بۆ کورد لە باشووری کوردستان هێنا. چاکترە باسی ئەو قۆناخانە بکەین کە بەهۆی یەکدەنگی و لێکتێگەیشتنی هەردوولا چۆن بەرەی کوردستانی دروست بوو و بۆ راپەڕینەکەی ساڵی 1991 کورد یەکدەست و یەک بڕیار بوون. هەروەها با باسی ئەو قۆناخە بکەین کە لەدوای 2003وە بەهۆی نزیکبوونەوەی ئەو دوو بیرکردنەوە و قوتابخانەیەوە کورد چۆن مافەکانی خۆی، ئەگەر بەشێوەی سیمبۆلیکیش بێت، لە دەستوور و سیستمی سیاسیی دەوڵەتی عێراقدا چەسپاند. بەدواشیدا با ئەوە وەبیر هەمووان بهێنینەوە کە لە شەڕی دژی داعشدا، یەکدەنگی و یەکهەڵوێستیی هەمان ئەو کەسانە بوو کە وایکرد بە ساڵێک نێوبانگ و توانای سیاسی و سەربازیی کوردستان بازی گەورە بدات.

شەڕی داعش و پێشتریش شەڕی بەغدا، بەسەریشیەوە گەندەڵی، تەحەمولکردنیان بۆ خەڵکی کوردستان سەخت بوون، بەڵام هەمیشە ئەوەی ورەی دەدایە هەمووان ئەوەبوو کە هەموومان پێکەوە لە یەک کەشتیداین و ئەگەر گەیشتینە کەناراو پێکەوەین و ئەگەر خنکاشین پێکەوە دەخنکێین. لەدوای 23ی حوزەیرانەوە ئەو ورەبەرزی و هەستکردن بە یەکچارەنووسییە، جێگەی بەتاڵکردووە بۆ نائومێدییەکی قووڵ. ئەو خەڵکەی دڕندەیی داعش و گوشارەکانی بەغدا چۆکی پێدانەدا، ناکۆکیی سیاسیی نێوان سەرکردەکان ورەی رووخاند. ئەو گەنجانەی لەمڕۆژانەدا بەرەو ئەورووپا هەڵدێن، هەموویان یەک شت دووبارەدەکەنەوە: "بۆ ئەورووپا ناچین، بەڵکو لە کوردستان هەڵدێین"! ئەو گەنجانە بە هەق نازانم، بەڵام لێیان تێدەگەم ئەگەر بڕوایان بەوە نەمابێت کە حیزبەکانی کوردستان دەتوانن بگۆڕێن.

کەواتە بۆچی گەشبینم؟ لەبەرئەوەی خراپترین رەوش دەهێنمە پێشچاوی خۆم. دەزانم هەرچەندە هەڕەشەش بکەن، حیزبەکانی کوردستان بەتەمای براکوژییەکی نوێ نین. چونکە باش دەزانن کە نە دەتوانن بیکەن و نە قازانجیشی تێدادەکەن. ئەگەر هات و تاوەکو 20/8/2015 ئەوەی ناوی لێنراوە "سازان" نەکرا، ئەوکات بژارەی دیکە دێنەپێشەوە، کە هەموویان سیاسین. جا ئەگەر پێمانوابێت ئەوکات دووئیدارەیی لە کوردستان دروستدەبێتەوە، هەڵەین. چونکە دووئیدارەیی خۆی هەیە و هەندێک هەنگاو نراون بۆ یەکخستنەوەی ئیدارەکان. بە نەسازان ئەو هەوڵانە خاوتر دەبنەوە و کاتی زۆرترمان پێویست دەبێت بۆئەوەی دیسان بگەڕێینەوە ئەو خاڵەی ئێستا تێیداین. تاوەکو دەگەینەوە ئێرەش وزە و هێزی مرۆیی زۆرمان لەدەستدەچێت و رەنگە ئەو هەلەی ئێستا لەپێشمانە تاوەکو ئەوکات وەک هەلەکانی مێژووییەکانی دیکەمان بە هەڵە لەدەست بچن.

بۆیە رێگەی راست ئەوەیە کە ئەگەر تەنانەت بەبێ گۆڕانیش قەیرانی سیاسیی هەرێمی کوردستان چارەسەرکرا، کەس هانی ئەوە نەدات رەمزەکانی خەباتی رزگاریی نیشتمانیمان پێکەوە بیگەیەننە مریشکەڕەشە. چونکە مادام هەموومان لە یەک کەشتیداین، دەبێ کاپتنی کەشتییەکەمان یاریدەدەری شارەزا و بەئەزموونی وای لەگەڵ بمێننەوە کە چانسی نقوومبوونی لە هەر کاتێک کەمتر بکاتەوە.



بێستوون عوسمان
bestoon.othman@rudaw.net

# سازانتان باشترە لە سازاندنتان

لەوەتەی مەسەلەی مشتومڕی سەرۆکایەتی و درێژکردنەوەی ویلایەتی مەسعوود بارزانی دەستیپێکردووە، دەیان لێدوان و راگەیەندراو بڵاوکراونەتەوە و دەیان کەس قسەی خۆیان لەوبارەیەوە کردووە، بەڵام ئەو بانگەوازەی 42 فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان واژۆیان لەسەرکرد، لە هەموویان پڕماناترە و پێویستە گرنگی و بایەخی بزانرێت.

پێش هەموو شتێک کۆبوونەوەی 42 فەرماندەی پێشمەرگە لە هەموو ئینتیما و رەنگە جیاوازەکان لەسەر یەک بۆچوون و واژۆکردنی تێکستێک هەنگاوێکی ئومێدبەخشە. بریا پێشمەرگە بیانتوانیبا لەسەر بابەتە پەیوەندیدارەکان بە خۆی و بنیادنانی سوپایەکی یەکگرتووی کوردستانیش هەمان یەکڕیزییان پیشان دابووایە. بەڵام پێمواية ئەو هەڵوێستەیان ئاماژەیەکی سەرەتاییە بۆ دەرچوونی پێشمەرگە لەژێر دەسەڵاتی حیزب و بوونی بە ئۆرگانێکی نیشتیمانیی بێلایەن. هاوکات پەیامێکی جددیشە بۆ سەرجەم سەرکردە سیاسییەکان، لەپێش هەموویانەوە سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

راستییەکە ئەوەیە کە تارمایی هەڕەشەی تیرۆری داعش، ململانێی نێوخۆیی، دەستتێوەردانی بەغدا و تاران و ئەنقەرە، بێمووچەیی و نەبوونی خزمەتگوزاری بوونەتە مۆتەکەگەل بۆ خەڵکی کوردستان. لە نێوەندی ئەو قەیرانانەدا کێشەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان خەریکە هەموو برینەکان هێندەی دیکە قووڵدەکاتەوە و جارێکی دیکە کوردستان دەخاتە بەردەم مەترسیی لێکترازان.

وایلێهاتووە کەس شەرم لەوە ناکات جارێکی دیکە باس لە کەرتبوون و دوو ئیدارەیی بکات. ئێوە هەرچییەکی ناودەنێن، ناوی بنێن. بە بۆچوونی من گەڕانەوە بۆ دوو ئیدارەیی خیانەتێکی گەورەیە لە ئەزموونی حوکمڕانیی کوردی و مێژووی نەتەوەی کورد. هەر کەسیش ببێت بە هۆکاری ئەو کەرتبوونە، رووڕەشی بەردەم گەل و مێژوو دەبێت.

پارچەیەک خاکمان هەیە کە دەیانجار لەلایەن داگیرکەرانمانەوە کەرت و پەرت کراوە! ئێستاش بەدەستی خۆمان جارێکی دیکە دابەشی بکەینەوە گەورەترین شەرمەزاری دەبێت.

نابێ گۆڕان و یەکێتی ئەزموونی سیاسیی باشووری کوردستان بکەنە قوربانی ململانێیەک بۆ داگرتنی مەسعود بارزانی لەسەر کورسیی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان. بەهەمانشێوە نابێ پارتی دیموکراتی کوردستان یەکپارچەیی خاکی کوردستان و ئەزموونی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان بکاتە قوربانیی مانەوەی مەسعوود بارزانی لەسەر کورسییەکەی.

ئەوەی فەرماندەکانی پێشمەرگەش داوایانکردووە هەر ئەمەیە. دەبێ گوێ بۆ ئەو بانگەوازەی پێشمەرگە بگیرێت. دەبێ هەمووولا ئەوە بزانن کە کوردستان پێویستی بە نەخشەیەکی سیاسیی یەکگرتووی بەهێز هەیە بۆئەوەی بتوانێت لە بەرەکانی جەنگدا رووبەڕووی تیرۆر ببێتەوە.

هەموو لایەنەکان پێویستە زۆر باش ئەوە بزانن کە ئەم مەسەلەیە بەشێوەیەک لە شێوەکان هەر یەکلایی دەبێتەوە. ئەگەر خۆتان نەتوانن بگەنە ئەنجام، یان ئەمریکا یان تورکیا یان ئێران دەبێتە نەخشەسازی ئەو رێککەوتن و یەکلاییبوونەوەیە. بۆیە بارەکە مەگەیەننە ئاستێک کە خۆتان بڵێن دەیکەینە دوو ئیدارە و کەسانی بیانی بێن رێکتانخەن. خۆتان بسازێن باشترە لەوەی وڵاتان بتانسازێنن.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



## هەڕەشە لە عەممار کۆڤی دەکرێ

«10

**خاوەنی ئیمتیاز :** تۆڕی میدیایی رووداو
**سەرنووسەر :** سەلام سەعدی salam@rudaw.net
**جێگری سەرنووسەر :** سالّح قادر rodan@rudaw.net
**بەڕێوەبەرانی نووسین:** نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
**بەڕێوەبەری هونەری:** حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
**ئەندامی شانازی ستاف :** عەبدوڵڵا قرگەیی
**دیزاینەران :** بەختیار مستەفا ، هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی
Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net





